# بەڵگەنامەکانی چوارەمین کۆنگرەی

# حزبی شیوعی کوردستان ـ عێراق

کاری هونەریو نەخشەسازی بەرگ: هێرش مەغدید

# راگەیاندنی کۆتایی کارەکانی

# چوارەمین کۆنگرەی حزبی شیوعی کوردستان - عێراق

لە ژێر درووشمی ( لە پێناو بە هێزترکردنی ریزەکانی حزبو، پێگەی جەماوەری، بۆ بنیاتنانی دیموکراسی فیدراڵیو داکوکیکردن لە دەسکەوتو بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان تێدەکۆشین).

ئەندامانی چوارەمین کۆنگرەی حزبی شیوعی کوردستان، رۆژانی ( 12 – 13 – 14 )ی ئاداری 2008، لە شارۆچکەی شەقلاوەدا، کۆبوونەوەو، کاروباری چوارەمین کۆنگرەی حزبیان ئەنجامدا.

کۆنگرە بە دەقیقەیەك بێ دەنگی وەستان بۆ گیانی شەهیدانی حزبو گەلو سەرجەم بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانو بزووتنەوەی نیشمانی دیموکراتی عێراقو، دوای وەرگرتنی متمانە، دەستی بەکارەکانی کرد.

هاوڕێ کەمال شاکر سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزب، وتاری دەستپێکردنی کۆنگرەی پێشکەش کرد، پاشان هاوڕێ حەمید مەجید موسا سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقو، هاوڕێیان عەزیز محەمەد ، کەریم ئەحمەد، هەریەك وتاریان پێشکەش کرد.

لە دانیشتنی یەکەمدا، تێکرای ئەو بروسکەو سلاّونامانە، کە ئاراستەی کۆنگرە کرابوون خوێنرانەوە، پاشان نوێنەرانی کۆنگرە بەسەر چوار وەرشەدا دابەش بوون:- (وەرشەی راپۆرتی سیاسی، بەرنامە، پەیڕەوی ناوخۆ، دەرئەنجامی کارو چالاکییەکانی حزب.

دوای بەشدارییەکی چالاکانەی ئەندامانی حزب، بەگیانی بەرپرسیاری بەرامبەر دوارۆژی حزبو پتەوکردنی یەکێتی ریزەکانیو پەرەپێدانی چالاکییەکانی لەنێو جەماوەر لە گفتوگۆکاندا، راپۆرتی تێکڕای وەرشەکان لە دانیشتنی گشتیدا، خرانە بەر باسو لێکۆڵینەوە، پاشان دەنگیان لەسەردراو، چەندین بڕیارو راسپاردە بۆ کاری داهاتوو وەرگیران.

لە دووا کارەکانیدا، کۆنگرە لە بارودۆخێکی ئاشکراو شەفافدا، لە هەڵبژاردنێکی دیمواکراسیو بەدەنگی نهێنی، کۆمیتەی ناوەندیو کۆمیتەی چاودێری ناوەندی هەڵبژارد.

کۆمیتەی ناوەندی لە یەکەمین کۆبوونەوەیدا بەکۆی دەنگ هاوڕێ (کەمال شاکر)ی بە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد، پاشانیش مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا.

شەقلاّوە

2008/3/15

# وتاری هاوڕێ کەمال شاکر
# لە کۆنگرەی چوارەمی حزبی شیوعی کوردستان ـ عێراق

هاوڕێیانی تێکۆشەر

وا ئەمڕۆ لە سایەی چەتری گەورەی حزب، کە چوارەمین کۆنگرەیەتی، کۆدەبینەوە، بۆ گفتوگۆکردنو، دارشتنی سیاسەتو، پێداچونەوە بە بەرنامەو، پەیڕەوی ناوخۆو، هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانمان لە تێکرای رێکخراوو، بواری کاری حزبیدا. بنەمای سەرکیمان لە ئەنجامدانی ئەم ئەرکە تێکۆشەرانەیە، گفتوگۆی عەقلانی دیموکراسیانەو، لەیەکتر حاڵیبوونو، میتۆدی نوێخوازیو، خەمخۆری پێشکەوتنی حزبو بەهێزکردنی رێکخراوەکانیو بتەوکردنی پێگەیی جەماوەرییەتی. دوور لەم میتۆدو رێبازەش ناکرێ ئەو ئەرکە سیاسییە گرنگانەی کە ئەمڕۆ رووبەرووی شیوعییەکان دەبێتەوە، ئەنجام بدرێت.

لە سالانی دوای گرێدانی سێیەمین کۆنگرەی حزبمانەوە لە 2004دا، هەرێمی کوردستانو، سەرانسەری عێراقو، هەروەها جیهانو،ناوچەکەمان پەرەسەندنی گەورەی بەخۆوە بینی. ئەو پەرەسەندنانەش پێوەرو، بناغەی دەستنیشانکردنی ئەرکەکانمانە کە دوور لە ئارەزوی سیاسی، واقیعی زیندوو بناغەی سەرەکی، ئەو دەستنیشانکردنەیە.

یەکێك لەو ئەرکە هەرە گرنگانەی کە پێویستە جەختی لەسەر بکەینەوە، ئەو ململانییە سەرکییەیە کە ئێستا لەسەر مەسەلەی دارشتنەوەی دوارۆژی عێراق وەك دەوڵەتو، شێوازی سیستمی سیاسی تێیدا، لە ئارادایە. ئەم ململانێیە راستەوخۆ وابەستە بە دابینکردنی مافە رەواکانی گەلی کوردستانەوە کە لە دوای راپەرینەوە شێوازی فدرالی هەڵبژاردوە بۆ پەیوەندی هەرێمی کوردستان بە ناوەندی عێراقێکی دیموکراسیەوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە ئەرکی بنیاتنانی دەوڵەتی دیموکراتی مەدەنی فدراڵ، کە مافە رەواکانی گەلی کوردستان دابین بکات، ئەرکێك نییە لە بوارێکی زەمەنی زۆر کورتداو، دەسبەجێ دوای روخاندنی دیکتاتوری بە شێوەیەکی میکانیکی، بێتە دی، بەڵکو ئەرکێکی تێکۆشەرانەی ئەوتۆیە کە دەبێت تیایدا کۆمەڵێك فاکتەر بەهەند وەربگرین، لەوانەش چوارچێوەی تەرزاوی هێزەکانو، ململانێو ناکۆکی پرۆژەکانو، کەڵەکەبونی ئەزمونەکانو، ئاڵۆزبونو تێکەڵبوونی کارتێکردنی هۆکاری ناوخۆیی بەپەلەی یەکەمو، هۆکاری دەرەکیو، قورسایی خودی پرۆسەکە، کە مۆرکی بنیاتنانەوە بە خۆوە دەگرێت، جگە لە توانای هێزە کوردستانییەکانو رەوتی دیموکراتی لە سەرانسەری عێراقدا لە بەرێوبردنی ململانییەکانو، سازدانی توانای جەماوەری گەلەکەمان لەم ململانێیەدا.

لەماوەی سالانی دوای روخاندنی دیکتاتۆری کۆمەڵێك رێکەوتنو پەیماننامە نێوان هێزە سیاسییەکانی عێراقدا، ئەنجام دراوەو، هەرێمی کوردستانو سەرکردایەتییە سیاسییەکەی لایەنێکی هاوبەشکاری گرنگبوون لە هاوسەنگیی ئەم رێکەوتننامانە، کە لەهەموویان گرنگتر ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری عێراقی فدراڵ ـ کە حزبمان بەشداربوو لە دارشتنیدا ـ و، پاشانیش بریاردانی ئەو پرۆژەیە لە ریفراندۆمێکی گشتیدا.

دەستووری هەمیشەیی عێراقی فدراڵ سەرەرای تێبینیمان لەسەر خاڵە لاوازەکانی، بنەمایەکە بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوی دەوڵەت لەسەر بنەمای دیموکراتی فدرالی، کە بەشداری سیاسی لە ناوەندی بریارو، دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، دەگەیەنێتو، تارادەیەکی بەرچاو مافەکانی گەلی کوردستان، دابین دەکات.

هەڵبەتە هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، قورساییو دژواریو، ئاڵۆزی ئەم ئەرکەمان لەبەر چاو بووە. بەشێك لەو ئالۆزیانە دەگەرێتەوە بۆ قورسایی ئەركو فرەبوونی کۆسپو تەگەرەکان لەو وڵاتانەی کە تیایاندا لە دیکتاتۆرییە رەهاوە گۆرانکاری بەرەو بنیاتنانی دەوڵەتی دیموکراتی مەدەنی دەکرێت. ئەم ئەرکانە، لەهەلومەرجی ئێمەدا دژوارترە، بە هۆی شێوازی روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری ـ کە دوور لە ئارەزوی ئێمە لە هەڵبژاردنی شێوازی روخاندنی ـ لە رێگای شەرەوە روخێنرا، بێ ئەوەی کۆکبوون لەسەر جێگرێکی دیموکراتی نێوان لایەنە سسیاسییەکان هەبێت. ئەمە جگە لە دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە سنووریان لەگەڵ عێراقدا هەیەو، چالاکی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی توندڕەو، لەسەروی هەموویانە کردەوە تیروریستیەکانی قاعدەو، چالاکی تیرۆریستانەی پاشماوی رژێمی دیکتاتۆری رووخاو، کە تێکرای ئەم خاڵانەش زیاتر زەمینەیان بۆ قولکردنەوەی ململانێی تایفەگەریو ئاینزایی سازکرد، بەڵام یەکێك لە فاکتەرە هەرەگرنگەکان، کارتێکردنی ئاسەوارەکانی سیاسەتی رژێمی دیکتاتۆریو، ئەو شێواندنە سەرانسەرییە، کە نەك تەنها قەیرانی لە دەوڵەتو سیستمی سیاسیدا درووستکردبوو، بەڵکۆ لە ئاستی کۆمەڵگەدا قەیرانی بەرهەمهێنابوو.

پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، لە سایەی ئەم تابلۆیەی خستومانەتە روو، کە لە راپۆرتی سیاسی کۆنگرەدا، بە تێروتەسەل تر ئاماژەمان پێکردوە، بەرێوە دەچێت. هەر بۆیە سەرەرای تێپەربوونی پێنج ساڵ لەسەر روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری، تا ئێستا دۆسیێی هەڵپسێراو لە ئاستی سەرانسەری عێراقدا، بەتایبەتی ئەوانەی وابەستن بە پەیوەندەی هەرێمی کوردستان بە ناوەندەوەو، بەرجەستەبوونی پەیوەندی فدرالی

لەو پەیوەندییە، لە ئارادایە. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە دوارۆژێکی تاریکو، نەزانراەو لە بەردەم ئەزمونی کوردستانو مافە رەواکانی گەلەکەماندا هەن، بەڵکو بەو پەڕی متمانەوە بە پشت بەستن بە جەماوەری گەلەکەمانو بە پاراستنی یەکێتی ریزەکانی لایەنە سیاسییە تێکۆشەرەکانی لە پێناوی دیموکراتیو مافەکانماندا، دوارۆژ بۆ سەرکەوتنی گەلو وەدیهێنانی دیموکراسییە.

لێرەدا سەرلەنوێ جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە، کە حزبمان لەسەرەتاوە، تێڕاونینی بۆ پەیوەندی فدراڵی هەرێمی کوردستان بە ناوەندی عێراقەوە، لە روانگەی چارەسەرکردنی رەواو دیموکراسیانە بووە بۆ مەسلەی نەتەوایەتیو، دابینکردنی مافەکانی گەلی کوردستان، کە چەندین ساڵە قوربانیی جۆراجۆری لە پێناویدا، پێشکەشکردووە.

بۆیە ئەو فدراڵییەی حزبمان دەیخوازێت فدراڵییەکە مۆرکی سیاسی هەیەو، لە پێناوی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتییەو، ناکرێ ئەم شێوازە فدرالییە کۆپیبکرێتو، لە سنووری ناوەڕاستو باشوری عێراقدا پەیڕەو بکرییێت، کە لە بنەڕەتدا، کێشەکان لە ئاکامی ناوەندێتی رەهای حکومەتە ناوەندەکان، مۆرکی ئیداری، نەك سیاسیو نەتەوایەتی، وەرگرتووە. هەروەها گرنگە ئەوەش دووپات بکەینەوە، کە ناکری لە هەلومەرجی دەستنیشانکراوی ئەمرۆی عێراقدا، باس لە دیموکراسی بکەین، بێ ئەوەی ئاماژە بۆ فدرالی نەکرێ. بۆیە پێمان وایە، دیموکراسیو فدرالی دوو چەمکی تێهەڵکێشنو، ناکرێ لەیەکتر جیابکرێنەوە. هەر لەم روانگەیەوە، بانگەوازی خۆمان رادەگەیەنین، بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ تێکرای هێزە دیموکراسییەکانی کوردستانو سەرانسەری عێراق، لە پێناوی بنیاتنانی رەوتێکی دیموکراتی کاریگەر لەسەر پێشهاتە سیاسییەکاندا.

ئەم بۆچونە سیاسییەی ئاماژەمان پێکرد هەڵوێستێکی یەکگرتووی حزبی شیوعی کوردستانو حزبی شیوعی عێراقە، کە هەردوولا تەواکەرو پشتو قولایی سیاسیین بۆ یەکتر.

لە کاتێکیشدا، کە حزبمان ئەگەری بوون، وپەیدابوونی کێشە نێوان حکومەتی هەرێم وحکومەتی ناوەندی لەبەر چاوبوو، بە میتۆدێکی رەخنەگرانەی عەقلانەیو، لە روانگەی داکۆکیکردن لە ماددەکانی دەستوری فدراڵو، داواکارییە رەواکانی گەلەکەمانو، پاراستنی سامانی نیشتمانییمان، مامەڵەی لەگەڵ ئەو گرفتانە کرد. بۆیە بەڕاشکاوی ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، کە ئێمە پشتگیری لە جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوور دەکەینو، لەگەڵ پەیڕەکردنی ئەو رێژەیەین، کە پێشتریش بۆ بودجەی هەرێمی کوردستان تەرخان کرابوو. هەروەها ئاماژەمان بۆ ئەوەش کرد، کە لە گەڵ بەشداریکردنی هەرێمی کوردستانین لە دانانی سیاسەتی بواری نەوتو، مافی وەبەرهێنانی نەوتدا. ئەوەشمان نەشاردەوە کە ئێمە بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ (گرێبەستی کار) داین لە پرۆسەی دەرهێنانی نەوتو، لەگەڵ (گرێبەستی بەشداری)دا نین، کە لە یاسای نەوت وگازی هەرێمی کوردستاندا، ئاماژەی پێکراوە.

ئەمرۆش جارێکی دیکە، داواکاریمان لە پەرلەمانی کوردستان بۆ هەموارکردنی یاسای وەبەرهێنانو، یاسای نەوتوگاز لە کوردستاندا دووبارە دەکەینەوە، لەسەر بنەمای پاراستنی خاوەندارییەتی زەوی لە کوردستاندا و، دانانی دیسپلین بۆ وەبەرهێنانی سەرمایەی بیانیو، پشتگیریکردنو، یارمەتیدانی سەرمایەداری نیشتمانیو، پەیڕەوکردنی سیستمی فرەیی مولکەیەت، واتە لە تەك کەرتی تایبەتو کەرتی تێکەڵاو، کەرتی گشتی بەرهەمهێنەر، بمێنێتەوە.

دەبێ ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین کە نەبوونی متمانە نێوان رەوتە سیاسییەکانی بەشداربوو لە حوکمو لە پەرلەمان، لە ناوەندی عێراقدا، فاکتەرێکە بۆ بیرکردنەوەی هەر لایەنێك، لە وەرگرتنی بەڵێنی زامنکراو، لە مەسەلە هەڵپسێڕاوەکاندا. ئەمەش هۆکارێکی دیکە مانەوەی کێشەکانە.

حزبمان لەگەڵ چارەسەرکردنی هەر کێشەو دۆسێی هەڵپسێراوە، نێوان هەرێمی کوردستان وناوەند، لە رێگای گفتوگۆو نەرمی نواندن لە چوارچێوەی وابەستبوونمان، بە بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستانو، بەهاو نەریتە دیموکراسییەکان.

هاورێیانی تێکۆشەر

ئەو ئەرکانەی ئەمڕۆ رووبەرووی حزبمان دەبێتەوە، ئەرکی سەختو دژوارەو، تەنانەت بنەمایەکە بۆ بەرهەمێنانی فیکری، لەسەر بنەمای کەڵەکەبوونی ئەزموونی تێکۆشانو، مۆركو ئاڵۆزی ئەرکەکان. پێویستە بنەمای فیکری، کە فیکری مارکسیزمو، تایبەتمەندی نیشتمانییمانو، تێکۆشانمان بۆ دیموکراسیو مافی مرۆڤو کۆمەڵگەی مەدەنی، وەك حزبێکی شیوعی نوێخوازو، چەپی دیموکراسیخوازو، داکۆکیکەر لە دەسکەوتو بەرژەوەندییەکانی جەماوەرو زەحمەتکێشانی گەلەکەمان، لە بەرنامەو هێڵە سەرکییەکانی تێکۆشانمان، هەردەم ئامادە بێتو، هەموو هەنگاوەکانمانو گوتاری سیاسیمان، پشت بەو بنەما فیکرییانەوە ببەستێتو، قورسایی وەزعو ئاڵۆزی هەلومەرجی تێکۆشانو بارودۆخی تایبەتی خۆمان، فشاری دەروونیمان نەخاتە سەر، لە کاتی بیرکردنەوە لە مەسەلەکانو بریاردانداندا.

هەر لەم روانگەیەوە، بۆ تەواوکردنی خستنەرووی ئەو هەڵوێستانە کە لە سەرەتاوە جەختمان لەسەر کردەوە، دەتوانین ئاماژە بە هێڵی گشتی دیکەی ئەرکەکانمان بکەین، لەوانە:

ـ پاراستنی یەك ریزی هێزە سیاسییەکانی کوردستانو، یەکگرتووی هەڵوێست لەسەر بنەمای کاریگەرکردنی بەشداری تێکرای لایەنەکانی لە ناوەندی بریارو، پشت بەستن بە ئیرادەی جەماوەر بۆ داکۆکیکردن لە دەسکەوتەکانو، فراوانکردنی مەودای ئازادییە گشتییەکان لە بواری مافی مەدەنیو سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریداو، لە بواری مافی هەموو ئەو نەتەوەو، پێکهاتە کۆمەڵایەتییانەی گەلی کوردستان پێکدەهێنن.

ـ پشتگیریکردنی هەموو هەوڵو کۆششێك لە بواری چەسپاندنی چەمکی دەوڵەتی یاساو دامەزراوە دەستورییەکان.

ـ دابینکردنی داواکارییە سەرکیەکانی جەماوەر لە بواری پێداویستییەکانی ژیانی هاوچەرخو شیاو، کە خۆشگوزەرانیو بەختەوەریو ئاسودەیی زامندەکات.

ـ دانانی ستراتیجێکی نیشتمانی، حکومیو جەماوەری بۆ روبەروبونەوی گەندەڵیو، بریاردانی یاسای دەستپاکی، کە بیرۆکەکەی لە سەرەتای 2007 وە ئاماژەمان پێکردبوو.

ـ پشتگیریکردن لە تێکرای ئەو هەوڵانەی کە دەدرێت، بۆ ریفۆرم کردن لە سیستمی پەروەردەو خوێندنو خوێندنی باڵادا، بە شێوازێکی دیموکراسیو مۆدرینانە.

ـ کارکردن بۆ هەموارکردنی تێکرای ئەو یاسایانەی، کە بواری بە جیاکاری دژ بە ئافرەتان داوەو، پشتگیریکردن لە دانانی یاسایەك بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنانو، هەموارکردنی یەکسانیخوازانەی یاسای باری کەسێتی، لە بواری تێکرای مافەکاندا.

ـ هاندانی رۆشنبیری دیموکراسی پێشکەوتنخواز لە بوارە جۆراجۆرەکانی داهێنانداو، بایەخدان بە لاوانو قوتابیانو وەرزشەوانانو، گرنگیدان بە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

ـ کارکردن بۆ دانانی یاسای دیموکراسیو عادیلانەی کارو، پاراستنی بەرژەوەندی کارگێرانی بیرو بازو.

ـ بایەخدان بە ئاوەدانکردنەوەو، بەرهەمی کشتوکاڵیو، پاراستنی زەوی کشتوکاڵیو مافی جوتیاران.

هاورێیانی خۆشەویست

لە ماوەی نێوان هەردوو کۆنگرەدا رێکخراوەکانی حزب لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا چەندین چالاکی جەماوەرییان بۆ داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییەکانی خەڵكو جێگیرکردنی شێوازی تێکۆشانی مەدەنی ئاشتیانەو زیاتر دیموکراتیزەکردنی سیستمی سیاسیو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەنجام داوە. ئەم چالاکییانە جێگای شانازی شیوعییەکانو دۆستو لایەنگرانییانە.

ئەمرۆش کە ئێوەی نوێنەرانی رێکخراوە حزبییەکان کە لەکۆنگرەدا، بەو ئەرکانەو، شێوازی ئەنجامدانیان دەچنەوە، پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەین، کە جێبەجێکردنی ئەرکە حزبییەکان، تەنها بە دەستنیشانکردنی ئەنجام نادرێت. لە فەلسەفەی مارکسەوە فێربووین، کە ئەرکەکانمان تەنها شیکردنەوەو، لێکدانەوەی واقیع نییە. شیکردنەوەو حاڵیبوون لە واقیع ئەرکێکی گرنگو پێویستە بۆ دانانی پرۆژەی گۆرانکاری کۆمەڵایەتی.

حزبمان، حزبی گۆرانکاری کۆمەڵایەتی بەرو پێشکەوتنو عەدالەتو یەکسانیخوازییە. هەڵبەتە بوونی بەرنامەی گۆرانکاری کۆمەڵایەتی ئەرکێکی تەواکەرە بۆ ئەرکی حاڵیبوونمان لە رەهەندەکانی واقیع، بەڵام ناکرێ کارەکانمان لەم سنووردا بمێنێتەوە. دەبێ حزبمان خاوەنی میکانیزمی گونجاو بێت بۆ کاری تێکۆشەرانەی رۆژانە، لە پێناوی بە ئەنجام گەیاندنی ئەو بەرنامەیە. ئەمەش پێویستی بە حزبێکی تێکۆشەرانەی مودرینو نوێخوازە، کە هەردەم چەمکە فیکرییەکانیو، شێوازی کارکردنی بە گوێرەی واقیع نوێ کاتەوە. حزبمان پێویستی بە عەقڵی بەکۆمەڵو، تەفاعل کردنی بیروبۆچونەکانو، فراوانکردنی دیموکراسی ناوخۆییو، تەبایی لە ریزی رێکخراوەکانیو، هەستکردن بە بەرپرسیاری تاکیو بەکۆمەڵ هەیە. حزبمان پێویستی بە رێکخراوی بتەوو یەکگرتوو وکاریگەر لە نێو جەماوەردا، هەیە. جۆرە رێکخراوێك کە ئەندامەکانی بەرژەوەندی گەلو نیشتمانو چینی کرێکارو زەحمەتکێشانو مەسەلەی دیموکراسیو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، لە سەروو بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانەوە بێت.. حزبێك لە کاروانی پێشکەوتنو مەعریفەو نوێخوازی بەجێنەمێنێت.

گومان لەوەدا نییە، کە حزبمان خاوەنی ئەم جۆرە وزەیەیەو، لە توانایدا هەیە هەردەم بە لاوێتی لە گۆرەپانی تێکۆشاندا، لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی گەلو نیشتیماندا، پێشەنگی گیانفیدایی بێت.

با لە روانگەی گرنگی ئەركو بەرپرسیارییمان بەرامبەر گەلەکەمان دەست بە کاری کۆنگرەکەمان بکەین.

سەرکەوتوو بێت چوارەمین کۆنگرەی حزبی شیوعی کوردستان.

# راپۆرتی سیاسی چوارەمین
# کۆنگرەی حزبی شیوعی کوردستان ـ عێراق

**( لە پێناو بەهێزترکردنی ریزەکانی حزبو، پێگەیی جەماوەریی، بۆ بنیاتنانی دیموکراسیو فیدراڵیو، داکۆکیکردن لە دەسکەوتو بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان، تێدەکۆشین )**

**بەرایی**

هەرێمی کوردستانو سەرانسەری عێراق، لەسەر ئاستی سیاسیو ئابووریو کۆمەلآیەتیدا، لە سالآنی دوای گرێدانی سێیەمین کۆنگرەی حزبمانەوە، (حزبی شیوعی کوردستان) کە لە (8 تا 10 ی 2004/4) بەسترا، گۆڕنکاری گرنگیان بە خۆوە بینیوە. هەروەها جیهانو ناوچەکەمان پەرەسەندنی گەورەی بەخۆوە بینی، کە بە ئاستی جۆراوجۆر رەنگدانەوەو کاریگەری لەسەر پەرەسەندنەکانی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا جێهێشت، ئەو پرۆسەیەی کە تائێستا ململانێیەکی توندوتیژ سەبارەت بە دوارۆژی عێراقو شێوازی دەوڵەتو جۆری سیستمی سیاسیو ئابوریو وکۆمەلآیەتی، بە خۆوە دەبینێت.

لەو هەلومەرجەدا حزبمان لە (2 تا 3 /2005/12) دا واتە مانگێك بەر لەئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی، دووەم کۆنفراسی گشتی خۆی گرێداو، راپۆرتێکی سیاسی فیکری گشتی لێ بەرهەم هات، تێدا چارەسەری ئەو دۆخو پەرەسەندانەی کردو، بەپێ رێبازی مارکسیستانە، هەڵسوکەوتی لەگەڵ پێکهاتەکانی پرۆسەی ململانێکان کردو گەیشتە کۆمەڵێك دەرئەنجام کە تائێستاش زیندوێتی خۆیان پاراستوەو، کاروانی رووداوەکانو بارودۆخەکەش راستی ئەو دەرئەنجامانەیان سەلماند.

## پەرەسەندنەکانی رەوشی سیاسی لە کوردستاندا

لە ماوەی دوو ساڵی رابوردوودا پەرەسەندنی سیاسی گرنگ لەدۆخی کوردستان روویداوەو، کرۆکی ئەو پەرەسەندانە لە کۆمەڵێك خاڵدا بەرجەستە دەبێت لەوانە: کۆتایهاتنی ململانێ توندوتیژی ناوخۆییو، سەرلەنوێ رێکخستنەوەی پەیوەندی ئاشتییانەی نێوان حزبەکانو، دەرك کردنی هێزە سیاسیەکان، بەتایبەتی (پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان) کە دەسەلآتی هەردوو ئیدارەی هەرێمیان دابەشکردبوو، بە پێداویستی تەوافوقی نیشتیمانی کوردستانیو، کۆتایی هێنان بە دابەشبوونو، رێکخستنەوەی ماڵی کوردستانی، ئەمەش لەرێگای بەشداری کردنی هەردوو لایەنی دەسەلآتدار لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی دیکەدا. لە ئاکامی ئەم بۆچونە زۆربەی هێزە کوردستانیەکان، بەلیستێکی کوردستانی ئیتیلافی چوونە نێو هەڵبژاردەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان. حزبمان بەر لە سێیەمین کۆنگرەیو لە دوایشدا لە پێناو ئەم مەسەلەیە کاری دەکردو بانگهێشتی بۆ دەکرد، بەو بڕوایە کە خاڵی هاوبەشی کۆکەرەوە لەئەرکەکانی هێزە کوردستانیەکاندا لەم قۆناغە مێژووییە هەستیارەدا، زۆرترە لەو خالآنەی کە ناکۆکیان لەسەرە. وێرای ئەو کەموکوڕییەی کە هاوشانی پرۆسەی هەڵبژاردن بوو، بەتایبەت لەرووی ئامادەکاریو بەرێوەبردنیەوە، بیرۆکەی تەوافوقو هاوپەیمانی لەنێوان هێزو حزبە سیاسیە کوردستانییەکان، هەردەم بە باشترین رێگە چارەو دروست ترین میکانزم دەمێنێتەوە بۆ کاری هاوبەشی ئەو هێزانە، بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی ئەم قۆناغە، قۆناغی چەسپاندنی بنەماکانی سیستمی دیموکراسی فیدراڵو وەدەست هێنانی مافی دەستوری (یاسایی)و سیاسیو ئابووریو کۆمەلآیەتی، دوای هەڵبژاردنەکان. بە پێی ئەو بەرنامەیەی لە هەڵبژاردندا راگەینرا توێژە جیاجیاو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە روویان کردە سندوقەکانی دەنگدانو بۆ بەرژەوەندی لیستی هاوپەیمانی کوردستانو لیستی نیشتیمانی دیموکراتی کوردستان، دەنگیان دا، بەمەش گوزارشتیان لەلایەنگیری خۆیان بۆ تەوافوقی کوردستانی کردو، دەرك پێکردنی خۆیان بۆ سروشتی قۆناغەکەو ئەرکەکانی، پیشاندا. هەر لە ئاکامی ئەمەشدا هاوپەیمانی کوردستانی توانی پۆستی سەرۆك کۆمار لە قۆناغی گواستنەوەو پاشتریش بۆ چوار ساڵو، هەندێ پۆستی گرنگ لە دەوڵەتدا بەدەسبهێنێت.

حزبمان بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە شارەکانی کەرکوكو سلێمانیو هەولێرو دهۆکدا، کرد. ئەمەش یان شان بەشانی لیستی ئیتیلافی هاوبەش لەگەڵ زۆربەی هێزە کوردستانیەکان لە شاری کەرکوکدا، یاخود بە بەشدارییی لەگەڵ چەند لایەنێکی دیاری کراو وەك لەهەولێرو دهۆكو، یاخود بەتەنها چووە هەڵبژاردنەوە وەك لە شاری سلێمانی، ئەمانەش بەپێی دەستەبەربونی هاوپەیمانی گونجاو

لەهەر پارێزگایەکدا، هەرچەندە ئێمە هەر لە سەرەتاوە بۆ چوونە نێو هەڵبژاردنی پارێزگاکان، لەگەڵ بوونی یەك لیستی کوردستانی ئیتیلافی بووین، بەو شێوازەی کە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، پێکهێنرا.

ئەزموونی کاری هەرسێ ئەنجومەنەکەی (هەولێر، سلیمانی، دهۆك) دروستی بۆچونەکەمانی سەلماند، ئەوبوو هەماهەنگی‌و بوونی تەوافوقی کوردستانی وای کرد ئەرکەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان سەرکەوتوانە ئەنجام بدرێت، بە پێچەوانەی ئەنجومەنی پارێزگاکان ـ جگە لە کەرکوك ـ کە ئەرك‌و دەسەڵاتی خۆیان بەپێی پێویست جێبەجێ نەکردو لە ئاکامی کۆمەڵێك فاکتەر و هۆکاری سیاسی ویاسایی بە ئیفلیجی مایەوە، لە کاتێکدا دەکرا چارەسەری تەوافوقیانەی بۆ بدۆزرێتەوە ئەگەر بەوشێوەیە هەڵنەبژێردرابا، ئەمەش وێرایی جیاوازی تێڕوانینەکان لەمەر پێناسەو ئەرك‌و دەسەڵاتەکانی ئەو ئەنجومەنانە لە چوارچێوەی هەرێمێکی فیدرال بە بەراوردکردن لەگەڵ هاوشێوەکانی کەسەر بەهەرێمەکان نین.

دوای تێپەربوونی پێنج مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکاندا، ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان کۆبۆوە، دەستی بەجێبەجێکردنی ئەرکەکانی کردو، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی دارشت‌و، بەرێز مەسعود بارزانی بەسەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرا دوای ئەوەی بەرێز مام جەلال لە پەرلەمانی عێراقدا بەسەرۆکی کۆماری عێراق هەڵبژێردراو، پەرلەمانی کوردستانیش چەندین یاسای دارشت لەوانە، یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو یاسای وەبەرهێنان‌و یاسای هاوکاریکردنی خێزانی شەهیدان‌و ئەنفالکراوەکان‌و یاسای خزمەت‌و خانەنشینی پێشمەرگەو یاسای نەوت‌وگازو، یاساکانی وەزارەت و دامەزراوەکانی دیکە... هەروەها پەرلەمان رۆڵێکی فشاربەری گێرا بۆ کۆتایی هێنان بەحاڵەتی دابەش بوون‌و دوو ئیدارەیی‌و، راگەیاندنی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم. هەروەها حزبە کوردستانیەکان‌و دۆستانی گەلی کوردستان‌و دامەزراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی‌و رۆژنامەگەری کوردستانی رۆلی خۆیان گێرا لە زیادکردنی فاکتەرەکانی فشار بەرووی وەدی هێنانی ئەو هەنگاوە وەکو ئیستحقاقێك کە دەبێ لەم قۆناغەدا هەر بێتەدی.

لەساڵی یەکەمیدا پەرلەمانی کوردستان بە بارودۆخێکی ئاڵۆزدا تێپەری‌و رووبەڕووی ئاستەنگی نێوخۆیی‌و دەرەکی زۆر بۆوە، بەتایبەتی لە بواری بەردەوامبوونی ململانێ حزبی‌و پەنجاو پەنجاو دابەشبوونی هەرێم‌و دامودەزگاکان نێوان هەردوو لایەندا. ئەم بارودۆخە تا ئایاری 2006 بەردەوامبوو، دوواتر بەشێوەیەکی فەرمی بە دامەزراندنی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم کە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانەوە هەڵبژێردرا کۆتایی بەحاڵەتی دابەشبوون‌و دووئیدارەی هێنرا .. بەڵام ئەم پروسەیە چوار وەزارەتی نەگرتەوە، ئەوانیش (دارایی، نێوخۆ، پێشمەرگە، داد) بەو ئاراستەیی کە لەماوەی ساڵێکدا یەکبخرێن. ئەوە بوو دوای ساڵێك وەزارەتی داد یەکیگرت، بەڵام ئەو سێ وەزارەتەی دیکە هەرمانەوە. لەو ماوەیەشدا چەندین جار راگەێنرا کە هەنگاوی پێشکەوتوو بۆ یەکخستنی ئەو وەزارەتانە نراوە، کە بە بۆچونی حزبمان پێویستیەکی بەپەلەیەو، بانگەشە دەکەین کە بە زووترین کات جێبەجێ بکرێن‌و، هیوا دەخوازین ئیرادەی سیاسی هەردوو حزب و، ئیستحقاقاتی دەستوری‌و، دەسەڵاتە سنوردارەکانی حکومەتی فیدراڵ (ناوەند)و، دەسەڵاتە هاوبەشەکان‌و هەڵسوکەوتی حکومەتی فیدرال لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا، وێرای رووبەڕوو بوونەوەی مەترسییە ناوخۆیی‌و دەرکیەکان‌و، بەردەوامی پەیوەندی توندوتۆڵی هەردوو لایەن(یەکێتی نیشتمانی کوردستان‌و پارتی دیموکراتی کوردستان) بۆ رێکەوتنی ستراتیجیيانە، یەکخستنی وەزارەتەکان ئاسان تر بکات‌و، ئێمەش بەردەوام کار بۆ ئەوە دەکەین‌و، بڕوامان بە پێداویستی جێبەجێکردنی ئەو هەنگاوە هەیە.

کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم بەبنکەیەکی فراوان‌و قەوارەیەکی ئیداری‌و وەزاری گەورەو هەلاێسانێکی دامەزراویی، بۆ بەرێوەبردنی کاروباری هەرێم، دامەزرا.

دوای دووساڵ لەئەداکردنی حکومەتی هەرێم بیر لەبچووکردنەوەو تێکەڵکردنی هەندێ لەوەزارەتەکان دەکرێتەوە. ئەم هەنگاوە پێویستی بە هەیکەلیەتێکی حکومی هاوچەرخ‌و سیستمی کارگێری نوێ‌و حکومەتێکی خزمەتگوزار هەیە، کە تەواوی بوارەکانی ژیانی گەلی کوردستان بەرێوە بەرێت بەئاراستەی چاکسازی‌و مۆدرینکردنەوەو، دامەزراوەیی‌و سازدانی پرۆژەی گەشەپێدان‌و بنیاتنانی ژێرخان‌و چاککردنی دۆخی ژیان، ئەمەش پێویستی بەپێداچوونەوەیەکی رەخنەگرانەی سیاسەتەکانی رابردوو لە پێکهاتەی وەزارەت‌و دامودەزگاکان هەیە، لە رێگای پشت بەستن بە پێداویستی بابەتیانەو بنەمای زانستی‌و کارگێری دامەزراوەیی‌و، راست کردنەوەو، سەرلەنوێ بیناکردنەوەیەدا کەببێتەهۆی بەرزکردنەوەو پێشخستنی ئەدای حکومەت.

## گۆرانکاری چلۆنایەتی لە ژیانی سیاسیدا

لە تەك ئەوانەدا ژیانی سیاسی لە کوردستاندا پەرەسەندنێکی چلۆنایەتی رووەو فراوانکردنی بەشداری سیاسی، بەخۆوە بینیوە، ئەوە بوو ئەنجومەنی بالآی حزبە سیاسییەکانی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دامەزرا. ئەم ئەنجومەنە مانگانە کۆدەبێتەوەو تا ئێستا چەندین کۆبوونەوەی سازداوەو پەیڕەوی ناوخۆو میکانیزمەکانی کاری خۆی بریارداوەو، درێژە بە کارەکانی خۆی دەدا لە بواری تویژینەوەی بارودۆخی سیاسی‌و وەرگرتنی هەڵوێستی هاوبەش بۆ یەکخستنی گوتاری سیاسی کوردستانی‌و پتەوکردنی بەرەی نێوخۆو سەر

لەنوێ رێكخستنەوەی پەیوەندی دروست لە نێوان دامەزراوە دەستوورییەكانو كۆمەڵگەی كوردستان، بۆ رووبەڕووبوونەوەی پێشهاتە نوێیەكانو پرۆسەی چاكسازیو بنیاتنانو، حزبمان كار بۆ كاراكردنی رۆڵی ئەنجوومەنەكە وئەداكەی دەكات.

حاڵەتی تەوافوقی كوردستان بەشێوەیەكی ئیجابی كاری كردە سەر بلاوبوونەوەی بەهاكانی دیموكراسیو شارستانی. دەزگاكانی هەرێم (سەرۆكایەتی هەریم، ئەنجومەنی نیشتمانی، ئەنجومەنی وەزیران) چەندین چالاكی بەرچاویان بەخۆوەبینیو، چەندین كۆنگرەو سیمینارییان سازدا بۆ جێگیركردنی بۆچوونی دیموكراسیو چاكسازیو نوێكاری حكومەتو دامودەزگاكانیو فراوانكردنی مەودای مافو ئازادییە مەدەنییەكانو رادەربڕین. هەروەها هەرێم ژمارەیەك چالاكی جەماوەری بەخۆوە بینی لە شێوازی خۆپیشاندانو ئیمزاكۆكردنەوەو یاداشت پێشكەشكردنو ناردنی وەفد بۆ پەرلەمان. ئەمەش وێڕای پانتایی ئازادییەكانی رۆژنامەوانیو راگەیاندنو كاركردن بە ئاراستەی كاراكردنی دامەزراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیو چاككردنی سیستمی كارگێڕیو یاساییو چارەسەركردنی گەندەڵی ئیداریو داراییو جیاوازی كۆمەڵایەتیو ئابلۆقەدانی دیاردە كۆمەڵایەتییە مەترسیدارەكان، بەتایبەت دیاردەی توندوتیژی دژی ئافرەتانو، ئاراستەكردنی وزەو تواناكان بەرەو بەهێزكردنی سەروەری یاساو سەربەخۆیی داد.. ئەم ئاراستە دیموكراسییەو مەدەنیانە لە توانادا نییە بێنەدی لە ماوەیەكی كورتداو بەبێ ئامادەكردنی ژێرخانی سیاسیو ئابووریو كۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو بەبەشدارییەكی كارای هەموو هێزە سیاسیو كۆمەڵایەتییەكان لەم پرۆسە گرنگەدا.

## پرۆسەكانی ئاوەدانكردنەوەو گەشەسەندنو، گرنگی بوونی بەرنامەرێژی ستراتیژی

بە پێچەوانەی ساڵانی رابردوو كە كۆمەڵێك كۆمپانیای بچووكو سنووردار لە نێو هەرێمدا چەندین پرۆژەی بچووكیان ئەنجامدا، وەكو بنیادنانی كارگەكانی چیمەنتۆ، یاخود خشتو قیر (ئەسفەلت)و پێداویستییەكانی خانووبەرە كە لە توانایدا نەبوو باری ئابووری راست بكاتەوە، یاخود چاكتری بكات، لەم دوو ساڵەی دواییدا هەرێم بەرفراوانییەكی گەورەی بەخۆوە بینی لە رووی بزاوتی بنیاتو ئاوەدانكردنەوەو گەیاندندا. هەندێ كۆمپانیای گەورە بەشدارییان لە بنیادنانی پرۆژەی ستراتیژی بۆ هەرێم كرد. ئەمەش لە بواری دەزگای گەشتو گوزارو ئاوەدانكردنەوە، ورێكخستنەوەی سەرچاوە سروشتییەكانو، گەڕان بەدوای نەوتو، دامەزراندنی وێستگەی كارەباو، تۆڕی گەیاندنو، بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ بە توانای فراوانو، دامەزراندنی نەخۆشخانەو ناوەندی تەندروستی تایبەتمەندو ئەهلی. بونی ئەم پرۆژانە ئەوە دەگەیەنێن كە كەشی كوردستان بۆ وەبەرهێنانی بیانیو نێوخۆیی لەبارەو، ئەمەش وا دەخوازێ كە پلانی وەبەرهێنانی ئابووری گشتگیر لەسەر بنەمای پلاندانانی زانستیو بەرنامەڕێژی ستراتیژی دابنرێ، بە جۆرێك لە گەڵ پێداویستییە هەنوكەییو كردەییەكانی هەرێم بگونجێنو، گرنگی بە پرۆژەكانی نیشتەجێ بوونو ئاوو كارەباو دابینكردنی هەلی كار، بدات، لە تەك بنیادنانی پایە گەورەكانی ژێرخانی پرۆژە بەرهەمهێنەرەكان بۆ وەدیهێنانی پەرەسەندنو پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی چاوەڕوانكراو.

ئەم پەرەسەندنە تەنها بواری بنیادو ئاوەدانكردنەوەی نەگرتەوە، بەڵكو هەرێمی كوردستان لە بوارەكانی دیكەشدا پەرەسەندنی بەخۆوە بینی. لەم رووەوە چەندین كۆنگرە، هەروەها چەندین سیمیناری رۆشنبیریو چالاكی راگەیاندنو فیستیڤاڵی هونەری وسیاسی وتایبەتمەند و دامەزراوەیی گرێدران كە رۆشنبیرانو سیاسەتمەدارو خەڵكی پسپۆڕ لە وڵاتانی جیاجیاو، سەر بە رەوتی جیاجیا بەشدارییان تێداكردو بواری چاپو پەخشو، كردنەوەی پیشانگا لە هەرێمدا فراوانی بەخۆوەبینی. حكومەتی هەرێم گرنگی بە ژیاندنەوەی گوندەكان لە میانەی كردنەوەی رێگاوبانو بنیادنانی خانووبەرەو دامودەزگای خزمەتگوزاری لە هەندێ گونددا داوەو، رووی لەو ناوچانە كرد كە هێشتا لە دەرەوەی سنووری هەرێمدان چونكە بێبەشن لە خزمەتگوزاری بنەڕەتی، بۆیە پاڵپشتی بەرچاوی پێشكەشكردن، چ لە رووی میلاكی ئیدارییەوەو، چ لە رووی ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاری ساكارەوە.

بواری فێركردن لەهەموو ئاستەكاندا پێشكەوتنێكی بەرفرەوانی بۆخۆوە بینیوە، هەر لەقۆناغی بنەڕتییەوە تا دەگاتە زانكۆو خوێندنی باڵا، كە ئەم قۆناغە پێویستی بەوە هەیە، پەرەپێدانی چەندایەتی تیایدا بكرێتە پەرەپێدانی چلۆنایەتی. ئەوجۆرە پایەخدانەش یارمەتیدەرە بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی فێركردنو توێژینەوەی زانستیو، ئەمەش یارمەتیدەری گەشەپێدانی كۆمەڵایەتیو، پەرەپێدانی توانا زانستییەكان. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ كار بكرێت بۆ باشكردنی ژیان وباردۆخی ئەوانەی لەبوارەكانی پەروەردەو فێركردندا كاردەكەنو، هاندانی توێژینەوە بدرێتو، داهێنەران خەڵاتبكرێن.

هەرێم بزاوتێكی دیبلۆماتی پەرەسەندووی بەخۆوەبینیو چەندین وەفدی نێودەوڵەتیو نێو نەتەوەیی فەرمیو نافەرمی لەسەر ئاستی باڵادا سەردانیان كردو چەندین وڵات كونسوڵخانەی خۆیان لە هەرێمدا كردەوە.. هەروەها وەفدی جۆراوجۆری كوردستان چەندین سەردانیان بۆ وڵاتان ئەنجامداو چاویان بە سەرۆكو پەرلەمانو حكومەتەكانی ئەو وڵاتانە كەوت. ئەمەش وێڕای پەیوەندییەكانی نووسینگەكانی هەرێم لە دەرەوەدا.

حكومەتی هەرێم چەندین نێردەی خوێندن بۆ دەرەوەی هەرێم رەوانەكردو، بزاوتی بازرگانیو گەشتی ئاسمانی لە هەردوو فڕۆكەخانەی هەولێرو سلێمانی چالاكتر بوو.

## كاركردن بۆ چارەسەری كەموكورییەكان

هاوكات لەگەڵ ئەم لایەنە پۆزەتیڤانە، ژیانی گشتی لە كوردستاندا زۆر دیاردەی پاشڤەبر بەخۆوە دەبینێ، كە حاڵەتی بێزاریو نارەزایی لای چەندین توێژو ناوەندی كۆمەڵگەدا، خوڵقاندووە. دابینكردنی خزمەتگوزاری پەیوەست بە سووتەمەنیو كارەباو بواری تەندروستیو نیشتەجێبوونو پێداویستییە بنەڕەتییەكانی ژیان، بۆتە خەمێكی گەورە لەسەر شانی هاووڵاتییان، چونكە نرخ بەردەوام لەبەرزبوونەوەدایەو بە ئاستێكی گەورە لە توانستی مووچەو كرێو داهات بۆ كڕین كەمدەكاتەوەو، دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی ئاستی بژێوی كەمدەرامەتەكان. هەموو ئەمانە وای كرد كە خەریكە كۆمەڵگەی كوردستان بكاتە دوو كۆمەڵگەی دژ بە یەك، كەمینەیەكی دەوڵەمەند كە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتەكاندایەو، زۆرینەیەك كە لە شارەكاندا دوچاری مەترسی هەژاری دەبنەوە. مەودای نێوان ئیدارەو توێژە هەژارو مامناوەندەكان بەردەوام لە زیادبووندا بوو بە پێچەوانەی پەیوەندی سروشتی چاوەڕوانكراو لە نێوان حكومەتی هەرێمو ئەو كۆمەڵگەیە كە تێیدا ناوەندێكی فراوان هەست بە بێبەشیو نەبوونی دادپەروەری دەكات.

وێڕای رێنماییەكانی سەرۆكایەتی هەرێمو سەرۆكایەتی وەزیران بۆ هەڵوەشاندنەوەی پێوەری حزبایەتی بەرتەسك لەدامەزراندندا، بەڵام پرۆسەكە هەر بەردەوامە. بۆیە دەبێت بەردەوام جەخت لەسەر هەڵوەشاندنەوەی بكرێتەوەو رێنماییەكان كارا بكرێتو، پشت بە بنەمای زانستیو ئیداریو كەفائەتو پێشبركێی ئازاد بەپێی رێوشوێنی دامەزراوەیی، ببەسترێت.

وێڕای بزاوتی ئاوەدانكردنەوە، لەبواری خانووبەرەدا (بیناكردنی ستونی بۆ كەرتی تایبەت) بەڵام قەیرانی نیشتەجێ بوون بەردەوام وەكو بارێكی قورس لەسەر شانی هاووڵاتی مایەوە، ئەمەش وا پێویست دەكات كە پرۆژەی سندوقی پاڵپشتی نیشتەجێكردن بخرێتەڕوو بۆ هاندانی بنیادنانی یەكەی نیشتەجێبوون لەمیانەی پێشكەشكردنی قەرزی عەقاری بە قازانجی كەم وەكو ئەوەی حكومەتی فیدراڵی ئەنجامی دەدات.

لە سایەی ئەم بارودۆخە چەندین كێشە لە كاری حكومەتدا سەرهەڵدەدەن، لەوانەش كێشەی (موازنەی) دارایی هەرێمو میكانیزمەكانی گەیشتنیو ئەو رێژانە كە بۆ مەسەلەكانی بواری سەروەریو حوكمرانی دەبڕدرێن، (ئەوەی كە لەلایەن وەزارەتەكانی حكومەتی فدراڵەوە بۆ پێداویستییە هاوبەشەكان سەرف دەكرێ، كۆبۆنی خۆراك، داوودەرمان، نەوت، كەرەستەی كشتوكاڵی.. هتد)، هەروەها داهاتی نێوخۆیی لەو باجو خەراجانەی كە رەوانەی بودجەی فدراڵ دەكرێ، سەرەڕای ئەو رێژە زۆرەی بۆ مووچە تەرخانكراوە كە بەپێی لێدوانی بەرپرسان دەگاتە نزیكەی 70٪.

ئەم كێشەیە هاوكات بوو لەگەڵ دیاردەی بێكاری دەمامكدراو كە بەرادەیەكی زۆر، گەورە بووە، لە كاتێكدا ژمارەی كرێكارانی بیانی لە هەرێم لە زۆربووندایە. ئەمانەش كرێكارانی كۆمپانیاكان تا دەگاتە خاوێنكەرەوەی شەقامو فەرمانگەكان، پێكدێنن.. ئەم گیروگازە ناسروشتییە، نیگەرانی دروستكردووە، لە هەندێ رووەوە پەیوەستە بە واقیعی بوونی دوو ئیدارەی لەپێشتراداو، ململانێی هەردوو حزب بۆ وەدەستهێنانی دەنگ لە هەڵبژاردنەكانداو، بۆ ئەم مەبەستەشیان بەشێوەیەكی رەمەكیو بێ هیچ پلانو حیسابێكی ئایندەیی، ژمارەیەكی زۆری كارمەندانیان لە دامەزراوە حكومییەكاندا بێ ئەوەی هیچ ئەدایەكی وەزیفیان هەبێ، دامەزراندووە.

سەرەڕای ئەوەی كابینەی پێنجەم لە سەرەتای ئەمساڵداو دوای یەكخستنی دامەزراوەكانی هەردوو ئیدارەكە دركی بە مەترسی ئەم دیاردەیە كردو (جەرد)ی لە وەزارەتەكاندا ئەنجامداو، لیستی بە ژمارەی زیادەكان بە مەبەستی گواستنەوەیان بۆ وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی، ئامادەكرد، بەڵام روون نییە كە چۆن كێشەیەكی ئاوا گەورە چارەسەر دەكرێ. ئەم كێشەیە تەنها بە گواستنەوەی زیادەكان بۆ وەزارەتی كار چارەسەر ناكرێ، چونكە ئەوانە هەمان مووچە لە دارایی حكومەت وەردەگرن. بەردەوامبوونی ئەم حاڵەتە كورتهێنان (عجز)ی دارایی وا دروست دەكات كە لەوانەیە دواجار پاڵ بە حكومەتەوە بنێ بۆ چارەسەركردن ئەو كورت هێنانە، دەست لە پاڵپشتی كردنی كەرتە خزمەتگوزارییە گشتییەكان، هەڵگرێ. ئەمەش قەیرانێكی نوێ دەخوڵقێنێ كە رەنگە نیگەرانی كۆمەڵایەتی بەرهەم بهێنێ. بۆیە دەبێ لەم دیاردەیە بكۆڵدرێتەوەو چارەسەری بنەڕەتی بۆ بدۆزرێتەوەو كەڵك لەئەزموونی نێودەوڵەتی وەربگیرێو، وەكو سەرتایەكیش بۆ چارەسەركردن دەبێ هاوكاری كەرتی تایبەتی بەرهەمهێن بكرێتو، هەردوو كەرتی تایبەتو كۆمپانیاكانی وەبەرهێنان پابەند بكرێن بۆ بەكارهێنانی رێژەیەك لەو زیادە حكومییەو، كەڵك وەرگرن لەوزەی كارگەران كە ساڵانە لەزانكۆ و پەیمانگاكانی هەرێم دەردەچنو روو لە بازاڕەكانی كار دەكەن وسوپای كرێكاران زیاتر دەكەن، ئەمەش تا كاتی دابینكردنی هەلی كار لەرێگای ئەنجامدانی پرۆژەی ئابووری بەرهەمهێنی كشتوكاڵیو پیشەسازییەوە.

## پێداویستی دەستەی دەستپاکی

دیاردەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی لەکوردستاندا، فراوان بووە. ئەو دیاردەیە بۆ چەندین هۆکاری جۆراوجۆر دەگەڕێتەوە، لەوانە: چاوپۆشی کردن و، نەبوونی دەستەیەکی نەزاهەی سەربەخۆی تایبەت بە قەڵاچۆکردنی گەندەڵی کارگێڕی. بۆیە دەبینین بە هۆی نەبوونی لێپێچینەوەی یاسایی، چەندین پڕۆژە تەواو نەکراوەو، چەندی دیکە بەنیوە چڵی جێهێڵراوەو، بەرپرسانی ئەو مەسەلانەش دووچاری لێپێچینەوە نەبوون.. چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە ئەگەر دژواریش بێت، بەپلەی یەکەم لە ڕێگای چاکسازی کارگێڕییەوە ئەنجام دەدرێت. بەگشتی لەتوانادایە ژمارەیەك ڕێوشوێن بگیرێتە بەر لەپێناوی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی ئیداری، لەوانەش پشت بەستن بە سیاسەتی چاکسازی و نوێکردنەوە بەشێوەیەکی کردەیی و، هەڵبژاردنی سەرکردەی کارگێڕی شایستەو دەست پاك و، فراوان کردنی چاودێری حکومی و جەماوەری بەسەر کارو کردەوەکانی گەورە فەرمانبەران و، کاراکردنی میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی یاسا و، چالاککردنی کاری دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و، تەرخانکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن تاوەکو ڕۆڵی کارای خۆی بگێڕێ و، ڕێو شوێنی کاری کارگێڕی لە جێبەجێ کردنی موعامەلاتی هاووڵاتیان ساکارتر بکرێ و، بەرزکردنەوەی ئاستی کرێ و مووچەو، دوورخستنەوەی دارو دەستەگەری حزبی بۆ پێدانی وەزیفە گشتییەکان و،دامەزراندنی ئەنجومەنی خزمەتی گشتی کە ئەرکی دامەزراندن لە وەزیفەی گشتیدا پێی بسپێردرێت و، یاسای دەستپاکی (النزاهە) بڕیاربدرێت و، هەلی کار بەپێی پێوەرو بنەما کارگێڕییەکان، دەستەبەربکرێت.

## گرنگی بایەخدان بە لاوان

لەسەەرتای ساڵی 2006ـەوە دیاردەی کۆچی لاوانی کوردستان بەرەو هەندەران سەرلەنوێ زیادی کردەوە، دوای ئەوەی بەشێوەیەکی ڕێژەیی پاشەکشەی کردبوو. لەمەشدا ژمارەیەك فاکتەری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کاری کردە سەر سەرلەنوێ قەبەبوونەوەی ئەم دیاردەیە، لەوانەش: هەڵسوکەوت نەکردن لەگەڵ پێداویستی و داواکارییەکانی لاوان بەپێی تیۆروانینێکی زانستی بنیات نراو لەسەر هەمیشە ئاوڕلێدانەوەو گوێ گرتن لەراو بۆچوونەکانیان و، والاکردنی بواری کارکردن و داهێنان لەبەردەمیاندا و، لاوازی وڵامدانەوەی داواکارییەکان و لەدەستدانی پڕۆژەی ئامانجدار بۆ کاراکردنی ڕۆڵیان لەباری گشتیدا.

ژمارەیەك لەو فاکتەرانەی سەرەوە حاڵەتی بێ ئومێدی و هەست کردن بەبێ بەشی و نادادی و گومانی لە سوودبوونی بەشداریکردن لە مەسەلە نیشتمانییە گشتیەکاندا، خولقاندوەو، لای ناوەندگەلێکی زۆری لاوانیشدا بێهودەیی دروووستکردوە. ئەم حاڵەتە لە بەشداری نەکردنی ناوەندێکی فراوانی لاوان لەژیانی سیاسی دا ڕەنگی دایەوەو، دواتریش لەگەڕان بەدوای دەروازەیەك بۆ خۆ دەربازکردن لەو مەینەتیە، لەڕێگای کۆچ کردنیان بەرەو دەرەوە. ئەمەش پێویستی بەچارەسەرکردنی باری ژیانیان لەڕێگای پرۆگرامسازی و سیاسەتێکی هەنوکەیی و ستراتیژی هەیە، بەتایبەتی لەبواری کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، بە جۆرێك ڕۆشنبیری کارو، باوەڕبوون بە خۆو، کاراکردنی ڕۆڵیان مسۆگەر بکات، بۆ ئەوەی خواستیان لەژیانێکی ئازاد و شایستە مسۆرگەر بێت.

## بایەخدان بە دۆسێی ئاوارەکان

دەیان خێزان کە لەپارچەکانی دیکەی کوردستانەوە هەڵاتوون و، لەهەرێم دا دەژین و، ژیانێکی ئاسایی بەسەر دەبەن. بەهۆی باری ئاورتەیی لەناوچەکانی باشورو ناوەڕاستی عێراقدا ژمارەیەکی زۆری خێزانی ئەو دوو ناوچەیە لە ترسی تیرۆرو توندوتیژی تایفی، بۆ پارێزگاکانی هەرێم هاتوون و، خێوەتگا بۆ هەندێکیان دامەزراوەو، هەندێکی دیکەش ئیقامەیان پێدراوە.

هەروەها دەیان خێزانی گەلی ئاشوری کلدانی سریانی لە ناوچەکانی دەرەوەی سنوری حکومەتی هەرێمی کوردستان، هێرش کرایە سەر کڵێساو ماڵ و شوێنی کارەکانیان و، لە ئاکامی ئەو سەرکوتکاری و کوشت و بڕ لەناوچەکانی دیکەی عێراقەوە ڕوویان لە هەرێم کردوە. حکومەتی هەرێم پاڵپشتی پێویستی پێشکەش کردن و هەڵمەتێکی ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانەوەی گوندەکانیان لەشوێنی نیشتەجێ بوونی پێشتریان لەکوردستاندا دەست پێکرد.

پێشوازی کردنی هەرێم لەو هەڵاتوانەو پێشکەشکردنی پاڵپشتی و یارمەتی حاڵەتێکی ئیجابیەو دەبێتە هۆی پتەوکردنی بەها مرۆییەکان و پەیوەندی برایەتی نێوان پێکهاتەکانی گەلی عێراق و، پێگەی هەرێم لای ڕێکخراوە مرۆیی و نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەت ئەوانەی گرنگی بەمافەکانی مرۆڤ دەدەن، پتەوتر دەکات. ئەمەش وا لەحکومەتی ناوەندی دەخوازێ کە بەشداری بکات لەدابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی ئەوانەو پێدانی ئەو بڕە دراوەی کە لە هەرێمدا بۆ پاڵپشتی هەڵاتوان دیاری کراوە، هەروەها زیادکردنی بەشی هەرێم لەوزەی کارەبا و سوتەمەنی بەتایبەتیش نەوت و، دابین کردنی بڕی بەشە خۆراك بەپێی کۆبوونی خۆراك بۆ هەڵاتوان.

لەلایەکی دیکەوە ئێزدییەکان کە بنکەی سەرەکییان لەقەزای شێخانە دووچاری رووداوی توندو تیژی مەترسیدار بوونەوەو، بەهۆی رواداوێکی کۆمەڵایەتییەوە، لەژێر پەردەی ئاینی ئیسلامدا بەر هێرشێکی توندڕەوانە بوونەوەو، بوو بە هۆی سوتاندنی دەزگای رۆشنبیری‌و گشتیەکان‌و، حاڵەتێکی نیگەرانی توندی لەناوچەکەدا دروست کرد، بەڵام دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێم توانی ئابڵۆقەی رواداوەکان بدات‌و دۆخەکە کۆنترۆڵ بکات‌و ئاسایش‌و جێگیری بگەڕێنێتەوەو، بە شێوەیەکی یاسایی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەنجامدەرانی بکات..

ئەو رەوشە لەلای چەتەکانی ئیسلامی سیاسی تەکفیرییەوە قۆسترایەوە. ئەوەبوو شاڵاوێکی دڕندانە دژ بەئێزدییەکان لەموسڵ ئەنجامدرا و، لە ئاکامیدا دەیان ئێزیدی رفێنرا وکوژرا، یان بە ناچاری موسلی جێهێشت. ئەم حاڵەتە بووە هۆی چۆڵکردنی ناوشار لەوان‌و، هەڵاتنیان بۆ هەرێمی کوردستان‌و، قوتابیەکانیان کە خوێندنیان بەناچاری جێهشتووە، لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا وەرگیران.

## سەرکەوتنی بەرچاو لە بواری رووبەرووبونەوەی تیرۆر

لەماوەی دووساڵی رابردوودا هەرێمی کوردستان لەبواری کاری دەزگا ئەمنیەکان‌و پرۆسەکانی قەڵاچۆکردنی تیرۆرو چالاکییەکانی مافیاکانی ئیسلامی سیاسی تەکفیری، پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەڵام هەرێم بە تەواوی لە پرۆسەی تیرۆرستی‌و تەقاندنەوە رزگاری نەبووە، ئەگەرچی بەژمارەیەکی کەمیش بێت، هەروەك لە (هەولێر، مەخمور، شەنگال و سلێمانی) روویاندا. هێزە تیرۆرستیەکان بەهەموو شێوازێك بۆ نەهێشتنی ئاسایش‌و سەقامگیری لەهەرێمدا هەوڵ دەدەن، ئەمەش وا دەخوازێ کاری جدی بۆ چارەسەرکردنی کەلێنە ئەمنیەکان بکرێ‌و، حزبە سیاسییەکانی کوردستان لەم ئەرکەدا بەشدار بکرێن، ئەمەش لەمیانەی میکانیزمی رێکخستن‌و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەرانی حزبەکان لەلایەن وەزارەتی نێوخۆو ئاڵوگۆڕکردرنی زانیاری‌و چاوخشاندنەوە بەو بنەماو میکانیزمانەی کاری پێدەکرێ، بەپلەی سەرەکیش یەکخستنی هەردوو وەزارەتی نێوخۆو یەکخستنی تەواوی دەزگاو دامەزراوە ئەمنیەکان. هەروەها سەقامگیربوون‌و پتەوکردنی ئاسایشی جێگیر لەکوردستاندا پێویستی بە فراوانکردنی دیموکراسی‌و بەشداری پێکردنی هاولاتیان لەهەمو مەسەلەیەك کە پەیوەندی بە دۆخی گشتییەوە هەبێ، هەیە، هاوکات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری لێبوردن‌و ژیانی هاوبەش‌و نەریتی مافی مرۆڤ، و بەهاکانی پێشکەوتن‌و شارستانی‌و، دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان‌و هەلی کار بۆ هاووڵاتیان.

## پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم‌و حکومەتی فدراڵ‌و هەڵوێستمان لە ماددەی 140

پەیوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و حکومەتی فدراڵ شێوەی تەواوی خۆی وەرنەگرت کە بەپێی میکانیزمەکانی دەستور، دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی‌و دەسەڵاتی هاوبەش‌و دەسەڵاتی هەرێمی، دیاری کردوە.

وێڕای ئەوەی کە ماددەی (114)ی دەستوری هەمیشەیی دانی بەهەرێمی کوردستان‌و دەسەڵاتەکانی داناوە وەکو هەرێمێك، بەڵام چەند دۆسییەك بەهەڵپەساردراوی مایەوەو چاوەڕێی چارەسەرکردن دەکات. هەروا گفتوگۆو جیاوازی سەبارەت بە سنورو دەسەڵاتەکانی هەرێم‌و جیاوازی لەشیکردنەوەی دەقەکانی دەستوری فدرالی‌و شێوازی پەیڕەوکردنی، سەرلەنوێ سەریان هەڵدایەوە. لێرەدا دەبێت جەخت لەسەر ئەو فدرالیەتە بکەینەوە کە دەمانەوێ لەچوارچێوەی پرۆژەی بیناکردنەوەی دەوڵەتێکی دیموکراسی مەدەنی لە عێراقدا بینا بکرێت، بەوەی کە فدرالیەتێکی سیاسیەو مەبەست لێی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی‌و زەمانکردنی مافەکانی گەلی کوردستانەو، ناکرێت کۆپی بکرێت‌و وەك چارەسەرێك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت بۆ ئەو ئیشکالیەتانەی پەیوەستە بەو کێشانەی سروشتی ئیداری نانەتەوەیی هەیەو، لێکەوتەی سیاسەتی پشت گوێخستن‌و دوورخستنەوەن، کەرژێمی دیکتاتۆری پێشوو لە ساڵانی راپووردودا لە ناوچەی دیکەی عێراقدا، پەیرەوەی دەکرد.

سەرەرای ئەوەی کێشەی کەرکوك‌و ئەو ناوچانەی بە(ململانێ لەسەر) ناوبران، دەبوایە بەگرتنەبەری راستییە مێژووی جوگرافیەکان چارەسەربکرانایە، بەڵام لەوەدا حزبمان، بەهۆی ئەو رەوشە سیاسیەی لەدوای روخانی رژێم لە ئارادابوو، لەریزی ئەوانە بوو کە رازیبوون مەسەلەی کەرکوك‌و ئەو ناوچانەی کە مادەی 140 دەیانگرێتەوە، بەپێی ئیستیحقاق‌و میکانیزمی دەستوری عێراقی فدراڵ، چارەسەر بکرێن. سەرچاوەی هەڵسوکەوت‌و هەڵوێستی حزبمان لە مەڕ کێشەی کوردستانێتی کەرکوك لەوەدایە کە پێویستە ئاسەوارەکانی سیاسەتی دیکتاتۆری لەسەر تەواوی بوارەکانی ژیانی رۆژانەو سیاسی هاووڵاتیان نەمێنێت، بەتایبەت لەبواری پەیوەندییە نەتەوەییەکان. مەسەلەی چارەسەرکردنی دۆخی کەرکوك بەشێوەیەك لە شێوەکانی جێگیرکردنی ماف‌و، ماف گەڕاندنەوەیە بۆ قوربانیانی رژێمی روخاوو، گەڕاندنەوەی دۆخەکەیە بۆ رێڕەوی سروشتی خۆی‌و، گەڕانەوە بۆ رای دانیشتوانی رەسەنی ئەو ناوچانە دوای گەڕاندنەوەی ئەو بەشانەی کە بەهۆی سیاسەتی زۆرەملێی تەعریبەوە، دابڕاون.

دوای ئەوەی وەزیری دادی پێشوو سەرۆکی لیژنەی مادەی (140) دەستی لەکار کێشایەوە، وەزیری زانست‌و تەکنەلۆژیا کرایە سەرۆکی لیژنەکە کە تا ئێستا چەندین کۆبوونەوەی سازداوەو ئەرك‌و سروشتی وەکو لیژنەیەکی جێبەجێکار، دەستنیشان کراوە. لیژنەکە چەندین بڕیاری

وەرگرتووە کە پەیوەندی بەدۆسیێی قەرەبووکردنەوە هەیەو، دەست بەسەرف کردنی هەندێ لە قەرەبووەکان کراوە، بەڵام کۆمەڵێك مەسەلەی دیکە لە ئارادانو پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە، لەوانە کۆبوونی خۆراكو گرێبەستی کشتوکاڵیو گرفتەکانی ناوچەی تسعینو حەمزەلی لەکەرکوك، جگە لە تەواونەکردنی گۆڕانکارییە ئیدارییەکانی ئەو شوێنانە کەماددەکە دەیانگرێتەوەو، دروستکردنی لیژنەیەکی لاوەکی بۆ مسۆگەرکردنی مەرجەکانی سازدانی راپرسی. سەرەڕای ئەوەی کە لیژنەی باڵا هەوڵی داوە، بەڵام ماددەی 140 لەماوەی ساڵی 2007 دا جێبەجێ نەکراو، هەرێمی کوردستانیش لەسەر داوای نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان رازیبوو کە ماوەی شەش مانگ بۆ جێبەجێکردنی مەسەلە هونەریو تەکنیکیەکان، زیادبکرێت.

لێرەدا دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە دەبێ هەوڵ بدرێ بۆ جێبەجێ کردنی ئیستحقاقی دەستوریو، جێبەجێکردنی ماددەکەو گرتنەبەری رێگای گفتوگۆو لێگەیشتنو، بەشێوەیەکی گشتیش ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە رەوشی کوردستانو جێبەجێکردنی ماددەی 140 بەشێوەیەکی تایبەت، ناکرێت بە جیا لەو ململانێیەی لەعێراقدا روودەدات تەماشابکرێت. ئەمە سەرەڕای هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێو بەرژەوەندییە نێودەولەتیەکان.

لەتەك ئەوەی کە پێویستە کەلك لە نەتەوەیەکگرتووەکان وەك قەلغانێکی رەوای نێودەوڵەتی وەربگیرێت بۆ تەکاندان بە جێبەجێکردنی ماددەکەو پەلە لێکردنی، لەکاتێکدا کە نەتەوەیەکگرتووەکان خودی خۆی داوای ماوەی زیاتری بۆ تەواوکردنی پێداویستیەکان کردوە، زۆر گرنگە لای خۆمانەوە بایەخ بە ئامادەکردنی زەمینەی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی ماددەکە بدرێت، ئەمەش پێویستی بە زیاتر یەکخستنی هەوڵی هێزە کوردستانییەکان لەکەرکوكو شوینەکانی دیکەدا هەیەو، دوورکەوتنەوە لەهەر شتێك کە کەشی کاری هاوبەش لێڵ دەکات، نەك لەسەر ئاستی سەرکردایەتی هێزە کوردستانییەکان لەو شوێنانە بەتەنها، بەڵکو لەنێو جەماوەری ئەو هێزانەشداو، ئاراستەکردنی کادیرو رێکخراوە حزبییەکانی ئەو هێزانە رووە کاری جەماوەری هاوبەش، بەوەی کە خزمەتی شارەکەو جەماوەرەکەی تێدابێت. پێویستە پەیوندی لەگەڵ خەڵکی رەسەنی ئەو شوێنانە لە تورکمانو عەرەبو کلدانو ئاشوریو سریانیو، هێزە سیاسیە راستەقینەکانیان پتەو بکرێتو، بەشەفافیەت هەڵسوکەوت لەگەڵ هاوردەکاندا بکرێت.

حزبمان جەخت لەسەر پێویستی مانەوەی هەڵوێستی یەکگرتوی کوردستانی دەکاتەوە، هەروەها خستنەگەری هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوە حکومەتی فدراڵ پابەندیەکانی خۆی لەپێناوی جێ بەجێ کردنی ماددەی 140ی دەستور جێبەجێبکات، ئەمەش لەرێگای دابین کردنی پێداویستییەکان بۆ ئەوەی لیژنەی راسپێردراو بەجێبەجێ کردنی مادەی ناوبراو بەپێی خشتەیەکی زەمەنی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکاتو، هەل بۆ ئەو هەولانە نەرەخسێندرێ کە بەدوای میکانیزمی ئەوتۆدا دەگەڕێن بۆ تەجاوزکردنی ناوەڕۆکی ماددەی 140ی دەستور، یاخود بەتاڵ کردنەوەی مادەکە لە ناوەڕۆکی راستەقینەی، وەکو بەدەنگەوە هاتنێکی داواکاری هەرێمایەتی یاخود نێودەوڵەتی.

## گرنگی پرۆژەی چاکسازیو بنیاتنانی حوکمی یاساو دامەزراوەکان

ئەزموونی کوردستان زۆر دەستەکەوتی گرنگی لەسەر ئاستی مافە نەتەوەییەکان بەدەستهێناوەو، گەلێك ئەرکی دیکەی کۆمەڵایەتیو ئابوری بۆدەستبەرکردنی خزمەتگوزاریو چارەسەرکردنی بێکاریو نەهێشتنی هەژاریو گەندەلیو چارەسەرکردنی لاوازی پرۆژەی بەرهەمهێنانو زامنکردنی مافی زەحمەتکێشان لەشاروگوندەکانو، هەمووشتێك کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ژیانێکی شایستە وخۆشگوزەران بۆ هاولاتیان، چاوەڕواندەکرێت. ئەو کۆمەڵە گرفتو ئاڵوزییەی کە لە دۆخی سیاسی کوردستاندا هەیەو رووبەڕووبونەوە و چارەسەرکردنیان پێویستی بە هەڵوەستەیەکی جیددیو بەشداری هەموو لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان هەیە، لە دەستنیشانکردنی دیاردە نێگەتیڤەکانو پێشکەشکردنی چارەسەرەکان، لەو سۆنگەیەوە کە هەموو لایەك بەشدارن لە ئەستۆگرتنو جێبەجێکردنی ئەرکەکانی قۆناغی ئێستای تێکۆشانی نیشتمانی دیموکراتی. لەوانەیە رووبەڕووبونەوەو چارەسەرکردنی ئەو گرفتو دیاردانەی رێگرن لە بەردەم وەرچەرخانی دیموکراسیدا، کارێکی سەخت بێت بە بێ هەبوونی بەرنامەیەکی نیشتمانی هاوبەش لە سەر بنەمای تەواوکردنی بنیاتنانی چەمکی دەوڵەتی دامەزراوەکانو، کاراکردنی رۆڵی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانو، ئەنجومەنی پارێزگاکانو، چاکسازیو نوێکردنەوەی دەزگاو دامەزراوەکانی ئیدارەی حکومەتو پێکهێنانی دەستەی دەستپاکی(هیئە النزاهە) سەربەخۆ یان بەسەرپەرشتی پەرلەمانی کوردستانو، بڕیاردانی دەستوورێکی دیموکراسیانەی مەدەنی عەلمانی لە کوردستاندا.

## رەوشی ئافرەتان‌و تێکۆشان بۆ دابین کردنی مافەکانیان

ئافرەتانی کوردستان لە ماوەی سالآنی رابردوودا توانیویانە بە رێژەیەکی کەمیش بێت بەشداری ژیانی سیاسی بکەن. ئەوان وەك پەرلەمانتار لە پەرلەمانی کوردستان‌و عێراق، وەکو وەزیریش لە هەردوو حکومەتی هەرێم‌و فدرالّ‌و ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، بەشداربوون. هەروەها ئافرەتانی کوردستانی پۆستی کارگێڕی‌و دادوەرییان وەرگرتووەو، یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانیش ئیلزامی کردووە کە نابێ رێژەی ئافرەت لە ئەنجومەنی هەڵبژێردراودا لە چواریەك کەمتر بێت. هەروەها چەندین تۆڕی هەماهەنگی لە نێوان رێکخراوەکانی ئافرەتان لە هەر یەك لە هەولێرو سلێمانی دروستبوون. ئەو تۆڕانە چەندین پرۆژەی یاساییان پێشکەشکردو، لە گفتوگۆکردنی ئەو پرۆژانەش بەشداربوون کە لە لایەنی پەرلەمانی کوردستانەوە لە بارەی کێشەکانی باری کەسێتی‌و توندوتیژییەوە، ئامادەکرابوون.

لە بەرامبەر ئەمەش لە سالآنی رابردوودا دیاردەو حالّەتەکانی توندوتیژی لە دژی ئافرەتاندا تەشەنەیان کرد، لەوانەش دیاردەی کوشتنی ژنان بە بیانوی ئابروبردن‌و، خۆسوتاندن‌و خۆکوژی ژنان. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی پەیوەستن بەم لایەنەوە، داواکانی پەیوەست بە پیادەکردنی توندوتیژی لە هەمبەر ژناندا، کە لە سالّی 2005 دا لە دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانیدا تومارکراون گەیشتۆتە 942 حالّەت. لە سالّی 2006 یشدا ژمارەی ئەو داوایانە گەیشتۆتە 1201 حالّەت. ئەو داوایانە پەیوەستن بە لێدانی ژنان‌و بریندارکردنیان‌و هەڕەشەکردن لە رێگەی بەکارهێنانی توندوتیژی لە دژیانداو، حالّەتەکانی کوشتنی ئەنقەسدو دەستدرێژی کردنی سێکسی‌و، لاقە (ئیغتصاب)و، دەستدرێژی لەکاتی کارکردندا، وێڕای دەستبەرداگرتنی دارونەداری ئافرەت‌و بواربێنەدانی بۆ هاوسەرگیری‌و خەتەنەکردنی ئافرەتان.

ئەو حالّەتانەی لە سالّی 2006دا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێرەوە تۆمارکراون گەیشتونەتە 102 حالّەت‌و لە دادگای لێکۆلّینەوەی هەولێریش لە هەمان سالّدا 26 حالّەتی کوشتن تۆمارکراوە. رووداوەکانی هەولّی خۆکوژی لە رێگەی خۆسووتاندنەوە کە لە لایەن پۆلیسی هەولێر تۆمارکراون گەیشتۆتە 678 حالّەت، 97٪ ی حالّەتەکان دەرحەق بە ئافرەتانی لاو ئەنجامدراون‌و، 203 ئافرەتیش گیانیان لەدەستداوە. حالّەتەکانی هەولّدانی ژنان بۆ خۆکوژی بە پێی ئامارەکانی پۆلیسی سلێمانی لە سالّی 2005 دا، گەیشتۆتە 143 حالّەت، کە 123 حالّەتیان هەولّی خۆکوژی بوون لە رێگەی ئاگر لە خۆ بەردانەوە. هەرلە سالّی 2005 دا، پۆلیسی سلێمانی 79 حالّەتی کوشتنی ژنانی تۆمارکردووە. لە سالّی 2006 یش ، 255 حالّەتی توندوتیژی تۆمارکراوە کە بوونەتە هۆی گیان لە دەستدان، لەوانە 198 حالّەتی سووتان، 44 حالّەتی مردن بە گوللە، 11 حالّەتی خنکاندن، 2 حالّەتی کوشتن بە ئامێری تیژ. هەروەها نەخۆشخانەی فریاگوزاری لە سلێمانی سالّی 2005 ، 723 حالّەتی سووتانی ژنانی تۆمارکردووەو، لە سالّی 2006 یشدا، 604 حالّەت تۆمارکراوە. لێرەدا پێویستە بگوترێ کە ئەو ئامارانەی لەبارەی بەکارهێنانی شێوە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی دژ بە ئافرەت لە کوردستاندا لە بەردەستن، قەبارەی راستەقینەی دیاردەکە وەدەرناخەن.

لە کاتێکدا کە حزبمان پشتیوانی لەو هەولآنە دەکات کە ئامانجیان راییکردنی هەموارکردنی دیموکراتییانەیە لە یاسای باری کەسێتی ژمارە 188 ی سالّی 1959 کە ئێستا لەکوردستاندا بەرکارە، بە جۆرێك یەکسانی لە مافەکاندا لە نێوان پیاو و ئافرەت مسۆگەر بکات، لە هەمان کاتدا جەختی لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەرچی زووتر یاسایەك گەلآلە بکرێت بۆ نەهێشتنی هەموو شێوەکانی توندوتیژی لەدژی ئافرەتانی کوردستان، هەروەها داوا لە بزاڤەکانی ئافرەتان‌و هێزە دیموکراسییەکان دەکات هەماهەنگی لە هەڵوێستەکانیان بکەن‌و کاری هاوبەش ئەنجامبدەن لە پێناو جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی خوارەوە:

یەکەم: توانادارکردنی ئافرەت‌و بەشداریکردنی بە شێوەیەکی یەکسان لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەلّگەدا هاوکاتی بەشداربوونی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارو گەیشتنی بە پێگەکانی دەسەلآت، کارگەلێکی بنەڕەتین لە پێناو بەدیهێنانی یەکسانی‌و گەشەکردن‌و ئاشتی دا. بۆیە پێویستە هاوپەیمانێتی گونجاو بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پێکبهێنرێت‌و، کار بۆ زیادکردنی رێژەی 25٪ بڕیار لەسەردراو وەك لایەنی کەمی بەشداری ئافرەت لە دەستە هەڵبژێردراوەکان، بکرێت.

دووەم: نەهێشتنی هەژاری بە متمانەکردنە سەر گەشەکردنی ئابووری‌و نەشونماکردنی کۆمەلآیەتی‌و پاراستنی ژینگەو دابینکردنی دادپەروەری کۆمەلآیەتی، پێویستی بە بەشداربوونی ئافرەت هەیە لە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووری‌و کۆمەلآیەتیدا. بۆیە پێویستە هەموو شێوەکانی تێکۆشانی سیاسی‌و مەدەنی‌و شارستانی لە ئێستاو ئایندەدا بگیرێتە بەر تاکو ئەم ئاڕاستەیە خۆی لە سیاسەتەکانی حکومەتدا ببینێتەوەو، ئەم داوایە بە داواکارییەکی لاوەکی ئەژمار نەکرێت.

سێیەم: مشتومڕی ئازادییە دیموکراسییەکان، مشتومڕێکە لە پێناو رۆشەنکردنەوەو عەقلانیەت‌و کەلتوری لێبووردەیی‌و قەبولکردنی ئەویترو، پتەوکردنی دیالۆگ‌و، پەیوەستە بە تێکۆشان لە پێناو مافەکانی ئافرەت‌و ئازادییە بنەڕەتییەکانی. بۆیە حزبمان پشتیوانی لەو هەولآنە دەکات کە مەبەستیانە کاری بزاڤی ئافرەتان لە سەر بنەمای هەمەڕەنگی‌و فرەیی‌و رەچاوکردنی تایبەتمەندییە رۆشنبیرییەکان یەکبخەن.

## تێکۆشانی جەماوەریو رەھەندی پەرەسەندنی

لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا، کوردستان بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی لە بواری تێکۆشانی داخوازیکارانەی جەماوەردا، بە خۆیەوە بینیوە. لەماوەی ساڵی 2006 دا، چەندین کارو چالاکی جەماوەرییانەی روویانداو، هۆکارو پاڵنەرەکانی زۆربەی ئەو چالاکییانەش تەشەنەکردنی گرفتی رۆژانەی جەماوەرو نەبوونی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی وەکو تەزووی کارەباو کەمی ئاوی شیاوی خواردنەوەو کەمی خزمەتگوزاریو هەلی کارکردنو، چەندین داواکاری دیکەیان لە پشتەوە بوو، هاوکاتی رووکارەکانی گەندەڵی.

ئیدارەی حکومەتو هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشی کوردستان بە شێوەیەکی نادروست مامەڵەیان لەگەڵ هەندێ لەو جموجوڵانە کرد. ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر رێڕەوی ئەو جموجوڵە جەماوەرییانەو، ئەو رەفتارانەش لەلایەن کەسانێکەوە بەشێوەیەك قۆزرانەوە کە هەندێ کاریان کرد لە بنچینەدا ناکۆك بوو لەگەڵ ئامانجی خۆپیشاندەراندا.

رێکخراوەکانی حزبمان لەهەندێك ناوچەی کوردستان لە رۆژی شەهیدی شیوعیو رۆژی جیھانی کرێکارانی 2007 دا، دەستپێشخەربوون لە ئەنجامدانی رێپێوانی جەماوەریی، کە مۆرکێکی مەدەنیانەی دیموکراسیو دیسپلینی هۆشمەندییانەی بەرزی تێدا هەبوو. ئامانج لە ئەنجامدانی ئەو دوو چالاکییە پێشکەشکردنی داواکاری رۆژانەی جەماوەرو پێداویستییە بنەڕەتییەکانی کرێکارانو زەحمەتکێشان بوو بە دەسەڵاتەکانی حکومەتو، مەشق پێکردنی جەماوەریش بوو بۆ خۆدانە بەر تێکۆشانی جەماوەرییانە بە شێوازێکی مەدەنی شارستانییانە.

## سیاسەتی ئابوریو ئاقاری گەشەسەندن

سیاسەتی ئابووری لە کوردستانو سەرجەم عێراقدا متمانە دەکاتە سەر پڕاکتیزەکردنی سیاسەتی" چاکسازی ئابووری"، ئەمەش بەپێی مەرجەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیو بانکی نێودەوڵەتی، بەرێوەدەچێت، بەمەبەستی راییکردنی گۆڕینێك لە هەیکەلی ئابووریو گۆڕینی لە "ئابووریەکی دەوڵەتییانەی فەرمانییەوە - اقتصاد دولە اوامری"، کە متمانە دەکاتە سەر پلاندانانی ناوەندیو بالادەستی کەرتی دەوڵەتو ئیدارەیەکی بیرۆکراسیانەی مشەخۆر، بەرەو ئابوورییەکی بازاڕیی لەدەست دەرچوو(منفلت)، بەپێی قەناعەتی پێشوەخت بە هزری لیبراڵی نوێ، کە پێویستی بەوەیە بازاڕ ببێتە تەوەرو میکانیزمێك بۆ ئاراستە چالاکی ئابووریو داهاتو هەنگاو بنێ بەرەو بەتایبەتکردنێکی(خصخصە) گشتگیرو خێرا، تەنانەت بێ ئەوەی پێشتر لێکۆڵینەوەی جیددیو راستەقینە لە ئارادابێت. بەپێی ئەم سیاسەتەش بێت رۆڵی ئابوورییانەی حکومەت بە شێوەیەکی ریشەیی بەرتەسك دەکرێتەوە کە دەگاتە نەهێشتنی ئەو رۆڵەو پەلەی یەکەم بە کەرتی تایبەت دەدات.

ئەم سیاسەتە بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵگەی کوردستان ببێتە کۆمەڵگەیەکی مشەخۆرو تەنانەت پێداویستییەکانی بەکاربردنی رۆژانەش لە بواری بەرھەمھێنانی کشتوکاڵیو سامانی ئاژەڵیش لە دەرەوە بھێنێت.

هەروەها ئەم سیاسەتە سەرباری سیاسەتەکانی رژێمی پێشوو بووە هۆی بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاریو هەژارکردنو پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتیو بەرزبوونەوەی رێژەکانی هەڵئاوسان بەهۆی لە ناوچوونی پەیتاپەیتای وزەکانی بەرھەمھێنانی خۆجێی، بەتایبەتیش لە هەردوو کەرتی کشتوکاڵو پێشەسازیدا، بەرامبەر شالاوی کالای هاوردە. هەروەها مانەوەی بێکارییەکی فراوان گوشاردەخاتە سەر کرێیە راستەقینەکانو، چەسپاندنی متمانەکردنە سەر داهاتەکانی بەشی هەرێم لە گوژمەی گشتی ئیتحادی وەك سەرچاوەیەك بۆ داپۆشینی تێچووەکانی بودجە.

یاسای وەبەرھێنان لە کوردستاندا بەپێی خەسڵەتەکانی لیبراڵیزمی ئابووری زێدەڕۆ داڕێژراوەو دەرچووە. لە تێبینییەکانمان لە بارەی ئەو یاسایە جەختمان کردۆتەوە کە پێویستە وەبەرھێنان بە شێوەیەکی گشتی هانبدرێتو، وەبەرھێنانی نیشتمانیش هانبدرێتو، پڕانسیپی فرەیی لە بواری مولکداریدا پێڕەوبکرێت. سەرباری ئابووری بازاڕ و میکانیزمەکانی پێویستە رۆڵی حکومەتو دەست تێوەردانی لە ئابووری نیشتمانیو بەجێھێنانی ئەرکە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی پشتگوێ نەخرێتو، هەروەها کەرتی تێکەڵاو هانبدرێ و حکومەتیش لە کەشێکی ئاشکراو شەفافییەتی ئابووریدا بەشداری وەبەرھێنان بێتو، سامانە سروشتییەکانی کوردستان بپارێزرێو، میکانیزمێکی رۆشەن بۆ کارکردن لە سایەی ئابووریەکی بازاڕی رێکخراودا دابنرێت. هەر لەم روانگەیەشەوە داوامان کرد سەرمایەی ناوخۆیی هانبدرێتو بەشداری حکومەت لە پڕۆژە بنکەییەکانو ئەوەی پەیوەستە بە پیشەسازییەکانی تەحویلیو کارەباو خانووبەرەو رێگاوبانو پردەکان مسۆگەر بکرێت، سەرباری دەستەبەرکردنی بەشداری هێزی کاری نیشتمانی لەو پڕۆژانەو، پاراستنی مولکداری زەوییەکان لە کوردستانداو، هەروەها دەرکردنی چەند یاسایەك بۆ پاراستنی بەکاربەرو بەرھەمی ناوخۆییو پاڵپشتیکردنی.

## هەڵوێستمان سەبارەت بە سیاسەتی نەوت

سەبارەت بە سیاسەتی نەوت، حزبمان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سامانی نەوت، بەتایبەتیش ئەمبارکراوەکەی، بەحوکمی سروشتە ستراتیژییەکەی وەك مولکێکی گشتی گەل بمێنێتەوە. ئەم دۆخە تازەیە پێویستی بە رۆڵی کارای هەرێمی کوردستان لەنەخشەکێشانیدا بۆ بەرهەمهێنانی نەوتو ئیدارەدانی دەبێت لە هەڵسوڕاندنو دەرهێنانی سامانە سروشتییەکانو دۆزینەوە جیۆلۆجییو جیۆفیزیاییەکان بۆ گەڕانو هەڵکەندن بە دوای نەوتو گازدا. پێویستە بە پێی دەستوور حکومەتی هەرێم لە گەڵ حکومەتی فدراڵیدا بەشداربێت لە کاتی ئەنجامدانی گرێبەستەکان لە گەڵ کۆمپانیا بیانییەکان لە پێناو گەشەپێدانی بیرە نەوتەکانی کوردستانی عێراق. لەلایەکی دیکەدا ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لەمانگی ئابی/2007 بڕیاری لەسەر یاسای نەوتو گازی هەرێمی کوردستان دا، کە لەنێوەڕۆکیدا پشتی بە دەستوری فدراڵیو رەشنووسی یاسای نەوتو گاز، کە لە مانگی شوباتی 2007 لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتحادی، رێکەوتنی لەسەر کەراوە،بەستوە، کە ئێستا ئەم پرۆژە یاسایە لە چاوەڕوانی بڕیاری پەرلەمانی عێراقیە لە خولی نوێی خۆیدا، دوای ئەوەی بڕیاردان لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە لە پەرلەمانی عێراقدا بەهۆی دابەشبوونی کوتلە سیاسیەکانو هەڵوێستیان لەیاساکەدواکەوت. لە بواری گرێبەستی نەوتدا حزبمان وای دەبینێ کە بەرهەمهێنانی نیشتمانی ناوخۆیی باشترین رێگایە کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ هاوکاری کۆمپانیای وڵاتان لەسەر بنەمای گرێبەستی (خدمە) لەچاڵە دۆزراوەکانو بەرتەسکردنەوەی گرێبەستی (بەشداری) لەچاڵە نوێیەکانو نەدۆزراوەکانو ئەوانەش کە دەکەوێتە ناوچە دورەدەستەکانو دۆزینەوەی تێدا گرانەو خەرجی زۆری دەوێ بۆ بەرهەمهێنانی. پێویستە شێوەی کۆتایی یاسای نەوتو گاز بەجۆرێك بێت کە مافی هەموان مسۆگەر بکاتو زەمانەتی باشترین ئیدارەدانی پیشەسازی نەوتی بکاتو بەشێوەیەکیش بێت کە شەفافیەت لەو گرێبەستانەو دادوەری لەدابەشکردنی سامانەکەدا، دابین بکات.

## گرنگی بایەخدان بە شێوازە جیاوازەکانی مولکداری

هەرێمی کوردستان پێویستی بە سیاسەتێکی دیراسەکراو هەیە کە رۆڵی کەرتی حکومەت رەچاو بکات لە رێگەی چاکسازیو گەشەپێدانی رۆڵی ئەو کەرتە لە رێگەی دابینکردنی ئیدارەی ئەستۆپاكو لێهاتوو، دانانی دەستەی چاودێریی کاراو، کارکردنی بێوچان بۆ دژایەتی کردنی بیرۆکراسیەتو، نوێکردنەوەی سەرتاسەر لە نێو ئیدارەکاندا. لەوەشدا کە پەیوەندی بە کەرتی تایبەتەوە هەیە دەبێ یاساو رێسا دەربچن تا بازاڕ رێکبخرێو مافی کرێکاران مسۆگەر بکرێو، مافی بەکاربەرانو لایەنەکانی گرێبەستەکانو مەرجەکانی کێبڕکێ مسۆگەر بکرێتو، کۆنترۆڵی چۆنایەتی بەروبوومو کەلوپەلە ئالۆێرپێکراوەکان دەستەبەربکرێتو ماوە بە قۆرخکردن نەدرێ، سەرباری جەختکردنەوە لە سەر پتەوکردنی رۆڵی دەزگاکانی چاودێری دارایی دەوڵەت لەم پرۆسەیەدا.

گەشەپێدانی ئابوری پێویستی بە پەرپێدانی پەیوەندی نێوان هەردوو کەرتی تایبەتو حکومەتو پێشبڕکێ لەهەندێك بواردا، هەیە، وێرای گەشەپێدانی شێوازە جیاوازەکانی مولکداری: گشتیو تایبەتو تێکەڵاوو هەرەوەزی، بە شێوەیەك وەڵامدەر بێت بە پێداویستیەکانی ئابوری هەرێمو بە گەشەپێدانێکی هاوسەنگ.

## رەوشی کشتوکاڵیو گرفتەکانی

لەبواری کشتوکاڵیدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە رووبەری ئەو زەوییانەی بۆ کشتوکاڵ دەشێن لە پارێزگاکانی هەرێم(هەولێر، سلێمانی، دهۆك) بە پێی ئەو ئامارانەی لە وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمەوە دەرچوون 5329519 دۆنمە. زۆربەی ئەو زەوییانە دەکەونە سنووری ئەو ناوچانەی مسۆگەرو نیمچە مسۆگەرکراوی بارانـاوین یان ئاودێرین. کەچی ئەو رووبەرانەی سوودیان لێوەردەگیرێ نزیکەی 33٪ ی ئەو زەوییانە پێکدەهێنن، کە بۆ کشتوکاڵکردن دەستدەدەن. پێکهاتەی بەروبوومی ساڵانە پێکدێت لە بەروبوومەکانی دانەوێڵە کە نزیکەی 85٪ ی ئەو زەوییانەی ساڵانە دەچێنرێن پێکدەهێنێت، سەوزەکان نزیکەی 7٪ ی پێکدەهێنن، بەروبوومە زەیتییەکان نزیکەی 4٪ی زەوییە چێنراوەکان پێکدەهێننو، بێستانەکانیش رێژەیەکی زۆر کەم پێکدەهێنن. ئەو رێژانەی سەرەوە لە بواری ئاسایشی خۆراکیدا هەڕەشەیەکی گەورەن بۆ سەر هەرێم، بە جۆرێ دەبینین کەلێنێکی گەورە لە نێوان رێژەکانی بەرهەمی کشتوکاڵی لە گەڵ ئەو پێداویستییانەی داواکاری خۆجێی دەیانخوازێ لە ئارادایەو، زۆربەی پێداویستییەکانی ئەم بوارەش بە دراوی قورس(العملە الصعبە) لە وڵاتانی ناوچەکە دەهاوردرێن.

ئەو سیاسەتەی لە بواری کشتوکاڵیی هەرێمدا پێڕەو دەکرێت بەشدارە لە جێگیرکردنی ئەم دۆخە ناسروشتییە. ئێستا پرۆژەکانی بیناسازیو شارییەکان لە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان ئەنجامدەدرێن، ئەمەش لە رێگای کوژاندنەوەی زەوی کوشتوکاڵی بەمەبەستی فرەوانکردنی سنووری شارەوانی پارێزگاو شارۆچکەکانو لەرێگای کڕینەوەی ئەو زەوییە کشتوکاڵیانە لەلایەن سەرمایەدارو ساماندارە تازەکانەوە بۆ ئەوەی شوێنەواری گەشتوگوزاریی تایبەتی لە سەر دروستبکەن، یان بۆ کاروباری دوور لە بەرهەمی کشتوکاڵی بە کاریان بهێنن. بە شێوەیەکی

گشتی کەرتی کشتوکاڵی بە دەست زۆر کێشەوە گرفتارە لەوانەش کەمی پرۆژە کشتوکاڵییەکانو نەبوونی ئەو کارگانەی متمانە دەکەنە سەر بەروبوومی کشتوکاڵی خۆجێییو، لاوازی بەرچاو لە دابینکردنو بەکارهێنانی پەیینی کیمیاییو تۆو دەرمانی قەڵاچۆکردنی پەتای کشتوکاڵی، سەرباری باری خراپی جەنگەڵەکانو لاوازی لە بەڕێوەبردنو هەڵسوڕاندنیانو بایەخ نەدان بە لەوەڕگە سروشتییەکانو، سوود وەرنەگرتنی پێویست لە سەرچاوە ئاوییەکانی بەردەستو، دواکەوتوویی لە بواری بە ئامێرکردنی کەرتی کشتوکاڵیو، لاوازی لە خزمەتگوزارییەکان ناردنە بازاڕو کەمی بایەخدان بە سامانی ئاژەڵیو ماسی. چەندین پرۆژەبڕیار لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوون بۆپاراستنو پشتیوانی کردنی بەرهەمی کشتوکاڵیو، پەکخستنی ماددەی 8 ی یاسای ژمارە 90 یاسای ڕێکخستنی خاوەنداریێتی زەوی کشتوکاڵی، کەچی یاساکانی ئێستا کە چالاکییە کشتوکاڵییەکانو موڵکیەتی کشتوکاڵی ڕێکدەخەن، بە شێوەیەکی گشتی نەشیاو و نەگونجاون. ئەمەش پێداویستی یاسای نوێ بۆ چارەسەرکردنی کێشە کشتوکاڵییەکان دەخوازێت.

لەوەی کە لە پێشدا ئاماژەمان پێکردن، ڕووندەبێتەوە کە بەکردە پێویستیمان بە پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵی هەیەو، هاوکاتیش پێویستە نەخشەیەك بۆ سیاسەتێکی کشتوکاڵی دابڕێژرێت لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە کە متمانە بکاتە سەر هاندانو پشتیوانیکردنی ئەم کەرتە، تاکو لە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووریدا ئەکتیڤ بێت، لە ڕێگەی نوژەنکردنەوەی شێوازو هۆیەکانی بەرهەمهێنان بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنانی سەرچاوە سروشتییەکانو بایەخدان بە توانا مرۆییەکانو هەنگاونان بەرەو دابینکردنی ئاسایشی خۆراکیو بەرفراوانکردنی وەبەرهێنانی ئەو زەوییانەی بۆ کشتوکاڵ دەستدەدەنو، پێشگرتن لە دروستکردنی پرۆژەکانی بیناسازی لە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکانو، پاراستنی بەرهەمی خۆجێییو، پێشکەشکردنی پشتیوانی پێویست بە جووتیارانو ئامادەکردنیان لە پێناو هاندانی بەرهەمی کشتوکاڵیو ئاژەڵیو، سوود وەرگرتنی باشتر لە سەرچاوە ئاوییەکان لەڕێگای دروستکردنی بەنداو ڕێکخستنی تۆڕی ئاودێریو دانانی ڕێوشوێن بۆ لێدانی بیری ئێرتوازیو کەلك وەرگرتنی باش لەئاوی ڕووبارەکانو گۆڕینی هاوکێشەی بەدێهاتکردنی شارەکان بە بەشارکردنی دێهاتەکانو، کەمکردنەوەی جیاوازی نێوان دێهاتو شار لە ڕووی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانەوە لە ڕێگەی ڕاکێشانی ڕێگاوبانو پردو کارەباو دامەزراوە خزمەتگوزارییەکانو پاراستنو پشتیوانیکردنی بەرهەمی جووتیارانو پێشکەشکردنی پێداویستییە زەرووریەکان تاکو کۆچی پێچەوانە بجولێنرێت، چونکە دێهاتەکان پێگەیەکی گرنگی ئابووری کوردستانن.

## ڕێکخستنی پەیوەندییە بازرگانییەکان

پەیوەندیە بازرگانیەکانی هەرێم لەگەل دەروە، بەتایبەتیش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا، پێشکەوتنی بەخۆوە دیوە، بەڵام سروشتی ئەو پەیوەندیە یەك لایەنەیە، چونکە ڕێژەی هاوردە دەهێندەی هەناردەیە، ئەمەش بەهۆی لاوازی لەبەرهەمی ناوخۆییو نەبوونی پێوەرێك بۆ میکانزمی بازاڕ. ئەم هەلومەرجە وا دەخوازێ گرنگیەکی جدی بە باشترکردنی بەرهەمی ناوخۆییو، دەرکردنی یاسای نوێ بۆ بازرگانی ناوخۆیی و دەرەکی، بدرێت، بە جۆرێك چارەسەری ئەو بێسەروبەرییەی بازارو لاوازی ڕێکخستن بکاتو، چاودێریش لەسەر کاڵاهاوردەکان لەرووی جۆریی وماوەی ئێکسپایەربوونو نیشانەی شیوێنی بەرهەمهێنانی و مافی موڵکایەتی باشتر بکاتو، سزای گزی وساختەییکردن بەناوبانگی کاڵاکان، بدات. سەرەڕای ئەوەش یارمەتیدەری پاراستنی بەکاربەرو، هاندەری گەشەپێدانی کەرتی بازرگانی بێتو، داهاتی دارایی بۆ هەرێم زامنبکات.

## پێویستی پاراستنی بەرژەوەندی کرێکارانو زەحمەتکێشانو سەرجەم کارگەرانی هزرو بازوو

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو، دوابەدوای ئەو پێشکەوتنانەی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی بەخۆیەوە بینیو ڕەنگدانەوەیان بە سەر تەواوی ناوچەکەوە، گۆڕانکاری چۆنایەتی لە سروشتی چینی کرێکاردا ڕوویانداو، تائێستاش ئەو چینە بە دەست ئەو سیاسەتە ناڕەوایانەی لەلایەن دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە گۆڕنراوەوە پیادەدەکران، گرفتارەو، هێشتاکەش کرێکارانی کەرتی حکومی، بە فەرمانبەر ئەژماردەکرێنو، لە ڕووی یاساییەوە ناسنامەو مافە چینایەتییەکانیان بۆ نەگەڕاوەتەوە. هەروەها پاکتاوکردنی کەرتی حکومی وەك سیاسەتێکی لیبرالیزمی نوێ، بەردەوامەو، زۆربەی ئەو کارگانەش کە فرۆشراون یان بەکرێ دراونەتە کەرتی تایبەت بۆ بەرهەمهێنان، بەکارنەهێنران.

لە عێراقدا بە هۆی سروشتی بۆرژوازی مشخۆرو بوونی بیرۆکراسی لە بەڕیوبەرایەتی کاری حکومەتدا کە کۆنترۆڵی چالاکی ئابووری کردووەو، سەرباری کەمی کارگەو پرۆژە حکومییە بەرهەمهێنەکان لە کوردستاندا کە پاکتاودەکرێن، ڕۆڵی توێژە مامناوەندییەکان بەرچاو ناکەوێو ژمارەو توێژێکی بەرفراوانی چینی ناوەڕاست چوونەتە ڕیزی زەحمەتکێشان کە بەرفراوانبوونێکی گەورە بە خۆیەوە دەبینێ بە جۆرێ سەرجەم کارگەرانی هزرو بازوو دەگرێتەوە.

حزبمان جەخت لە سەر پاراستنی مافی کرێکارانو سەرجەم کارگەرانی هزرو بازوو دەکاتەوەو، داواش دەکات، بەپێی پێودانگە نێودەوڵەتییەکان، یاسایەکی نوێو عادیلانەی کار بریار بدرێت کە بنەما سەرەکیەکانی کارکردنو سەرلەنوێ بیناکردنەوەی هێزی کاری حکومەت زامنبکاتو، سنور بۆ نەهێلانی بێکاری دەمامکدراو، دابنێو، کار بۆ دانانی پلانی راهێنانی پیشەییو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیو لێزانی هێزی کارگەران بەشێوەیەك یارمەتیدەربێت بۆ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا، بکات. هاوکات لەگەڵ ئەمەدا، یاسایەکی نوێی بیمەی کۆمەڵایەتی دەربچێت. لەهەمانکاتیشدا پێدادەگرێ لە سەر ئازادیو سەربەخۆیی رێکخستنی سەندیکای کرێکارانو توێژە هەمەرەنگەکانی زەحمەتکێشانو، ئازادی چوونە ریزی سەندیکاکانو، بەشداربوونی خودی کرێکارانو زەحمەتکێشان لە هەڵبژاردنی سەندیکای ئازاد، کە گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی ئەو نێوەندانە بکا.

## کاراکردنی رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، رۆڵێکی بنچینەیی لە بەدیهێنانی دیموکراسیدا دەگێڕنو، لە رێگەی بەشداری ئارەزوومەندانە لە بواری گشتیو سیاسیدا، ئامرازێکی دەستپێشخەری تاکەکانە کە گوزارە لە ویستی ئازادانەو، ئەو بەشدارییە پۆزەتیڤە دەکات کە هەڵقولاوی کاری خۆبەخشییە. حزبمان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پەیوەندی نێوان حکومەتو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستە لە سەر بنەمای رێزگرتنی سەربەخۆیی رێکخراوەکان بێت، بەتایبەتی لەو خاڵەنەدا کە کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەت پێکدەگەن و تێهەڵدەکێشرێن. کاتێك دەستێوەردانی حکومەت سنووردارو بەرتەسك بێت، واتای ئەوە دەبەخشێ کە حکومەت دەست ناخاتە نێو کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، تەنها لە بەرتەسکترین سنووردا نەبێ. لەم حاڵەتەشدا دەستێوەردانەکەی رێزگرتنی تەواوی مافو ئازادییەکانی ئەو رێکخراوانە پێشێل ناکاتو، بەم جۆرەش رێگا والا دەبێ کە کۆمەڵگەی مەدەنی شێوەیەك لە چاودێری لەسەر کارو رەفتارەکانی حکومەت، بکات.

لەو کۆمەڵگەیانەی پەروایێزیکی دیموکراسی تێدا بەدی دەکرێ، هەروەها لەوانەش کە بە قۆناغی گواستنەوەدا تێدەپەڕن هەروەکو ئێستای وڵاتەکەمان، کۆمەڵگەی مەدەنی بە یەکێك لە ئامرازەکانی گواستنەوە بەرەو دیموکراسی لەقەڵەم دەدرێو، هەبوونو هێزەکەی بە گرنگترین مەرجەکانی گواستنەوە بەرەو دیموکراسی زیاتر و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دادەنرێن.

## دەستوری هەرێمی کوردستان

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە 1992/10/4دا شێوازی فدرالیەتی هەڵبژارد وەك بنەمایەك بۆ پەیوەندی هەرێمی کوردستان بە حکومەتی ئیتحادی لە عێراقێکی دیموکراتی فدراڵدا. پەیوەست بەو هەڵبژاردنەو، دوای گۆرانکاری لە پێکهاتەی دەوڵەتی عێراق پاش روخاندنی دیکتاتۆریو، لە ئاکامی پێداویستیی بنیاتنانی سیستمی دەسەڵاتو بەرێوەبردن لە هەرێمدا، دەبێ پەلە لە بریاردانی دەستوری هەرێمی کوردستان بکرێتو، ئەم مەسەلەیەش گرنگییەگی تایبەتی هەیە بۆ دەستنیشانکردنی شێوازو مۆرکی سستمی سیاسیو، بنەما ئابوریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکانیو، روونکردنەوەی ئەرکو دەسەڵاتی دامەزراوە باڵاکانی دەسەڵاتو، پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر داو، ئەمەو، جگە لە گرنگی ئاماژە کردن تیایدا بۆ مافو ئەرکی هاووڵاتیان. هەروەها گرنگی ئەو دەستورە لەوەدایە کە یاسای بناغەییە بۆ تێکرای یاساکانی دیکەی هەرێم.

حزبمان پێی وایە کە دەبێ دەستوری چاوەروانکراو پرانسیپە سەرەکییەکانی سیستمی سیاسی دیموکراسی فدراڵ لە کوردستاندا بگرێتە خۆی، لەوانەش جیاکردنەوەی سنوری دەسەڵاتەکانو، زامنکردنی ئاڵوگۆرکردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتو، دابینکردنی پرانسیپی چاودێریو، یەکلاکردنەوەی ناکۆکی سەبارەت بە تایبەتمەندی کاری دەسەڵاتەکان لە رێگای دادگای دەستوریی باڵاوە.

پێویستە ئەو دەستورە تێکرای مافو ئازادییەکانی تاك لە بواری سیاسیو رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو ئابوری،کە لە پەیماننامەو رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتوون، لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون، بگرێتە خۆو، دابینی یەکسانی بەرامبەر یاساو دادگاو، ئازادی بیروبۆچونو کۆبونەوەو، مافی خوێندنو، مافی کارو، بیمەی کۆمەڵایەتیو، سەرپەرشتی دایکایەتیو مافی منداڵان، بکات.

هەروەها گرنگە ئەو دەستورە بە شێوەیەکی روون، ئاماژە بە مافی نەتەوەکانی تورکمانو، کلدان ـ ئاشوری ـ سریانو، عەرەبو، یەکسانی نێوان هەموان لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون، بکاتو، مافی رۆشنبیریو ئیداری بۆ ئەو نەتەوانە تا دەگاتە شێوازێك لە حوکمی زاتی لەو شوێنانەی زۆربەی دانیشتوان پێکدێنن، بداتو، یەکسانی نێوان تێکرای پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان کە تایبەتمەندی کەلتورییان هەیە، مسۆگەر بکات.

## پەیوەندییە نیشتمانییەکان

حزب رووبەرووی حاڵەتێکی واقعی دەبێتەوە کە لە چەندایەتی بەرنامەو پرۆژەکانو، مامەڵەکردنی هەر لایەنێك لەگەڵ خودی پرۆژەکەی، وەك بنەمایەك بۆ قۆناغی داهاتوو، بەرجەستە دەبێت. لە هەمان کاتدا ئامانج و بەرژوەندی هاوبەش هەن کە بەرنامەی لایەنە سیاسیە جیاوازەکان دەریدەبڕن. هەندێ جار شێوەیەك لە شێوەکانی ئەو ناکۆکییانەی نێوان هێزە سیاسییەکاندا هەن لە ئاکامی کاریگەریی هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا بەدیار دەکەوێ، یان کز دەبێ، بە هەمان شێوە ئەو ناکۆکیانە لە ژێر کارتێکردنی توانا خودییەکانی لایەنە ناکۆکەکانی نێو پرۆسەی سیاسیدایە. هەڵوێستی هەر لایەنو قەوارەیەکی سیاسی بەرامبەر بەو ناکۆکییانەی لە گۆڕەپانی سیاسیدا هەنو، ناوەڕۆکی بەرنامەی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتییە گشتیەکەیی، لە چوارچێوەی میکانیزمەکانی کاری دیموکراسی بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ ئەویترو، ئەکتیڤبوون لەگەڵیدا، بنەمای پەیوەندی حزبمان لە گەڵ ئەو لایەنە، پێکدەهێنێت.

حزب ئەرکەکانی ئەم قۆناغە لە چوارچێوەی دەستنیشانکردنی ئەرکی قۆناغی مێژوویی‌و، لە سەر بنەمای دەستنیشانکردنی هێزە بزوێنەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیو مامەڵە کردنو کارتێکردنی لە گەڵ ئەو هێزانەدا، لە پێناو بەدیهێنانی ئەو ئەرکانەیدا، دەستنیشاندەکات. هەروەها لە پەیوەندییە نیشتمانییەکانیدا هەوڵدەدات رۆلی سیاسی هەبێت بە ئامانجی دۆزینەوەی ئەو خاڵە هاوبەشە هەنووکەییانەی بنیاتنراون لە سەر هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر ناکۆکییەکی دیاریکراو، لە رێگەی سازاندنی بەرژەوەندە لێکنزیکەکان لە پێناوی دروستکردنی بڕیارێکی هاوبەشو گوتارێکی یەکگرتوو، کە سوودی هەموو لایەنەکانی تێدا هەبێت، بەپێی پرانسیپی تەبایی و ئاشتەوایی، لەپێناو بیناکردنی دەوڵەتی هەمووان.

حزبمان لە سیاسەتی گشتیدا کە پەیوەستە بە پەیوەندییە نیشتمانییەکان جەختی کردۆتەوە لەسەر پتەوکردنی گیانی هاوکاریو هاوخەباتی لە گەڵ حزبە کوردستانییەکان، لەو روانگەیەوە کە داکۆکی کردن لە پێداویستییەکانی جەماوەرو کێشەی نیشتمانی کوردستان، بە یەکەوە گرێ بداتو، ئامانجەکانی ئەم کێشەیە لەم قۆناغەدا بهێنێتەدی. پەیوەندیەکانیشی لە گەڵ تەواوی هێزە کوردستانییەکان لە سەر ئەو بنەمایە بنیاتناوە.

حزبمان لە پەیوەندییە سروشتییەکانیدا لە گەڵ دامەزراوە دەستوورییەکان بەردەوام بووە لە رێگەی نوێنەرانی حزب کە بەشداربوون لە دەستەکانی نوێنەرایەتیو حکومیدا. هەروەها نوێنەرانی حزب لە پەرلەمان و هەردوو ئەنجومەنی وەزیرانو پارێزگاکاندا هەوڵدەدەن داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی جەماوەر بکەنو بەهاکانی پێشکەوتنو گەشەکردنی کۆمەڵایەتی لە هەموو ئەو شتانەدا بکەنە بنەمایەك کە پەیوەندیان بە کاروباری گشتییەوە هەیە. هەر لەم روانگەیەشەوە حزبمان بەشداری لە ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکانی کوردستان کرد.

## هەڕەشەی وڵاتانی دراوسێو پێشێلکارییە بەردەوامەکانیان

کوردستان رووبەڕووی گەفو هەڕەشەی توندو، دەستدرێژی سەربازی لەلایەن تورکیاو ئێران بۆتەوە. گوندوناوچە سنوورییەکان کەوتونەتە بەرهێرشی تۆپبارانکردن، بەبیانووی لێدانی ئەندامانی(پژاك)و(pkk)و، لە ئاکامی ئەمەشدا زیانی گیانیو مادیو ژێرخانی بەدانیشتوانی ئەوناوچانە گەیشتووە، بەشێوەیەك ناچاری جێهێلانی کردوون. لەناوەڕاستی تشرینی یەکەمی 2007وە تورکیا ئاستی گەفەکانی بەرزکردۆتەوەو هێزی سەربازی زۆری لەسەر سنوورەکانی هەرێم کۆکردۆتەوە، پاشانیش پەرلەمانی ئەو وڵاتە رێگای بەحکومەتەکەی داوە بۆ هێرشکردنە سەر هەرێمو، بەرامبەر ئەم کارەش نارەزایی لە ئاستی نێودەوڵەتیو هەرێمایەتی وعێراقیدا، هەیە.

مەبەستی تورکیا لەم هەڕەشانە، لاوازکردنی ئەزموونی هەرێمی کوردستانو، رێگاگرتنە لەجێبەجێکردنی ماددەی 140، ئەمە سەرەڕای هەولۆێستی مێژوویی تورکیا لە پرسی نەتەوەیی کوردو داخوازیەکانی لە کوردستانی عێراقدا. هەروەها ئەم دەستدرێژییە دوور نییە لە ململانێی نێوخۆی تورکیا، لەنێوان دامەزراوە سەربازیو مەدەنییەکان، لەسەر شوناسی دەوڵەتو هەمووارکردنی دەستور. هەر ئەو توندکردنەش پەیوەندی بە سیاسەتی ئەو دەوڵەتانەوە هەیە کە هەوڵی چارەسەرکردنی قەیرانی ناوخۆییان لە دەرەوەی سنوریان دەدەن، لە کاتێکدا ئەو دەوڵەتانە بە هۆی تاکڕەوەی دەسەڵاتی نەتەوەی باڵادەست لە سایەی کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوەییدا، دوچاری قەیرانی ناسنامە بونەتەوەو، کار بۆ سرینەوەی ناسنامەی نەتەوەی دووەم و زەوتکردنی مافەکانیو قەدەغەکردنی رێکخراوە سیاسییەکانی، دەکەن. ئەم قەیرانەش بەئەزمونی مێژوو سەلمێنراوە، کە بە بەکارهێنانی چەك و هێزی سەربازی، چارەسەرناکرێتو، پێویستە رێگای ئاشتیانەو داننان بە فرەیی نەتەوەیی لە دەستورداو، داننان بە مافە رەواکانی گەلی کورد لەو وڵاتانەدا، بنرێ، بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو وڵاتانە لە ئاشتیو ئاسایشدا بژین.

بە شێوەیەکی گشتی رووبەڕووبونەوەی هەرێم لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هەڕەشانەی ئێستاو، تەنانەت هەڕەشە چاوەڕوانکراوەکانی ئایندەش لە لایەنە هەرێمایەتییەکانەوە، یاخود لە لایەنە نێودەوڵەتییەکانەوە، پێویستە بە شێوەیەکی هۆشمەندانەی دوور لە کاردانەوەی خێرا، بێتو،

دوور لە زمانی هەڕەشەو گەف بێتو، پێویستە جەخت بكرێتە سەر پاراستنی بەرژەوەندیە هاوبەشەكانو ڕێزگرتن لە سەروەری نیشتمانیی تەواوی ولآتانی ناوچەكەو ئیرادەی سەربەستی گەلانیانو، داماڵینی فتیلەی ناكۆكییەكانو، گەڕان بەدوای ڕێگاچارەی دیموكراسیانەو ئاشتیانەو دادوەرانەی كێشە ناوخۆییەكانو، دەستێوەرنەدان لە كاروباری ناوخۆییو، گەڕانەوە بۆ بنەماكانی یاسای نێودەوڵەتیو ڕێساكانی نەتەوە یەكگرتووەكان، لە مامەڵەكردن لە گەڵ مەسەلە سنورییەكاندا.

لە هەمان كاتدا دەبێ حكومەتی فدراڵ ڕۆڵی چاوەروانكراوی خۆی ببینی لە داكۆكیكردن لە سەربەخۆییو، سەروەری نیشتمانی.

## پێشهاتەكانی ڕەوشی سیاسی لە عێراقدا

حزبمان مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەكانی ڕەوشی سیاسیو، هەنگاوەكانی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دەكات، لە چوارچێوەی ڕێبازێك كە جەخت لەسەر گرێدانی، ئەركە نیشتمانیەكانو بیناكردنەوەی بنەمای دەوڵەتی عێراق، بە ئەركە دیموكراسییەكان، كە خۆی، لە پێویستی بلاَوكردنەوەو بتەوكردنی بنەماكانی دیموكراسیو بیناكردنی ڕژێمێكی دیموكراسی فیدرال، لەسایەیدا مافە دیموكراسییە ڕەواكانی گەلەكەمان بەدەستبێتو، داننان بە كوردستان وەك هەرێمێكی فدراڵ لەچوارچێوەی دەولەتی عێراقی فدراڵدا، دەنوێنێ. ئەمەش هەر لە بەشداریكردنی حزبی شیوعی عێراق لە ئەنجومەنی حوكمو، بەشداری حزبمان لە هەڵبژاردنو، ڕاپرسی لەسەر دەستورو، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو، وای دادەنێ ئەو گۆڕەپانانە بوارێكن بۆ ململانێ كردن لەپێناو گێڕانەوی تەواوی سەروەری نیشتمانیو وەدەرنانی هێزە بیانییەكانو، تێكۆشان لە پێناو دەوڵەتێكی دیموكراسیو مەدەنیو، پێشكەوتنو، داكۆكیكردن لە بەرژەوەندی زەحمەتكێشان. لێرەدا ناكرێت مامەلە لەگەڵ یەكێك لەو دوو ئەركانە(ئەركی نیشتمانیو ئەركی دیموكراسی) بە دژایەتی لەگەڵ ئەوەی دیكەیاندا، بكرێت.

ڕەوشی ناخۆشی ولآتو هەڵە كوشندەكانی دەسەلآتی داگیركەرو، ململانێی نێوان هێزە سیاسیە عێراقیەكان، بە قۆزتنەوەی بوونی بۆشاییی، بۆ خۆسەپاندن بەسەر ناوەندەكانی دەسەلآتدا، هەموو ئەو فاكتەرانە هەلێكی گونجاویان بۆ دەركەوتنی چەتەكانی تیرۆرو كاولكاری، ڕەخساندوەو، بواریشی بۆ گەشەی هاوپەیمانی تەكفیریی وسەدامیەكان لە ڕێگای بۆمبرێژیو تیرۆركردنو سوتاندنو وێرانكردنی ژێرخانو بلآوكردنەوەی بێسەروبەریو، كوشتنی بەكۆمەڵ بەهەموو ڕێگایەكی وەحشیگەرانە، خولقاندوە. هەموو ئەو مەسەلانە زیانێكی گەورەیان بەگەلو شكۆی نیشتمانی گەیاندوە. لەبەرامبەردا، ڕێوشوێنەكانی بەرەنگاربوونەوە لەو ماوە درێژەدا كاریگەرو سەركەوتوو نەبووە، تاوای لێهاتوە ئەو بارە ببێتە مەترسییەكی گەوەرە، نەك تەنها لەسەر ئاسایشو ئارامی عێراق، بەڵكو بۆتە هۆكاری هەڕەشە لەسەر ئاسایشی هەموو ناوچەكەو ئاشتی جیهان. لەئەنجامی ئەو بارەدا عێراق دووچاری دیاردەی كۆچی دەرەكیو ناوخۆیی بۆتەوەو، ئەم دیاردەیەش بەهۆی ڕەوشی ئەمنیو ئابورییەوە، ملیۆنەها عێراقی گرتۆتەوە. كۆچپێكراوەكان لەپەناهەندەییدا بەدەست گرانی دەناڵێننو، چارەسەركردنی ئەو كێشەیەش تەنها لەسایەی جێگیربوونی باری سیاسیو ئابوری، دێتە دی، كە بواری گەڕانەوەیان بۆ دەستەبەر دەكات.

لەجیاتی گرتنەبەری سیاسەتێك كە لەسەر بنەمای یەكێتی نیشتمانیو گەڕان بەدوای چارەسەرێكی دیموكراسی بۆ كێشەی تایفی لە عێراقدا، بنیاتنراوبێت، هەندێك بۆ پێناسی تایفەگەریەكی داخراو بایاندایەوە، ئەمەش بەبیانووی دەستخستنی جۆرێك لە زەمانەتو دەستكەوت بۆ تایفەیەكی دیاریكراو. لایەنەكانی ململانێ پەنایان بردە بەر میلیشیاو دەستەی چەكدارییو پیادەكردنی توندوتیژی، وەك ئامرازێك بۆ یەكلایكردنەوەی ناكۆكیەكانیان. هەروەها بەشەبەشێنەیان( المحاصصه) وەك شێوازێك لە بیانكردنەوەی دامەزراوەكانی دەولەت، قولكردەوە.

هەڵبژاردنەكانی كانونی یەكەمی 2005 هاوسەنگییەكی ڕێژەیی لە ئەنجومەنی نوێنەران، بەرهەمهێنا. ئەنجومەنی وەزیرانیش دوای دواكەوتنی بۆ سێ مانگ، لەئەنجامی تەوافوقو ڕێكەوتنەكان لەسەر بنەمانی بەرژەوەندی نیشتمانیو ئەنجامی ئیستحقاقی هەڵبژاردنو موحاسەسە، پێكهات. حكومەتی ناوەندییش لە كەشو هەوایەكی زۆر گرانو ناسروشتی كاردەكاتو نەیتوانیوە شتێكی هەستپێكراوی ڕاستەوخۆ بۆ ژیانی هاولآتیان بەدەستبهێنێت. ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە سایەی ململانێیەكی توند لەسەر ئایندەی عێراقو، دەستەوەستانی دامەزراوەكانی حكومەت لە ئەنجامدانی ئەركەكانیو، بەربەستیەكانی دۆسیەی ئاسایشو، شكستی پرۆژەی ئاشتەوایی نیشتمانی، كاردەكات. ئەو هەلومەرجە هاوكاتە لەگەڵ خراپتر بوونی خزمەتگوزاریەكانو زیادبونی دەستێوەردانی دەرەكیو گرژبوونی پرۆسەی سیاسیو زیادبوونی كوتلەو كوتلەبازی چ لە نێوان كوتلە سیاسیە جیاوازەكان، یان ناوخودی هەر كوتلەیەك بێت. سەختبوونی ڕێگای گەیشتن بە چارەسەری تەوافوقیو ڕازیكردنی هەموو لایەنەكان، پرۆسەكەی گەیاندۆتە تەنگژەیەكی قووڵو، كشانەوەی هەندێك لە حكومەتو، ڕیزبەندی نوێی لەسەربنەمای نوێ لێكەوتۆتەوە.

لەئەنجامی دەستەوەستانو ئەگەری لەكاركەوتنی سیاسیو هەست كردن بە مەترسی ڕەوشەكە، گۆڕەپانی سیاسی جموجۆڵو پەیوەندی خێرای بەخۆوەبینی. ئەوجولڵەیە هەموو كوتلەكانی گرتەوەو، كوتلە خۆكشاوەكانیش لە حكومەت ئامادەبوون لە دانیشتنەكانی ئەنجومەنی نوێنەران

بەشداربن. لە ئاكامی پەیوەندییەكانی نێوان لایەنەكان، ڕێكەوتنی چوارلایەنیو دواتریش بەیاننامەی پێنچلایەنی مۆركرا. لەهەمان كاتیشدا، بەپێی داخوازی كوتلەی(تەوافوق) بۆ فرەوانكردنی بەشداری لە ناوەندی بڕیاردا، كۆبوونەوەكانی (دەستەی سەرۆكایەتی + سەرۆكی وەزیران) كارا كرا. هەروەها چەندین دیداری ئەنجومەنی سیاسی ئاسایشی نەتەوەیی بەبەشداری چەندین كوتلەی سیاسی سازكراو ، ئەنجومەنی نوێنەران خولی دووەمی خۆی دەسپێكردەوەو، چەندین پرۆژەیاسای لەبەردەمەدایە، بۆ بڕیاردانیان، لەوانە یاساكانی( نەوت و گاز ، ئەنجومەنی پارێزگاكان ، سەرچاوەكانی دارایی، لێپرسینەوەو دادوەری، هەمواركردنی دەستور). سەرەڕای ئەمانەش، بابەتە ناكۆكیەكانی لەمەڕ (هەمواركردنی دەستور، دەسەڵاتەكانی نێوان هەرێمو ناوەند، سەرچاوەكانی دارایی، دەسەڵاتەكانی سەرۆك كۆمار، ماددەی 140).. چاوەڕێی چارەسەردەكات .

هەندێك چوونەپێشەوە لە بواری گێڕانەوەی ئاسایشو ئارامی، بەهۆی چەند فاكتەرێكەوە، لەوانە زیادبوونی ژمارەی سەربازو پیاوانی ئاسایشی عێراقو ئەمریكاییو، دروستبوونی ئەنجومەنەكانی سەحوەو، بلۆككردنی سوپای مەهدیو، هەندێك هاوكاری هەرێمایەتی، هاتۆتەكایەوە، بەڵام سەرەرای ئەو باشبوونە ڕێژەییەش باری ئاسایش زۆر ناسكو بنەما لەرزۆكو جەنجاڵییەو، چەندین تێهەڵچوونی گەورە ڕوویاندا، كە جەخت لە بەردەوامبوونی ململانێ لەسەر دەسەڵاتو نفوزو، سامان دەكاتەوە. هەروا تەنگژەی حكومەت تائێستا وەكو خۆی ماوەتەوەو نەتوانراوە پۆستە وەزاریە بەتاڵەكان پڕبكرێتەوەو ئاشتەواییو خزمەتگوزاری سەرەكی دابن بكرێت..

لە سایەی ئەو رەوشەدا، ڕاپۆرتی (پترایۆسو كرۆكەر) بە كۆنگرێسی ئەمریكا پێشكەشكرا. هەردوو ڕاپۆرت هیچ ئاماژەیەكیان تێدا نەبوو بە گۆڕانكارییەكی گرنگ لە ستراتیژی ئەمریكا، هەروەها پرۆژەیەكی ناسەپێنراو، لەلایەن ئەنجومەنی پیرانی ئەمریكا بۆ دابەشكردنی عێراق لەسەر بنچینەی تایفیو ئەتنی، پێشنیار كرا .

حزبمان هەڵوێستی خۆی بەرەتكردنەوەی ئەو جۆرە پرۆژانە راگەیاندو، جەخت لەسەر پێداویستی بیناكردنەوەی عێراقێكی دیموكراسیو فیدرالی یەكگرتوو، دەكاتەوە. هەروەها بەپێویستی دەزانێ كە تەواوی سەرەوەری نیشتمانی بگێڕدرێتەوەو، بڕیارێكی نیشتمانیانەی سەربەخۆش لەبواری چۆنیەتی مامەلەكردن لەگەڵ بوونی بێگانە لەولاتدا، بدرێت. حزبمان گرێدانی ڕێكەوتنێك بۆ دەرخستنی عێراق لە بەندی حەوتی پەیماننامەی نەتەوە یەكگرتووەكانو، گەیشتنە سەربەخۆبوونی خۆی بە پێویست دەزانێو، جەخت لەسەر ئەوەش دەكاتەوە كە لایەنی عێراق بگاتە باشترین ڕێگا بۆ دەستنیشانكردنی ماوەیەكی دیاریكراو، بۆ پێویستبوونی بە یارمەتی ئەمریكاو، گەیشتن بەرێوشوێنێكی یاسایی روون لەبارەی سەروەری نیشتمانیو، دیاریكردنی ئەركەكانی هێزەكانی ئەمریكاو، پەیوەندی ئەو هێزە بە هێزەكانی عێراقو، خۆ لادان لە هەرجۆرە ڕێككەوتنێكی مانەوەی ئەو هێزانە بۆ هەتا هەتایی.

لەبواری ئابوریو كۆمەلایەتیدا ،بارودۆخی ئابوری بەروەباشیەكی زۆر نەگۆڕاوە. ئاراستەی گۆرانكارییەكان ڕێرەوی نەهێشتنی كەرتی گشتیو، بەتایبەتیكردنی دامەزراوە گشتیەكانو، كەمكردنەوەی رۆڵی حكومەت، گرتووە، ئەمەش لە روانگەی بەپیرەوەچوونی مەرجەكانی سندوقی دراوی نێودەولەتیو، بانكی دەولیو، ڕێكخراوی بازرگانی جیهانی، كە ئاكامەكەی لەبەرژەوەندی سیاسەتی ئابوری بازاڕدایە. هاوڵاتیان هیچ هەستیان بە ئەنجامێكی باشی ئەو سیاسەتە نەكردوەو، لە ئاكامیدا بێكاری زیادیكردوەو نرخ گرانتربووەو، تەنگژەی نیشتەجێبوون بەردەوامەو قەیرانی كارەباو سووتەمەنیو كێشەكانی دیكەی ئابوری، هەر بەردەوامەو، قوڵتر بونەتەوە.

لەم هەلومەرجەدا دەوڵەت لە ڕێبازی سیاسەتی بنیاتنانی پیشەسازیو پێشخستنی ژێرخانی ئابووری، دوور كەوتۆتەوە، هەرچەندە داهاتی دەوڵەت بە بەراورد بە سالانی پێشوو، باشتربووەو، ڕاپۆرتە سەرژمێرییەكان ئاماژە بە زیادبوونی بەرهەمی گشتی ناوخۆیی دەدەن بە نرخی ئێستا،لە 15ملیار دۆلاروە بۆ 31.7ملیاردۆلار لە ساڵی 2004 دا ، تاگەیشتە 32.3ملیار دۆلار لەساڵی 2005 و لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی خام، كە لەساڵی 2005 دا یەك بەرمیل نەوتی خام گەیشتە 62 دۆلار، ئەمەو لەگەڵ زیادبوونی بەرهەمێنانی نەوت كە دەبێتە هۆی زیادبوونی داهاتی گشتی تا گەیشتە 20.8 ملیار دۆلار، كەلەساڵی 2004دا ،تەنها 17.7ملیار دۆلاربوو. هەرچی نرخی فرۆشتنی دیناری عێراقیشە ئەویش بەرزبۆتەوەو، لە كاتێكدا نرخی دیناری عێراقی بەرامبەر بە دۆلار لەساڵی 2004دا (1.670)دینار بووە، ئێستا، ئەو نرخە (1.270)دینارە بۆ هەر دۆلارێك ، كە بەم شێوەیە دیارە بەشێك لە هێزی دیناری عێراقی گەڕاوەتەوە. لە لایەكی دیكەوە ڕاپۆرتەكانی ڕێكخراوە نێودەولەتیەكان دەریدەخەن كە عێراق بۆتە گەورەترین ولاتی گەندەڵو، بۆتە ولاتێكی ئاكار نادیارو تاریكو، كۆمەڵگەكەشی زۆرینەی بێوەژنو هەتیوو، تەلاقدراو، بێنەوان. گەندەلی دارایی لە دامەزراوەكانی دەولەت لەدوای 2003دا بەپێی خەملاندنی دەستەی نەزاهەی عێراق گەیشتۆتە زیاتر لە 70٪ . ژمارەی بێوەژن بەپێی هەندێك سەرژمێری گەیشتۆتە 565 هەزار ئافرەتو، ڕێژەی تەلاقدانیش لە ماوەی سالانی 2003 – 2006دا بە ڕێژەی 22٪ زیادی كردووەو، بەپێی پێوانەی ڕاپۆرتی وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەلایەتی عێراق نزیكەی 5.6 ملیۆن مرۆڤی عێراقی لە ژێر هێلی هەژاریدا دەژین. لەو بارودۆخەدا دانانی سیاسەتی بەپەلەی ئابوریو ستراتیژی بۆ رزگاركردنی ولات لەو تەنگژە توندەی تێیكەوتوە، زۆرگرنگە. ئەمەش لەرێگای هاندانی هاوبەشی لەنێوان كەرتی حكومەتو

تایبەتداو، لەپاڵ ئەوەشدا هاندانی وەبەرهێنانی ناوخۆو بیانیو، کارکردن بۆ راکێشانی ئەو سەرمایانە بۆ بەشداریکردنیان لە پێشخستنی ئابوری لەرێگای پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازیو، کشتوکاڵیدا.

## پێداویستی بنیاتنانی دەوڵەتی دیموکراتی مەدەنی فیدراڵ لە عێراقدا

هاوتا لەگەڵ راسپاردەکانی هەشتەمین کۆنگرەیدا حزبی شیوعی عێراق پرۆژەیەکی نیشتمانی دیموکراسی راگەیاند، بەو نیازەی کە رێگایەکە بۆ دەربازبوون لەو تەنگژە کوشندەیەی لە ئارادایەو، بنەمایەکی گونجاویشە بۆ کۆکردنەوەو یەکخستنی ئەو هێزە نیشتمانیەعێراقیانەی کە بەرژەوەندیان لە چاکبوونەوەی رەوشەکەدا هیە. حزبی شیوعی عێراق لە پرۆژەکەیدا جەختی لە ریزبەندیەك لە ئامانجو میکانزم کردەوە بۆ دروستکردنی رەوتێکی سیاسی نیشتمانی کە ئامانجەکانی پرۆژەکە، لە رزگارکردنی پرۆسەی سیاسی لە (موحاسەسە و تایفیەت) کە کرۆکی تەنگژە سیاسیەکەن، بەدەست بهێنێت. شیاوی باسە کە ئەوە تەنها حزبی شیوعی عێراق نیە پرۆژەی راگەیاندبێت، چونکە گۆڕەپانی سیاسیو، بەهۆی ئاستەنگە زۆرەکانی، پڕە لە پرۆژە، ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە هێزە سیاسیەکان هەستیان بە پێویستی گەڕان بەدوای چارەسەرێ بۆ ئەو تەنگژەیە، کردوە. هەروەها بوونی پرۆژەی هاوشێوەی پرۆژەکەی حزبی شیوعی شتێکی پۆزەتیڤانەیەو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی شتی هاوبەش لە نێوان هێزە جیاجیاکان کە لانی کەم لەسەر پرسە جەوهەریەکان کۆکن.

بەرژەوەندیە نیشتمانیە باڵاکانو، گەورەیی ئاستەنگەکان، هانمانددات بۆ راگەیاندنی دەستپێشخەری نیشتمانی هەمەلایەنەو، کردنەوەی بواری گفتوگۆیەکی فرەوان لەنێوان هەموو ئەو هێزانەی سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسیان گەرەکە، ئەمەش بۆ دروستکردنی گەورەترین هاوپەیمانی سیاسی لەسەر بنەمای پرۆگرامێکی نیشتمانیو دیموکراسی، کە هێزەسیاسیەکان لەخۆ کۆبکاتەوەو بنکەیەکی سیاسیو جەماوەریی بەرفرەوان، پێکبهێنێتو حکومەتی یەکێتی نیشتمانی راستەقینەی چاوەڕوانکراویش پشتی پێببەستێت. ئەو حکومەتەی کە لەتوانای دابێت ئامانجەکانی گەلو کۆششکەکانی بۆ گەیشتن بە عێراقێکی دیموکراسی فدرالی خاوەن سەروەری تەواو بهێنێتە دیو لە سایەیدا، رۆڵەکانی بە ئاسایشو ئارامیو ژیانێکی ئازادو خۆشگوزەرانی شادبن.

بۆ بەهێزکردنی ئەو رێبازە، حزبی شیوعی عێراق لەگەڵ هێزەکانی رەوتی دیموکراسی دەستپێشخەرییەکیان کردو بانگەوازی لەپێناو بیناکردنەوەی دەوڵەتێکی دیموکراسیو مەدەنی لەعێراقدا راگەیاندو، لەو هەڵمەتەشدا حزبی شیوعی کوردستان بەشدار بوو. ئامانجی ئەم چالاکییە ئەوەیە کە داوای چاککردنی پرۆسەی سیاسیو پێشخستنو هەموارکردنی دەستور بە شێوەیەك ئاکارێکی مەدەنی دیموکراسی پێبەخشێتو، کار بۆ قوڵکردنەوەی سیاسەتی ئاشتەوایی نیشتمانیو بیناکردنی دەوڵەتی یاساو دامەزراوەییەکان بکرێت. ئەوەش لەسەر بنەمای رەتکردنەوەی توندوتیژیو دەمارگیریو موحاسەسەی تایفگەریو هەڵوەشاندنەوەی میلشیاکان، دەبێت، بەپشت بەستن بەبنەمای مافی هاوولاتیبوونو، دادپەروەری، کە لە عێراقێکی دیموکراسی فدرالدا بەرجەستە دەبێت. ئەو بانگەوازە پێشوازییەکی ئیجابی لێکراو، لە هەڵمەتی ئیمزاکۆکردنەوەکەدا جەماوەرێکی زۆر لە کەسایەتی سیاسیو زانستیو کۆمەڵایەتیو توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ بەتێکڕا بەشداریان کردو، بەهەنگاوێکی هاندەرانەیان زانی، بۆ رێکخستنەوەو، کۆکردنەوەی تواناکانو، کاراکردنی رۆڵی رەوتی دیموکراسی لەو قۆناغە هەستیارەدا.

سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسیو هاتنەدی ئەو گۆڕانە دیموکراسییەی ئێستا لەولاتدا بەڕێوەیە، بە بەهێزکردنو پێشخستنی رۆشنبیری برایەتیو لێبوردەیی لەنێو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە دێتە دی. پێویستە بە شێوەیەکی تایبەتی برایەتی نێوان عەرەبو کورد بتەوتربکرێتو، هەرچی هزر و پیادەکارییەکی رێگری لە بەردەمیدا هەیە رەتبکرێتەوەو، لەوەشدا شیوعیەکان رۆڵی دیاریان هەیە لە چەسپاندنی برایەتی لەنێوان نەتەوەکاندا و، ئەو رەسیدە ئیجابیە پێویستی بە بەهێزترکردن بەردەوام لە رێگای بنەماکانی گفتوگۆی جدیەوە، هەیە.

ئەزموونی سیاسی عێراق وانیشاندەدات کە دیموکراسیەت کەشوهەوایەکی ئیجابی بۆ ئەو گفتوگۆیە دەرخسێنێتو، لەرێگای کردەی یاساییو سیاسییەوە، کەموکوڕیو کەلێنەکان چارەسەر دەکات. ئەورۆ لە کاتێکدا پرۆسەیەکی پەڕینەوەی ئاڵۆز لە رابردوویەکی تەپەسکراو بۆ ئێستا و ئایندەیەکی گەش بەرێوەیە، پێویستییەکی زۆر بە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری برایەتی لەعێراقدا هەیە.

## رەوشی هەرێمایەتیو نێودەوڵەتی

حزبمان بەر لەئێستاو، لە شیکردنەوە سیاسیەکانی پێشوویدا، ئاماژەی بەوە کردبوو کە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگییەکی ستراتیژی بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، هەیە، کەدوای نەمانی دووجەمسەری گۆڕانکاری گەورەی بەخۆوە بینیوەو، لەئەنجامدا، بە نیسبەت ئەمریکاوە زەرورەتە سەرلەنوێ ناوچەکە، بەپێی پێداویستی هاوسەنگی نێودەوڵەتی نوێی، رێکبخاتەوە. ئەوگۆڕانکاریە سەرچاوەی لە بوونی

سامانی نەوتو، گرنگی جیۆسیاسی ـ ئابووری ناوچەکە، وەرگرتووە. ئەمەش وا لە ئیدارەی ئەمریکا دەکات کە سەرلەنوێ وڵاتانی عەرەبیو ناوچەکە بە سستمی نوێی جیهانی، تێکهەڵکێش بکات.

پرانسیپو هێڵە سەرەکیەکانی ئەو ستراتیژە نوێیە، لە گرنگیدان بە دیموکراسیو مافی مرۆڤ بەپێی چەمکی لیبرالیەتی نوێ، بەرجەستە دەبێت، ئەمەش بەمانای ئازادکردنی بازاڕو بەرتەسك كردنی ئەرکەکانی دەوڵەت لەبواری ئابوریو کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەکی گشتگیرتر لە سیاسەتە ناوخۆییەکانی دەولەتانی ناوچەکەداو، بروابوون بەوەی کە دەکرێ هێزی ئەمریکایی بۆ ئامانجی "ئەخلاقی"بەکاربهێنرێت لەلایەكو، لەلایەکی دیکەدا گومانکردن لە توانای یاساو دەمەزراوە نێودەوڵەتیەکانی سەردەم لەچارەسەرکردنی کێشە ئاسایشە مەترسیدارەکانی جیهان .

بەهۆی ئەنجامە کردەییەکانی سەرگۆڕەپان، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە بارودۆخی عێراقو هەروەها گۆڕانی پارسەنگی نێو کۆنگرێس بە بەرژەوەندی دیموکراسیخوازەکان، ئەو ستراتیژە پێداچوونەوەی جیدی بەخۆیەوە بینی. ئەو پێداچوونەوەیە لە راپۆرتەکەی بیکەر ـ هاملتون ی ناسراوە بە "رێگا بۆ پێشەوە"بەرجەستە بوو، کە لە 6ی دیسمبەری 2006 دا دەرچوو. لەوێدا بە روونی ئاماژە دەکات کە"ئەوستراتیژی ئێستا کەڵکی جێبەجێبکردنی نەماوە" و "ناکرێت هەمان رێبازی پەیڕەوکراو لەوکاتەوە عێراق داگیرکراوە، درێژە پێبدرێ،چونکە بێ ئەنجامە". هەرچەندە وەرچەرخانێکی گەورە لە سیاسەتی ئەمریکا لەو کاتەوەی ئەو پلانە نوێیەوە، نوسراوە، رووی نەداوە، ئەمەش بە هۆی ترسی ئەمریکا لە لاتەریکبوونێکی سیاسیو لەدەستدانی نفوزی لەناوچەکەدا، بەڵام هەندێك لە بنەما فیکرییەکانی راپۆرتەکەی "رێگا بۆپێشەوە" خۆی لە پلانە نوێیەکی بۆشی سەرۆکی ئەمریکا لە گرتنەبەری ستراتیژیەتێکی نوێی ئەمریکایی بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ رەوشی عێراق، بەتایبەتیو، ناوچەکە بەگشتی، دیتەوە، بەتایبەتی لەو خاڵانەدا کە ئاماژە بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ محوەری وڵاتانی میانڕەو لەبەرامبەر وڵاتە توندرۆکاندا، دەکات.

هەڵوێستی دیموکراسخوازەکانو ژمارەیەکی زۆری کۆمارییەکانیش لەبەرژەوەندی پلانە نوێیەکەی ئەمریکادا نەبوونو، ئەنجوومەنی نوێنەرانو پیران بۆ کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەنگیاندا. سەرۆکی ئەمەریکا بۆش دەسەڵاتی خۆی بۆ رەتکردنەوەی ئەو بڕیارەو، دەستخستنی پاڵپشتی دارای بەبڕی 100ملیار دۆلار بۆ بەردەوامبوونی مانەوەی هێزی سەربازی ئەمەریکا لەعێراقو ئەفغانستاندا، بەکارهێنا. حکومەتی ئەمەریکاو کۆنگرێس گەیشتنە رێکەوتنێکی تەوافوقی مەرجدار بە هەڵسەنگاندنی پلانە نوێکە لە ناوەڕاستی 2007دا. بەم شێوەیە، هەریەك لە پترایۆس سەرکردەی هێزەکانو کرۆکەر باڵیۆزی ئەمریکا لەبەغدا، دوو راپۆرتیان لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلولی 2007دا لەبەردەم کۆنگرێس پێشکەش کرد.

هەردوو راپۆرتەکە هیچ ئاماژەیەکی تێدانەبوو بە گۆڕانکاری گرنگ لە ستراتیژیەتی ئەمریکا، بەڵکو جەختیان لەسەر پێویستی بەردەوامبوون لەسەر سیاسەتی ئیدارەی بۆش لەعێراق کردەوە، لەگەڵ هەندێك لە هەمووارکردنی تەکتیکیو، داواکردنی پێدانی کاتی زیاتر بەهێزەکان بۆ هێنانەدی ئامانجەکان. پاشان بڕیارێکی ناسەپاوی ئەنجومەنی پیران لەسەر پێشنیاری ئەو پرۆژەیەی کە سیناتۆر جۆزێف بایدنو ژمارەیەك لە هاوڕێکانی لەبارەی دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی فدرالی (شیعە، سوننە، کورد) دەرکرا، کە لەبنەڕتدا پشتی بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستاو ئەگەری پێشکەوتنەکانی ئایندە بەدیدی خۆیان، دەبەست، سەرەڕای پشتبەستنیان بە کۆمەڵێك هەڵسەنگاندنی پێشوو، لەوانە راپۆرتی(نووسینگەی لێپێچینەوەی حکومەت) کە لەسەر داوای کۆنگرێس پێشکەشکرابوو. هەموو ئەوانە جەخت لەوە دەکەنەوە کە کێشەی عێراق رۆڵێکی سەرەکی لە ململانێی ناوەخۆی ئەمریکا دەبینێت، چاوەڕێش دەکرێت ئەو ململانێیە لەنێوان دیموکراتخواز و کۆماریەکان لەبارەی دۆسیە سەرەکیەکانی پەیوەست بەعێراق درێژە بکێشێت. ئەم مەسەلەیە بە خۆئامادەکردن بۆ بەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکاو کە لەساڵی 2008 ئەنجامدەدرێت، گرێدراوە. ئەمە لەوکاتەی ئیدارەی بۆش بەردەوام جەخت لەوە دەکاتەوە،کە ئەو ململانێیەی عێراق شێوەیەکە لەشێوەکانی نەهێشتنی تیرۆکاری لەسەر ئاستی جیهانیداو، بەکەمتر لەسەرکەوتن قبول ناکات. لەلایەکی دیکەوە ئیدارەی ئەمریکا بە شێوەی هاوکاری ناراستەوخۆ، یارمەتی سوپای تورکیای دا کە لەسەرتای شوباتی 2008 دا، سنووری عێراقی بەزاندو، هەندێك ژێرخانی وێرانکرد، لەوانە هەندێ پرد لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا.

## زیادبوونی دەستێوەردانی هەرێمایەتی لە کاروباری ناوخۆی عێراق

لە ساڵانی رابردوودا ئاستی دەستێوەردانی هەرێمایەتی لە کاروباری نێوخۆی عێراق، زیادیکرد. دەستێوەردانەکان بەپلەی یەکەم، لەلایەن سوریاو ئێرانەوە دێن، بەڵام تەنها ئەوان ئەو کارە ئەنجام نادەن،بەڵکو لە ماوەی رابردوودا دەست تێوەردانی هەریەك لە سعودیاو میسرو هی دیکەش، لە ئارادابووە. هەر بۆنموونە کۆنگرەیەك لە قاهیرە بۆ هەندێك لەهێزو حزبی سوننەی عێراق سازکرا، کەهێنەدی نەمابوو رێکەوتنێك

لەسەر بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆن سازبکرێت، ئەگەر ئەمریکا دەستی درێژ نەکردبا بۆ شکست پێهێنانی. هەروەها مەسەلەی هەوڵی ئێران لە دەستخستنی توانای ئەتۆمی رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە زیادبوونی ترسی سعودیاو وڵاتانی کەنداو. لەلایەکی دیکەوە تورکیا جارێکی دیکە هاتۆتەوە سەر هێڵو میوانداری کۆنگرەیەکی هێزە سیاسی تایفیە مۆرك سوننەکانی کردو، هاوکاری بۆچوونی ئەو هێزە سیاسیە عێراقیانەشە، کە هەوڵ دەدەن رێگری بخەنە بەر جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوری هەمیشەیی عێراقو، پێشترو ئێستاش گەفی هێرشکردنە سەر کوردستان دەکاتو، سوپایەکی زۆری لەسەر سنوور کۆکردۆتەوەو، پەرلەمانەکەشیان دەسەڵاتی داوەتە حکومەت، بۆ هێرشکردن سەر خاکی کوردستان.

ئیدارەی ئەمریکا لەم دواییەدا هەولی دروستکردنی پارسەنگییەکی نوێ لەسەر رەهەندی هەرێمایەتی دەداو، لەهەوڵەکانی لەسەر هەریەك لە سعودیاو ئەردەنو میسرو وڵاتانی کەنداو، بۆدروستکردنی هاوبەندیەکی دژ بە هەوڵەکانی ئیران لەبەدەستخستنی توانای ئەتۆمی، سەرکەوتوو بووەو، لەتورکیاش بنەکەی ئەنجەرلیکی سەربازیی بەکارخستەوە.

سەرەڕای ئەوەی ئێران لە ئێستادا نایەوێ رووبەڕووی ئەمریکا ببێتەوە، بەتایبەتی لەوکاتەی هەموو تواناکانی بۆ دەستخستنی چەکی ئەتۆمی خستۆتە گەڕ، بۆ ئەوەی ببێتە بەهێزترین وڵاتی ناوچەکە، لەگەڵ ئەوەشدا، هەوڵەکانی بەردەوامە کە هەژموونی خۆی لەناوچەکە بسەپێنێت، ئەمەش لەرێگای کەڵك وەرگرتنی لە سیاسەتە چەوتە پەیڕەوکراوەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو، کەڵك وەرگرتن لە جیاوازی لە بەرژەوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپاو، نێوان ئەمریکاو روسیای ئیتحادی، لەناوچەکەدا، بەتایبەتی کێشەی دامەزراندنی راداری چاودێری و موشەك لە چیكو پۆڵۆنیا.

بێگومان،ئەمریکا لەلای خۆیەوە هەموو هەولێکی خستۆگەڕ بۆ جێپێ لەقکردنی باری سیاسی لە ئێرانداو بەردەوام جەخت لەگرتنە بەری هەموو ئەگەرەکان بەهەموو ئاراستەکان دەکاتەوە، بە هەڕەشە لێکردنو، پاشان بە ئامادەباشی بۆ دانوستاندن تەنها لەسەر دۆسیەی عێراق لەگەڵیدا. بەمانایەکی دیکە ئەگەری هەردوو چارەسەری سەربازیو ئاشتییانە لە ئارادایە..بەڵام ئەزمونی ئەمریکا لەعێراقدا ، چارەسەری سەربازی ناکاتە پلە یەك، بەڵام هەرچی چارەسەری ئاشتیشە، ئێران پێی رازی نیە بەبێ وەرگرتنی بەرامبەرێکی پڕبەهاو، گرنگ (چونکە ئێران، دۆسیەی ئەتۆمیەکەیو ئایندەی سیاسیو پێشڕەوایەتیکردنی ناوچەکەو شانبەشانی لەگەڵ ئەمریکادا، بەیەکەوە گرێداوە). بۆیە دەبینین، پرۆژەکانی ئێران لەگەڵ پرۆژەکانی ئەلقاعیدە لەناوچەکە و هەندێك حزب و رێکخراوی ئیسلامی بەتایبەتی لەعێراق و لوبنان و فەلەستین و ئینجا میسر و ئەردەن و سعودیا و سودان و رێکخراوە ئیسلامیە شیعەکان لەوڵاتانی کەنداودا، یەکی گرتۆتەوە، ئەمەش بەمەبەستی دژایەتیکردنی ئەمریکاو سەرقاڵکردنی لەو شوێنانەو بەفیڕۆدانی تواناکانی لەلایەك و، لەلای دوەمیشدا، کار دەکات بۆ ئەوەی دانوستاندنەکانی لەگەڵ لیژنەی وزەی ئەتۆمیو یەکێتی ئەوروپا لەشوێنی خۆی بخولێتەوەو نەچێتە پێشەوە. لەهەمانکاتدا بەردەوامە لە باشترکردنی توانای هێزی سەربازی خۆیو، توانای ئەو هێزی سەربازی ئەو رێکخراوانەی وڵاتانی دیکەی کە سەر بەئەونو، ناوەناوەش کێشەی گەرم بۆ دەستەبەرکردنی کاتی زیاتر بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی، دەخولپێنیو، پێی وایە ئەو چەکە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی لەماوەیەکی کەمی داهاتوودا، ببێتە وڵاتێکی ئیسلامی گەورە لەهەرێمەکەداو، هەژموونی بەسەر سیاسەتی وڵاتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بسەپێتو، هاوشانی وڵاتە زلهێزەکان بێت لە دەستنیشانکردنی دوارۆژی پەرەسەندنی وڵاتانی ناوچەکە.

ویستو هەنگاوەکانی ئێران دودڵی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانو بەریتانیاو، بگرە تا بۆ یەکێتی ئەوروپاو حکومەتەکانی وڵاتانی عەرەبی، دروستکردەوە، بەتایبەتی رووداوەکانی ئەم دوایەی لوبنان( کێشەی فەتحولئیسلام) لە خیوەتگەی (النهر البارد)و، هەروەها ئەو کێشەو رێگریانەی کە حزبوڵلا دەیخاتە بەردەم دروستبوونی دادگای نێودەوڵەتی لەرووداوی تیرۆرکردنی رەفیق حەریریدا، هەروەها کودەتاکەی بزووتنەوەی حەماس لە بەشی غەززەی فەلەستین کە پێی هەندێ شیکردنەوەی ناوەندەکانی ستراتیژی، بەپاڵپشتیو رێنوێنی تارانو دیمەشق ئەنجامدراوە.

## بارگرژی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

هەر لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، ئیسرائیل بەردەوامە لە سیاسەتی داگیرکردنو بەکارهێنانی توندوتیژی بە بیانووی دژایەتیکردنی هێزەکانی ئیسلامی سیاسیو، لە هەمان کاتدا هەنگاوی پراکتیکی جیددی لەگەڵ رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستیندا نەناوە، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانو، مۆرکردنی رێکەوتننامەیەکی ئاشتیی بەردەوام.

لەپایزی 2007دا کۆنگرەی ئەناپۆلس کە بەشدارییەکی فراوانی نێودەوڵەتیو عەرەبی تیدابوو، سازکرا، بەو نیازەی سەرتایەکی نوێی کارا بێت، بۆ دانوستاندنی چارەسەری کۆتاییو دروستکردنی دەوڵەتی فەلەستینی خاوەن سەرەوەری خۆی. سەرەڕای ئەو ئەنجامە ئیجابیانەی کۆنگرەکە پێیگەیشت،کە لە بەرژەوەندی چارەسەرکردنی کێشەکەبوون، بەڵام لەسەر زەمین کێشەکە هیچ پێشکەوتنێکی فیعلی بەخۆوە

نەبینیو، هەرزوو بزووتنەوەی حەماس ئەنجامەکانی رەتکردەوەو، ململانێی نێوخۆی هێزە فەلستینییەکان، بەردەوام بوو. حکومەتی ئیسرائیلیش لەسەر سیاسەتی سنور بەزاندنو، گرتنو، بەکارهێنانی چەكو هێزی سەربازیو، داخستنی دەروازەکان بەردەوامبوو. بەوشێوەیەش ئاراستەی دانوستاندنەکان چەقی.

ئەو بارودۆخە نوێیەی فەلەستین، جولەو هەنگاوی کردەیی و هاوکاری جدی لە ئیسرائیل دەخوازێت بۆ خێراکردن لە چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین، لە رێگای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆو، هەر لەو رێگایەشەوە ئاشتیو ئاسایش بەرقەرار دەبێتو، پێگەی هێزی تیرۆر لە ناوچەکە بە گشتی لاواز دەبێت.

## ململانێکان لە ئاستی نێودەوڵەتیداو هەڵوێستی هێزە چەپەکان

کۆتایی ساڵی 2006و سەرتای ساڵی 2007 جیهان شەڕێکی سیاسیو دیبلۆماسی بینی کەلەلایەن هەریەك لە روسیای ئیتحادیو چینو، هەندێك ولاّتانی ئەوروپایی سەرکردایەتی دەکرا، بۆ بەرپاکردنی سستمێکی جیهانی چەند جەمسەریو، کۆتاییپێهانی تاك جەمسەری، کە بەتەواوی ئەمریکا بەسەریدا زاڵە. ئەمەش بە هەستپێکردنی ئەو ولاّتانە بە مەترسی تاکڕەوی ئەمریکا لەبڕیاردانی چارەنووسی جیهان. ئەو ولاّتانەو لەپێشەوەیاندا بەپلەی سەرەکی روسیای ئیتحادی کۆششی دیبلوماسی زۆری لەگەڵ ولاّتانی دیکە ئەنجامدا بۆ ئاڵوگۆڕکردنی دیدو سیاسەتیان. لە میانەی ئەمەشدا هەندێك جار راگەیاندنی ئاگرینی لەناکاو فرێدەدرا، بۆ دروستکردنی رای گشتیو، وەستانەوە بەرامبەر هەژموونی ئەمریکاو دروستکردنی رەوشێکی نێودەوڵەتی نوێ، کە لەگەڵ جیهانی چەند جەمسەری بێتەوەو، دەربڕی ئیرادەی ولاّتانی کۆمەڵگەی جیهانی بێت..ئەو هەنگاوە شتێکی نوێ نیە، چونکە ستراتیژو سیاسەتی دەرەوەی هەریەك لەروسیاو چین دژ بەسیاسەتی ئەمریکاو تاك جەمسەری بوون. لەلایەکی دیکەدا ستراتیژی هەندێك لەولاّتانی ئەوروپایی(ئەڵمانیاو فەرەنسا) لەبنەڕتدا بەرجەستەیەلە کارکردن بۆ دروستکردنی رژێمێکی هاوسەنگو دادوەرو دیموکراسی، کە لەسەر پێوەری یاسای نێونەتەوەییو، ئەو ئامانجو بنەمایانەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە سەبارەت بە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دروستبووە. ئەویش بەدەوری خۆی لەسەر بنەمای هاوشانیو بەشداریو دادوەریی، لەنێوان نەتەوەکاندا بیناکراوە.

لەنێو شەڕی رکابەری لەگەڵ ئەمریکاو بەهێزکردنی رۆڵی ئەوروپا لە کێشە گەورەکانی نێودەوڵەتی، رۆژبەرۆژ رەوتی نەتەوەییو پاڵپشتی لەسیاسەتی راستڕەوەکان روو لەزیابوونەو، دیاردەی دژایەتیکردنی بێگانە بەشێوەیەکی گشتی لەپەرەسەندایە. ئەو دیاردەیە زیاتر لە چالاّکیە جۆراوجۆرەکانی میللیو کۆمەلاّیەتیو چالاّکیەکانی هێزە نازیە نوێکانو راستڕەوە توندڕۆکان بەدیار دەکەوێت، کە لەهەڵبژاردنەکاندا پێگەی گرنگیان بردەوە، سەرەرای رۆڵی چەپی توندڕەو، کە هەموو سیاسەتەکانی ئەمریکا دژ بە ئاراستەو سیاسەتەکانی خۆیان دەبینن.

هێزی سیاسی هەمەجۆر لە ئەوروپادا دژ بە شەڕی ئەمریکا لەسەر رژێمی دیکتاتۆری عێراق، وەستانو، مەترسی ئەوەیان هەیە کە ئەمریکا هەمان شێواز بەکاربهێنێت لەبەرامبەر کێشە هاوشێوە جیهانیەکانو، لە روانگەی تواناو هێزی سەربازییەوە کە هەیەتیو، هاوکات لەگەڵ نەبوونی جەمسەرێکی رکابەر بۆی، رەفتار لەگەڵ کێشەکان بکات.

لەلایەنێکی دیکەدا، کاریگەری چەپی ئەوروپایی، تارادەیەکیش هی ئەمریکای لاتینی لە سەر رای گشتیدا، زیادی کردوەو، چەند هەنگاوو چالاّکی کاریگەریان، لەدژی شەڕوشۆڕو سیاسەتی بەهەژارکردنو سیاسەتەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیو مەترسیەکانی سەر ژینگە، بەرپاکردوە. ئەمەش وای کرد حزبەکانیان بگنە دەسەلاّت لە هەریەك لەولاّتانی( ئیتالّیاو ئیسپانیاو، بەشێوەیەکی نیوەبەنیوەش لە ئەڵمانیاو، بەرازیلو، جگە لە بردنەوەی حزبی شیوعی قوبرسی ـ ئەکیل ـ لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا. ئەو هێزە چەپانە چالاّکی بەرفراوانیان بۆ داکۆکیکردن لە پەناهەندەو کێشەی بێکاریو هەژاریو بەرژەوەندی پەراوێزخراوەکان، ئەنجامداوە. لە ئەوروپای رۆژهەلاّتیشدا، لە ئاکامی زنجیرەیەك تەنگژەی ئابوری، لەوانە ئاسەواری گواستنەوەی ئابوری بازاڕی سۆسیالیستی ناوەندی بۆ ئابوری بازاڕی کراوەو، بلاّوبوونەوەی گەندەڵیو بێکاریو فرەوانبوونی جیاوازیە کۆمەلاّیەتیەکان، خەریکە ئاکاری چەپێکی نوێ بەدیاربکەوێت.

هەندێك ناوەندی چەپ، رووبەڕووی چەند کێشەك دەبێتەوە، لەوانە نەبوونی توانی کۆکردنەوەو هاندانی جەماوەر بۆ بەشداریکردن لە شەڕەکانی هەڵبژاردندا، لەکاتێکدا بەملیۆنەها بێکارو بێبڕوا بە حکومەتە فرمانرەواکانو، پەناهەندە هەن، کە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا ناکەن، بە ئاستی بەشداریان لە خۆپیشاندانو چالاّکیە پرۆتستۆییەکانو، شەڕەی سەرشەقامەکاندا. گرفتی گەورە لای ئەو ناوەندە چەپانە، بریتیە لە باوەربوونیان بە درووشمی (ئەمریکا لەکوێ بوو،دەبێت چەپەکان دژایەتی بکەن). ئەو بۆچونە کە چەپی کۆن کاری پێدەکرد، وای کردەوە هەندێك لەو هێزە چەپانە دۆسیەکانی مافی مرۆڤو تێکۆشانی گەلو نەتەوەکان لە دژی چەوساندنەوەو دیکتاتۆرەکان پشتگوێ بخەنو، دوودڵن لە هاوپشتیگرتنی قوربانیانی لەنێوبردنو جیاکاری نەتەوەییو کۆمەلاّیەتیو، هەروا دوودڵن لە ئەنجامدانی هەندێك چالاّکی دژ بە

ڕژێمە سەرکووتکەرو، ڕژێمە تاك كەسییەکان، بەڵکو بەپێچەوانەو سەرسووڕهێنەرانە لەگەڵ هێزە ئیسلامیە سیاسیە توندڕۆو نەتەوەییە شۆڤێنیستکانی بەرەچەلەکی وڵاتانی (جیهانی سێ)و دانیشتوی وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەشداری خۆپیشاندانو ناڕەزاییەکان دەکەن.

باری چەپی عەرەب جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ چەپی جیهانیدا نیە، بەڵکو لە رووی ئەداو ئامادەبوونیان لەوان لاوازترەو، لەوەش زیاتر حزبە شیوعیو مارکسیستەکان لە بارێکی لێکترازانو جیاوازین لە بۆچوونو شیکردنەوەو هەڵویست وەرگرتن، لە کێشە هاوبەشە ناوخۆییە، ئابوریو کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی وڵاتەکانیانو، هەرچەندە لەرووی جوگرافییەوە نزیکن، بەڵام نەیانتوانیوە وەڵامی هاوبەشیان هەبێت بۆ کێشەکانی کۆمەڵگەکانیان، یان کاری هاوبەش سازدەن. ئەم بارە بۆ هۆکاری جیاواز دەگەرێتەوە، لەوانە جیاوازی فیکریو سیاسی لە تێگەیشتنی ئەو گۆڕانکارییانەی لە جیهانی هاوچەرخدا روودەدەنو، مۆرکی سیستەمی باوی کۆمەڵگەو، بوونی شێزازێکی لەرزۆك لە دیموکراسی لە سیستمی سیاسیداو، جیاوازی لە دانانی ئەولەویاتی تێکۆشان لای هەندێك دژ بە ( ئیمپریالیو سەرمایەداری)، پێش لە چارەسەرکردنی مەسەلە نیشتمانیو دیموکراسییە ناوخۆییەکانو، چەندین جیاوازی دیکەش. بەم شێوەیە نەتوانراوە هەموان بگەنە دارشتینێکی یەکگرتوو بۆ هەڵوێستێکی سەربەخۆو واقعی قۆناغەکە، کە هەردوو لایەنی داکۆکیکردن لە بەرژەوەندی (نەتەوەیی) لەدژی داگیرکاریو بریار سەپاندنو، لایەنی داکۆکیکردن لە پێداویستیەکانی چاکسازیو دیموکراسیو ئازادییەکانو، مافەکانی مرۆڤو، دادوەری کۆمەڵایەتی، بەیەکەوە کۆبکاتەوە، بۆ بیناکردنی وڵاتی یاساو دامەزراوەکان.

لەو سەروبەندەدا، هێزەکانی ئیسلامی سیاسی، پەرە بە چالاکی لەناوچەکەو هەماهەنگی نێوان خۆیان دەدەن، بۆ چوونە پێشەوە لە پرۆژەی بەئیسلامکردنی کۆمەڵگەو تەریب بەوەش هەنگاونان بە پرۆژەکەیان بۆ بەئیسلامکردنی دەوڵەت. لەوەدا ئەرکی سەرەکی هێزەکانی چەپو دیموکراسیخوازە لەسەرئاستی هەرێمایەتیو جیهانی، خۆی لەبنەڕتدا، لە کۆششی بێوچانو بەرچاوخستنو گرێدانەوەی تێکۆشانی سەندیکاییو داخوازی گشتی دەبینێتەوە، لەگەڵ سەرجەم شێوەکانی هاوپشتیو تێکۆشانی ئافرەتانو لاوانو تێکۆشانی جوتیارانو بەرهەمهێنی بچووك و مامناوەندیەکان، لەگەڵ ئەو هێزانەی کارو بەرهەمهێنان لەئەنجامی بزاڤە میللییەکان بەدەردەکەون، وەك رەنگدانەوەی جۆراوجۆری جیاکارییەکان. ئەمرۆ ئەو هێزانە، سەرەڕای چینی کارگەران، بەردی بناغە پێکدەهێنن، کە ناکرێت پشتگوێ بخرێت لەکۆی تێکۆشاندا لە دژی شەڕانگێزی سیستەمی سەرمایەداری هاوچەرخ.

## تێکۆشانمان بۆ ئاشتیو عەدالەتی کۆمەڵایەتیو جیهانگیرییەکی مرۆیانە

حزبمان تەوەری تێکۆشانی نێونەتەوەیی خۆی لەسەر ئاستی جیهانیدا، لە پێناو جیهانێك ئاشتیو ئاسایش باڵی بەسەریدا بکێشێو، پێشکەوتنو عەدالەتی کۆمەڵایەتی لێ وەدەستبێ، بە تەوەری تێکۆشانی نیشتمانی دیموکراسی خۆی لەسەر ئاستی نیشتمانیداو، لە ئاستی هەر وڵاتێکیش بەتەنها، گرێدەدات. حزبمان وای دەبینێ کە توانای بەرەنگاربوونەوەی ئاراستە نوێیەکانی سەرمایەداری هاوچەرخی بەنموونە ئەمریکاییەکەی لە ئارادا نییە گەر ئیعتماد بکرێتە سەر ڕژێمە دیکتاتۆریە سەرکوتکەرە داپلۆسێنەرەکانی گەلەکانیانو، تەنها بە پشت بەستن بە توانا و ئیرادەی جەماوەری ئازاد، دەتوانرێ بەرەنگاری سەرمایەداریو مەرجو سیاسەتەکانی ببینەوە. دەتوانین بڵێین کە تێکۆشان لە پێناو ڕزگاربوون لە هەموو شێوەکانی دیکتاتۆریەتو، پشتبەستن بە وزەو ئیرادەی ئازادانەی جەماوەرو، تێکۆشان لە پێناو بنیاتنانی دیموکراسی لە نیشتماندا، بەرەی هێزەکانی بەرەنگاربووی جیهانگیریی وەحشیگەرانەو هەژموونکاری ئەمریکا بەسەر جیهانەوە، بەهێزتر دەکات.

حزبمان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مەبەست لە رووبەرووبوونەوەی جیهانگیری، بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئاکامانەیە، کە تەنها خزمەت بە دەستەیەکی کەمی سەرمایەداری دەکات، کە دەیانەوێ هەموو ئەو دەستکەوتانەی بزاڤی سۆسیالیستیو بزووتنەوەی کرێکاری لە جیهاندا بەدەستی هێناوە، بە فیرۆ بدەنو، دەستکەوتی کۆمەڵایەتیو مافەکانی کرێکارو کارگەران (شغیلە) بکاتە قوربانی بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیا فرەرەگەزەکان، کە ئێستا لەرێگای جولەی سەرمایەکانیان بەبێ هیچ پێشمەرجو سنورێك، دەسەڵاتی بەسەر ئابووری جیهانیدا هەیەو، هەموو پرۆسە ئابوریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوەیی خستۆتە خزمەتی بەرژەوەندی سەرمایەداری جیهانییەوە. حزبمان پالپشتی ئەو ئاراستە فیکرییو سیاسیانە دەکات کە لەسەر بنەمای بەجیهانی کردنی خەباتو هاوکاری تێکۆشان لە دژی شەرانگێزییەکانی جیهانگیری سەرمایەداری دادەرێژرێتو، خۆی بە هاوکار لە هەموو سەرکەوتنە بەدەستهاتووەکانی هێزە چەپەکانی ئەمریکای لاتینو هەرشوێنێکی دیکەی جیهان دەزانێت، کە بەراستی ئەو سەرکەوتنانە گەورەن، چونکە ئەوە ئەنجامی سندوقەکانی دەنگدان و ئیرادەی ئازادیخوازانەی جەماوەرە.

# بەرنامەی
# حزبی شیوعی کوردستان ـ عێراق

حزبی شیوعی کوردستان وەك گوزارشتێك لە تێكۆشانی نیشتمانی دیموكراسی و چینایەتی شیوعییەكانی كوردستان، لە ناوەڕاستی سەدەی رابردووەوەو، بە پەرەسەندنی شێوازو جۆرەكانی كاری رێكخستنەكانیان، وەك درێژەپێدانی رێكخراوی هەرێمی كوردستانی حزبی شیوعی عێراق، كە لە حوزەیرانی 1993 دا گۆڕا بۆ حزبی شیوعی كوردستان ـ عێراق ، هەڵقولاوە.

حزب بە پشت بەستن بە شرۆڤەكردنی واقیعی كوردستان بە هەموو رەهەندەكانیەوەو، بە رێنمایكردنێكی داهێنەرانەی ماركسیزمو، سوودوەرگرتن لە ئەزمونی چەپو دیموكراسیخوازانو، خەباتی جەماوەرو، دەرەنجامی كەلەپوری تێكۆشانی مرۆڤایەتی لە پێناو ئازادیو پێشكەوتنی كۆمەڵایەتیدا، بەرنامەی خۆی دادەڕێژێو، سیاسەتی خۆی دادەنێو، گوزارشت لە گوتاری سیاسییانەی دەكات.

حزبی شیوعی كوردستان لەپێناو مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی كوردستانو، یەكسانی مافەكان لە نێوان پێكهاتە نەتەوەییەكانی كوردستان و سەرانسەری عێراقدا، تێدەكۆشێتو، لە قۆناغی ئەمرۆدا، فیدرالیزم بە رێگاچارەی گونجاو بۆ رێكخستنی پەیوەندی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستانو حكومەتی فیدرال دادەنێتو، بە ئامرازێكی نزیككەرەوەی بریاردانی مافی چارەنووس گەلی كوردستان دەزانێت، ئەمەش لە چوارچێوەی بنیاتنانی سیستەمی سیاسی لەسەر بنەمای دیموكراسیو فرەحزبیو ئاڵوگۆڕكردنی دەسەلاتو بەشداری بەكۆمەڵی هاولاتیان لە دروست كردنی بریاری سیاسیو، كاروباری ژیانیانو، رێزگرتنی نەریتەكانی هاولاتی بوونو ئازادییە گشتییەكانو پرەنسیپەكانی مافی مرۆڤو، رێزگرتنی تایبەتمەندیە كەلتورییەكانی هەموو پێكهاتە كۆمەڵایەتیەكان.

حزب لە پرۆژەی خۆیدا بۆ ئەنجامدانی گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی، تێكۆشانی نیشتمانیی دیموكراسی خۆی دەبەستێتەوە بە خەباتی، لە پێناو گەشەپێدانی ئابوری ولاتو، پێشكەوتنی كۆمەڵایەتیو، بنیاتنانی كۆمەڵگەی مەدەنی چالاكو، دابینكردنی بیمەی تەندروستیو، تۆڕی بیمە كۆمەڵایەتییەكانو، دابینكردنی بەرژەوەندییەكانی كرێكاران و جوتیاران و رۆشنبیران و كەمدەرامەتەكانو، توێژە پەراوێزكراوەكانو، زامنكردنی یەكسانی ژنو پیاو لە مافەكانداو، رەخساندنی زەمینەی لەبار بۆ بەشداری ئافرەت لە ناوەندەكانی بریارداو، گرنگیدان بە بەشداری لاوان لە پرۆسەی گۆڕانكاریدا.

حزب بەشێكە لە بزاڤی رزگاریخوازی كوردستانو، باوەڕی بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی كوردستان لە هەموو بەشەكانی نیشتماندا، هەیە، بە مافی دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی یەكگرتووشەوەو، پەیوەندیەكانی خۆی لەگەڵ هێزەكانی ئەم بزاڤە لەهەر پارچەیەكی كوردستاندا، لەسەر بنەمای هاوكاریو رەچاوكردنی تایبەتمەندیو تێكۆشان لەپێناو دیموكراسیو مافی مرۆڤو پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی، بنیاتدەنێتو، هەوڵ بۆ بەهێزكردنی رایەڵەكانی تێكۆشان لەگەڵ حزبە چەپو دیموكراتو پێشكوتنخوازەكانی ناوچەكە، لەسەر بنەمای تێكۆشانی هاوبەش، لەپێناو دیموكراسیو ئازادیدا، دەدات.

حزب تێگەیشتنی خۆی دەربارەی سۆسیالزم، لەسەر بنەمای فراوانكردنی دیموكراسیو، هەژماردنی سۆسیالزم بە پرۆسەیەكی ژیانیو گەشەسەندووی داهاتووو، نوێخوازانە بە پێی نوێبوونەوەی پێداویستیەكانی مرۆڤایەتیو، شێوازی دابینكردنیان، بنیات دەنێت. پرۆسەیەكی بەردەوام كە پلە بە پلە لەسەر بنەمای داهێنانو هەڵبژاردنی جەماوەرو بەهێزكردنی توانستی بەرهەمهێنەرانی ئازاد بنیاتبنرێ. ئەمەش پێویستی بە بەرزكردنەوەی ئاستی تێكۆشان هەیە، دژ بە نایەكسانی سیاسیو كۆمەڵایەتیو، دابەشكردنی نا یەكسانی سامانو، كەم وكوڕیەكانی دیكەی سەرمایەداری، كە لەسەر چاوچنۆكیو، چەوساندنەوە بونیاتنراوە.

حزبی شیوعی كوردستان بەشێكە لە بزاڤی دیموكراسی چەپو سوسیالستی نوێخواز لە جیهانداو، بۆ دامەزراندنی سیستمێكی جیهانی نوێ و رەوا تێدەكۆشێ كە لە سەر بنەمای رەتكردنەوەی سەروەری تاكەجەمسەریو، رووبەرووبونەوەی پرۆژەكانی لیبریالزمی نوێ كە لە هەر دوو ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتیدا، دەسكەوتەكانی رەنجدەران بەفیرۆ دەداو، تۆڕی پاراستنو بیمەی كۆمەڵایەتی لە دەسدەداو، هەژاریو جیاكاری فراواندەكات، بنیات بنرێ. حزب دژبە بیرۆكەی شەڕی پێشینەو دەسوەشاندنی خۆپارێزەرانەیەو، بۆ وەستان لە رووی خراپەكارییەكانی جیهانگیری سەرمایەداریو، ئاراستەكردنی دەسكەوتەكانی پەرەسەندنی زانستیو تەكنەلۆژی لە هەموو بوارەكان دا بۆ خزمەت كردنی مرۆڤایەتی، كاردەكات.

### 1 - لە بواری سیاسی دا:

حزبی شیوعی كوردستان تێدەكۆشێت لە پێناو:

-تەواوكردنی سەروەری نیشتمانیو، ئامادەكردنی پێداویستیی جێبەجێكردنی خشتەیەكی كاتی بۆ دەرچونی هێزە بیانیەكان لە عێراقدا، هاوكات لەگەڵ كاركردن بۆ نەهێشتنی ئاسەواری دیكتاتۆریو، زامنكردنی ئاسایشو سەقامگیری لە رێگەی بە تینكردنی رۆڵی جەماوەر، بۆ

روبەڕوو بوونەوەی تیرۆر، لە ڕێگەی قێزەونکردنی جیاکاری تایفەگەری و مەزهەبی و نەتەوەیی و حزبی بەر تەسك، لە ژیانی سیاسی گشتیدا و، لە بەڕێوەبردنی کاری دەزگا عەسکەری و ئەمنی و،تێکڕای کاری حکومی لە هەرێمی کوردستان و، سەرانسەری عێراقدا.

-تەواوکردنی پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەتی عێراقی دیموکراتی فیدراڵ بە پێی بنەما دەستورییەکان.

-تەواوکردنی دامەزراندنی سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و، لە ئاستی دەوڵەتی عێراقی فدراڵدا، بەو پێیەی کە گەل سەرچاوەی دەسەڵات و بناغەی رەوابونێتی، لەسەر بنەمای سیستمی دیموکراسی و، عەلمانی و، ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و، زامن کردنی پرنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و، راپەڕاندن و،دادوەریی، لە یەکتر.

-بە دەستوریکردنی بونیاتنانی ژیانی سیاسی لەسەر بنەمای دیموکراسی و، چەسپاندنی گیانی هاولاتیبوون و، ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و، ئازادییە گشتییەکان، کە لە ڕێکەوتننامە و پەیماننامە نێو دوڵەتیەکاندا هاتوون و، بەهێزکردنی کەلتوری گفتوگۆ و، بەیەکتر قایلبوون و، ڕێزگرتنی هەستی نەتەوایەتی و، ئاینیی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە هەمەجۆرەکان.

-بەهێزکردنی رۆڵی ئەو دەستە نوێنەرایەتیانەی لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراون، بەتایبەتی لەسەر ئاستی پارێزگا و شارەوانییەکان. ئەمەش لە ڕێگەی زامنکردنی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی لەسەر شانیان دایە و، بە پێی ئەو یاسایانەی دەسەڵاتیان دەستنیشاندەکات.

- دانانی ڕێوشوێنی یاسای گونجاو لە بواری وەزیفە گشتیدا و، دارشتنی سیاسەتێکی کاریگەرانە بۆ رووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی ئیداری و دارایی و، دەسکەوتی نارەوا، لە رێگای دامەزراندنی دەزگای دەسپاکی(نزاهە) لە هەرێمدا و، دانانی میکانیزمی چاودێری جەماوەری، لە ڕێگای بینین و ئاگەداربوون لە زانیاری پێویست.

- گەراندنەوەی ئەو ناوچانەی لە رووی مێژویی ـــ جوگرافییەوە کوردستانین بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەپێی ماددەی 140 لە دەستوری فیدراڵدا، لەچوارچێوەی رێبازی پاکتاوکردنی ئاسەواری دیکتاتۆری و شەڕە شۆڤینیەکانی، لە رێگەی گەڕاندنەوەی ئاوارە و بەزۆر راگوێزراوەکان و هاوردەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان و، قەرەبووکردنەوەی هەموویان بەرامبەر ئەو زیانانەی لێیان کەوتووە و، چاکردنەوەی ئەو دابەشکردنە ئیدارییانەی دیکتاتۆرییەت بۆ مەرامە شۆڤینیەکانی خۆی ئەنجامی دابوون و، وەرگرتنی رای دانیشتوانی ئەو ناوچانە لە رێگای ریفراندۆمەوە.

-چالاککردنی رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە رەوشە گشتییەکاندا و، لە بەشداری کردنیان لەکاتی دارشتنی سیاسەت و یاساکان لە لایەن حکومەت و پەرلەمانەوە و، دابینکردنی سەربەخۆیی کارکردنیان و، هاندانی کاری خۆ بەخشی بە مەبەستی گەشە پێدانی مرۆیی و، پرۆسەی بونیاتنان.

## 2- مافی نەتەوەکان و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان:

أ - حزبی شیوعی کوردستان باوەڕی بەمافی یەکسانی نەتەوەیی نێوان هاولاتیان، بەپێی بنەمای بەهاکانی هاولاتی بوون و ڕێزگرتن لە تایبەتمەندیە رۆشنبیری و نەتەوەییەکان، هەیە و، لە پێناو پەیرەوکردنی مافە دەستوری و،کارگێری و، کەلتورییەکان بۆ تورکمان و،کلدان ئاشوری سریان و، عەرەب، تێدەکۆشێ، تا گەیشتنە شێوازێك لە ئوتۆنۆمی لەو ناوچانەی کە تێدا زۆرینەی دانیشتوان پێك دێنن و، ئەمەش لە رێگەی:

- دابینکردنی گەڕانەوەی کەسانی ئاوارە و، دەرکراوی ئەم نەتەوانە بۆ ناوچەکانی دانیشتنی ئەسڵی خۆیان و، قەرەبوو کردنەوەیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە هەموو ئەو زیانەی پێیان کەوتووە و، بایەخدان بەو ناوچانەی پێشتر فەرامۆشکراون.

- دابینکردنی مافە کارگێری و، کەلتورییەکان و، مافی خوێندن بە زمانی دایك بۆ هەموو نەتەوەکان.

- زامنی بەشداریکردنی تورکمان و، کلدان ئاشوری سریان لە وەرگرتنی کورسیەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، بە پێی رێژەی دانیشتوانیان لە هەرێم دا.

- بەرێوبردنی ئەو شارۆچکەو گوندو ناوچانەی کە رۆڵەکانی ئەم نەتەوانە زۆرینەی دانیشتوان پێك دێنن، لەلای خۆیانەوە.

- بەتینکردنی گیانی هاوکاری و برایەتی و دۆستایەتی نێوان رۆڵەکانی نەتەوە هەمە جۆرەکان و، زامنکردنی بەشداری بە کۆمەڵی رۆڵەکانی هەموو نەتەوەکان، لە بەرێوبردنی ئەو ناوچانەی کە فرە نەتەوەیی تێدایە.

ب - ڕێزگرتنی تایبەتمەندی کەلتوری و ئاینی ئیزیدی و کاکەیی و سابیئە مەندائی و، زامنکردنی پەیرەوکردنی مەڕاسیمە تایبەتەکانیان و، پاراستنی کەلەپورو بۆچوون و بیروڕاکانیان.

## 3- سیاسەتی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی:

حزب لە هەردوو بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی کار دەکات لە پێناو:

–پەیڕەوکردنی پرنسیپی فرەیی لە بواری خاوەندارییەتیو، پاراستنو دروستکردنی کەرتی حکومی بەرهەمهێنەرو، کارکردن بۆ چاککردنی لە ڕێگەی بەردەستکردنی پێوەری ریفۆرمی کارگێڕیو لێهاتوویی و لێپرسینەوەو، زامنکردنی بەشداری حکومەت لە پرۆژە ناوەندییە گرنگو بناغەییەکان، بە تایبەتی لە بواری دابینکردنی سەرچاوەکانی وزەو، پیشەسازی گۆڕینو نەوتو کارەباو نیشتەجێکردنو ڕێگاوبانو، هاندانی سەرمایەداری نیشتمانی لە هەردوو کەرتی هەرەوەزیو تێکەڵاو.

–کارتێکردنە سەر سیاسەتی ئابوری بازار، لە ڕێگەی دەستێوەردانی دەوڵەت بۆ قەدەغەکردنی مۆنۆپۆڵو، هەستان بە ڕۆڵی خۆی لە خەرجی گشتیو جێبەجێکردنی وەزیفە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی خۆی.

–هەموارکردنی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بەو جۆرەی کە خاوەندارییەتی زەویو سامانە سروشتیەکانی کوردستان بپارێزرێتو، هاندانی وەبەرهێنانی نیشتمانیو بیانی لە سایەی کەشوهەوای روونیو ئاشکرایی ئابووریدا.

–پاراستنی زەوی کشتوکاڵیو، پەرەپێدانی هێزی بەرهەمهێنەر لە گوندەکان دا، لە ڕێگەی هاندانی پرۆژەی وەبەرهێنانی بچووکو ناوەندیو، هەرەوەزیو، تایبەتو، تێکەڵو،حکومی دا.

–دابینکردنی پێداویستیەکانی گەشەپیدانی کشتوکاڵی نوێ، لە ڕێگەی بایەخدان بە دروستکردنی بەربەستی ئاوو، سوود وەرگرتن لە ئاوی بارانو، ئاوی ژێر زەویو، بایەخ دان بە باخو، یارمەتیو، قەرزدان بە جوتیاران.

–بایەخدانی تایبەت بە پرۆژەکانی وزەی کارەباو کارکردن بۆ هەمەجۆری سەرچاوەکانیو، بایەخدان بە خزمەتگوزاریی شارەوانی، بە تایبەتی لە بواری دابینکردنی ئاوی پاك بۆ خواردنەوەو، دروستکردنی ئاوەڕۆ.

–پەرەپێدانی گەشتوگوزارو، ئامادەکردنەوەی هاوینە هەوارەکانو، بایەخدان بە وەبەرهێنانی هەمە جۆر لە بواری گەشتوگوزاری دا.

–بایەخ دان بە گواستنەوەی ئاسمانیو، بەستنەوەی شارەکانی کوردستان بەیەکتر لە ڕێگەی هێڵی خێراو، هەوڵدان بۆ دامەزراندنی هێڵی ئاسنین بۆ بەستنەوەی کوردستان بە بەشەکانی دیکەی عێراقو، وڵاتانی دراوسێ.

–دابینکردنی خانوو بەرەی گونجاو بۆ هاوڵاتیان، لە ڕێگەی پرۆژەی نیشتەجێکردنی حکومیو بونیادی ستونیو، پێدانی قەرزی عقارو، هەموارکردنی یاسای بە کرێدانی خانووو،شوێنە بازرگانییەکان.

–پاراستنی ئەنکێتی خۆراكو چاککردنی جۆرو ناوەڕۆکەکەیو زامنکردنی پاراستنی توانای کڕینییو ئاستی فراوانبوونی.

–چالاککردنی سیستەمی باجگریو، بەرەو سەر (تصاعدی) ئاراستەکردنی، بەپێی داهاتی ساڵانەی هاوڵاتیان.

–دانانی یاسایەك بۆ بیمەی تەندروستی، بە مەبەستی زامنکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانو، پەرەپێدانی دەزگا تەندروستیو، نەخۆشخانەکان.

–دانانی یاسایەك بۆ بیمەو سەرپەرشتی کۆمەڵایەتی، لەسەر بنەمای مسۆگەرکردنی چاکترین ئاستی داهات بۆ دابینکردنی ژیانێکی سەربەرزانە بۆ هاوڵاتی لەکاتی بێکاریو پەککەوتنو پیری دا.

–نەهێشتنی بێکاری لە ڕێگەی دابینکردنی هەلی راستەقینەی کارکردنو، چارەسەرکردنی بێکاری دەمامکدراو لە ڕێگەی چاوخشاندنەوە بە بواری وەزیفەی گشتیداو، راهێنانو پەرەپێدانی توانای زێدەکان، بەمەبەستی بەکارهێنانەوەیان لە بازاری کاردا.

–ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دانیشتوانو، دیکۆمێنت کردنی زانیارییەکان لە کۆمپیوتەر. بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بەشێوەیەکی بەرفراوان لە بواری خزمەتگوزاری تایبەت بە هاوڵاتیانو، کاری هەمەجۆری وەزارەتەکان.

–پایەخدانو ڕێزگرتنی تێکۆشەرە دێرینەکان لە پێشمەرگەو زیندانی سیاسیو، ئەو کەسانەی پێداویستی تایبەتیان هەیەو، بەتەمەنو، زامنکردنی موچەی خانەنشینی بۆیان.

–بایەخدان بە خێزانی شەهیدانو قوربانیانی ئەنفالو بۆردمانی کیمیایی.

–بایەخدان بە پێوستیو داخوازی توێژە پەراوێزکراوەکانو، هەوڵدان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر بۆیان لە شوێنی نیشتەجێبوونیان دا.

### 4–مافەکانی چینی کرێکار:

لە بواری مافەکانی چینی کرێکاردا حزبی شیوعی کوردستان تێدەکۆشێ بۆ:

– دانانی یاسایەکی نوێو یەکگرتووی کار بەپێی یاساو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەست بە کار، کە مافی کار و بیمەی کۆمەڵایەتیو یەکسانی لە کرێو خانەنشینیدا زامن بکات.

– دانانی یاسایەکی نوێ بۆ بیمەی کۆمەڵایەتی کە مافی بیمە وەرگرتن لە کاتی بێکاریو نەخۆشیو پیریو پەککەوتندا زامنبکاتو، کردنەوەی ناوەندی تەندروستی تایبەت بە کرێکاران.

-دیاری کردنی کاتی کارکردن بە (36) کاتژمێر کار لە هەفتەیەکدا.
-داکۆکیکردن لە مافی کرێکارانی کەرتی گشتیو گەڕانەوەی ناسنامەی چینایەتی بۆیان، بە جۆرێك یاسای کاری یەکگرتوو بیانگرێتەوە.
-دانانی سیستەمێکی نوێ و یەکگرتوو بۆ کرێ کە پێداویستیەکانی ژیان رەچاو بکاتو، هاوسەنگی لە نێوان نرخو کرێدا دروست بکات.
-سوود وەرگرتن لە کرێکارانی بیانی بە پێی پێداویستی ئابوری کوردستانو، چاودێریکردنی حکومەت بۆ ئەم بوارە. پێویستە یاسای کاری یەکگرتوو ئەو کرێکارە بیانیانەی لە کوردستان کاردەکەن بگرێتەوە.
-بایەخدان بە سەنتەرەکانی راهێنانی کرێکاریو کردنەوەی خولی راهێنان بۆ بەرزکردنەوەی توانستی کرێکاران و ئاستی کارکردنیان.
- کردنەوەی سەنتەری رۆشەنبیری کرێکاریو، بایەخدان بە ئافرەتی کارگەرو، لاوانی کرێکارو، کارکردن بۆ پەرەپێدانی حەزو بەهرەکانیانو، بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیرییان.
- چالاککردنی رۆڵی سەندیکا کرێکارییەکانو، زامنکردنی سەربەخۆییانو، پەرەپێدانی بەشداری کردنیان لە لێژنە جۆراوجۆرەکانی کارگەکانو، پرۆژەکانی بەرهەمهێنان دا.
-دامەزراندنی دادگای تایبەتمەند بەناوی ( دادگای کارکردن) بۆ لێکۆڵینەوە لەو گرفتانەی پەیوەستن بە یاسای کارو بیمەی کۆمەڵایەتیەوە.

### 5-مافی جوتیاران:

حزب لە بواری کارکردن بۆ دابینکردنی مافی جوتیاراندا تێدەکۆشی بۆ:
- دارِشتنی یاسای نوێ بۆ رێکخستنی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیو، چارەسەرکردنی کێشەی پەیوەست بە خاوەندارێتی زەویە کشتوکاڵیەکان و مافەکانی جوتیارانو، پاراستنی کرێکاری بواری کشتوکاڵ.
-کۆمەك کردنی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە رێگەی کڕینەوەی بەروبوومی جوتیارانو وەرزێران، بە نرخێکی گونجاو.
-نەهێشتنی باجو سەرانە لەسەر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی نیشتمانی.
-یارمەتیدانی جوتیاران بە پەینی کیمیاییو ئامێری کشتوکاڵی.
-پێشکەشکردنی کۆمەكو ئاسانکاری هەمە جۆر لە پێناو پەرەپێدانی سامانی ئاژەڵداری لە بواری مەرومالاَتو پەلەوەریو، بەخێوکردنی هەنگو، سامانی ماسیو، دانانی پلانی سالاَنە بۆ لەناوبردنی نەخۆشییە کشتوکاڵییەکانو، ئەو نەخۆشییانەی سامانی ئاژەڵداری دەگرێتەوە.
-پشتگیری پێکهێنانی کۆمەڵەو یەکێتی جوتیارانو، هاندانی چالاکی هەرەوەزی لە بواری بەرهەمهێنانو بازاڕی کشتوکاڵیداو، لە بواری دابینکردنی ئامێرە کشتوکاڵییەکاندا.
-بەهاوچەرخکردنی گوندەکانو دابینکردنی خزمەتگوزاری گشتی لە بواری کارەباو ئاوەڕۆو، هاندانی کردنەوەی کتێبخانەو یانەی رۆشنبیریو وەرزشیو، کردنەی خولی نەهێشتنی نەخوێندەواریو، بایەخدان بە تێکرای ئەو هەنگاوانەی کە هانی گەڕاندنەوەی جوتیاران بۆ گوندەکانیان دەدات.
-پشتگیریو هاندانی بانکە کشتوکاڵیەکانو، چالاککردنی رۆڵیان لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیدا.
-رێگەگرتن لە فراوانکردنی یەکە ئیدارییەکان بە ئاراستەی ناوچە کشتوکاڵییەکانو، فراوانکردنی ئەو یەکانە بەرەو ناوچە بەردەڵانییەکان.

### 6-مافی ئافرەت:

حزبی شیوعی کوردستان بۆ هێنانەدی یەکسانی نێوان ئافرەتو پیاو، لە مافی مەدەنیو سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیدا کار دەکات بۆ:
-پابەندبوونی دەوڵەتو حکومەتی هەرێم بە هەموو ئەو یاساو دیکۆمێنتو جاڕنامە نێودەوڵەتییانەی مافی ئافرەتو یەکسانی لە هەموو بوارەکاندا زامندەکاتو، کارکردن بۆ رەنگدانەوەی ئەو پرینسیپانە لە یاسا نیشتمانییەکاندا.
-نەهێشتنی هەموو دیاردەیەکی جیاکاری دژبە ئافرەتو، کارکردن بۆ بەشدارییەکی کارای ژنان لە بوارەکانی دەسەلاَتی تەنفیزیو دادوەریدا بە ئاستێکی گونجاو لەگەڵ بەشداریکردنی لە دەسەلاَتی یاسادانانادا.
-هەموارکردنی یاسای باری کەسایەتی، بەجۆرێك یەکسانی ژنو پیاو لە بەرامبەر یاسادا زامنبکاتو، فرەژنی قەدەغەبکاتو، هەموو دیاردەکانی جیاکاری دژبە ئافرەت نەهێڵێت.
-دانانی یاسایەك بۆ نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی توندوتیژی خێزانی دژ بە ئافرەتو منداڵ.

-زامن كردنی پشتگیری حكومەت بۆ كاری رێكخراوەكانی ئافرەتانو ئەوانەی بۆ مافەكانی ئافرەتو گەشەپێدانو پێشكەوتنیو، چارەسەركردنی ئاسەوارەكانی دواكەوتویی كۆمەلاٌیەتیو، ئەو ئاسەوارە سایكۆلۆژییەی كە لە ئاكامی شێواندنی كۆمەلاٌیەتیو قەیرانە ناوخۆییەكانەوە دروست دەبن.

-كۆمەككردنی ئافرەتی كارگەرو، هاندانی بۆ بەشداریكردن لە چالاكی ئابووریدا.

-بایەخدان بە ئافرەتی لادێو، كاركردن بۆ پەرەپێدانی تواناكانیو زیادكردنی بەشداریی لە بەرهەمهێناندا.

## 7-**مافی منداڵان:**

لە بواری دابینكردنی مافی منداڵاندا حزب كاردەكات بۆ:

-بایەخدانی زیاتر بە سەنتەرەكانی چاودێریو پێگەیاندنی منداڵە بێ سەرپەرشتەكان.

-بایەخدان بە تەندروستی منداڵ بوونو، زیادكردنی داینگەو باخچەی ساوایان.

-پەیڕەوكردنی پێوەرە نێودەوڵەتیەكان سەبارەت بە چاودێری منداڵانو كاری نەوجوانان.

## 8-**لاوان و قوتابیان:**

حزبی شیوعی كوردستان بۆ گەشەپێدانی توانای لاوانو قوتابیان كاردەكات بۆ:

-بەگەڕخستنی بەشداری لاوان و قوتابیان لە رەوشی گشتیداو، هۆشیاركردنەوەیان بە گیانی هاولاٌتی بوونو كەلتوری پێكەوە ژیانو گفتوگۆو رێزگرتنی بەرامبەرو كاری خۆبەخشیو، بلاٌوكردنەوەی رۆشنبیری پێشكەوتنخواز لە ناو ریزەكانیانداو، دابینكردنی پەیوەندیو تێكەڵبونی لاوانو قوتابیانی كوردستان لەگەڵ لاوانو قوتابیانی بەشەكانی دیكەی عێراقو ناوچەكەو جیهان، بە شێوەیەكی بەردەوام.

-چاككردنی بارو دۆخی ژیانی لاوانو، نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ریزەكانیانو، ئامادەكردنیان بۆ بازاڕی كارو چارەسەركردنی بێكاری لە نێو ریزەكانیانو، پەیداكردنی هەلی كاركردن بۆ دەرچووی زانكۆو پەیمانگاو ئامادەییە پیشەییەكان.

-تەمەنی كاندیدكراو بۆ ئەنجومەنەكانی هەڵبژاردن لە 30 ساڵەوە بكرێتە 25 ساڵ.

-بایەخدان بە كاری لاوانو، ئەو رێكخراوو یانەو تیپە لاوو قوتابییانەی لە بواری رۆشنبیریو هونەریو وەرزشیدا چالاكنو، دابینكردنی پێداویستیەكانی ئەنجامدانی ئەم چالاكییانە.

-كۆمەككردنی ئەو لاوانەی نیازی هاوسەریەتی و پێكهێنانی خێزانیان هەیەو، كاركردن لە پێناو دابینكردنی خانوو بۆیان لە رێگەی پشتگیری حكومەتو، كۆمەڵە هەرەوەزییەكان.

-دابینكردنی بەشی ناوخۆییو باشكردنی خزمەتگوزارییەكانیو، زامنكردنی یارمەتیەكی مانگانە بۆ قوتابیان بە پێی رچاوكردنی ئاستی بژێویو كەمترین ئاستی داهات.

-پاداشت كردنی قوتابیانی سەركەوتوو بەهرەدارو، درووستكردنی هەلی یەكسان بۆیان لە وەرگرتنیان لە خوێندنی بالاٌو، لە ناردنیان بۆ تەواوكردنی خوێندن لە دەرەوەی ولاٌت.

## 9-**پەروەردەو فێركردن:**

لە بواری پەروەردەو فێركردندا حزب تێدەكۆشێ بۆ:

-چالاككردنی سیستەمی پەروەردەییو پرۆگرامی خوێندن بە پێی پەرەسەندنەكانی بواری زانستو پرۆگرامە پەروەردەییەكانی جیهانو، دابینكردنی شوێن وجێگای پێویست بۆ ئەو پرۆسەیە.

-خوێندنی بابەتی مافی مرۆڤ و مافی ئافرەت لە پەیمانگاو زانكۆكاندا.

-بایەخدان بە زمانی كوردی بەو پێیەی كە زمانی خوێندنی فەرمیە لە هەموو قوتابخانەكان داو، پەرەپێدانی پرۆگرامەكانی فێركردنی تایبەت بە هەردوو زمانی عەرەبیو ئینگلیزی.

-دانانی زمانێكی ستانداری یەكگرتووی كوردی لە ئاستی پەروەردەو، خوێندن بۆ سەرانسەری كوردستان.

-بایەخدان بە پەرەپێدانی زمانی نەتەوەكانی دیكە لە هەرێم داو، زامنكردنی خوێندنی رۆڵەكانی ئەم نەتەوانە بە زمانی دایكو بنەمای كەلتوریو رۆشنبیری تایبەت بە خۆیانو، پەرەپێدانی كارو بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەكانی خوێندنی توركمانیو سریانی.

-زامنکردنی خوێندنی ئیلزامی تا قۆناغی بنەرەتیو، دابینکردنی پێداویستیەکانی خوێندنی بە خۆڕایی لە قۆناغە هەمە جۆرەکانی خوێندندا.
-دیسپلین و سنوور دانان بۆ وەبەرهێنانی تایبەت لە بواری پەروەردەو فێرکردن دا، بە پێی ئەو پێوەرانەی لە زانکۆ حکومیەکان دا کاریان پێ دەکرێت.
-پەیرەو کردنی فێرکردنی تێکەڵاو لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن دا.
-پەرەپێدانی زانکۆکانو پەیمانگەو خوێندنی پیشەیی، لە رێگەی ریفۆرمی سیستەمی فێرکردن.
-پەرەپێدانی توانستی قوتابخانەکانی ئێوارانو چاودێری کردنی کارەکانیان بەپێی دیسپلینەکانی پەروەردە.
-چارەسەرکردنی دیاردەی دواکەوتنی خوێندن بە تایبەتی جێهێشتنی کچان لە پرۆسەی خوێندندا.
-پاراستنی مافی مامۆستایانو، پەرەپێدانی تواناو داهێنانیانو، بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەییو رۆشنبیرییانو، بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریو هۆشیاری دیموکراسی لە قوتابخانەکاندا.
-ئامادەکردنی شوێنی حەوانەوە بۆ مامۆستایان لە شوێنە دوورەکان کە تیایدا کاردەکەن.
-دروستکردنی بارودۆخی گونجاو بۆ هاندانی گەڕانەوەی مامۆستایانو، خاوەن توانستە زانستیەکان بۆ کوردستان.
-بایەخدان بە چالاکی دیدەوانیو وەرزشیو هونەریو چالاکییە داهێنەرەکانی دیکە.

### 10-رۆشنبیری:

حزبی شیوعی کوردستان لە پێناو بڵاوبوونەوەی رۆشنبیری دیموکراسی مرۆڤایەتی پێشکەوتنخواز کاردەکات، بەمەبەستی چەسپاندنی عەقلانیەتو روناکبیریو هەمەچەشنی فیکری لە کۆمەڵگەداو، خزمەتکردنی پرۆسەی گەشەسەندنو بونیاتنان، دژ بە عەقلیەتی توندوتیژیو داپڵۆسینو تەکفیرو رەوابەخشین بە تیرۆرو بڵاوکردنەوەی رقوکینە. حزب لە پێناو وەدیهێنانی ئەم ئامانجانە تێدەکۆشێ لە رێگەی:-
-رێزگرتن لە فرەفیکریو فرەنەتەوەیی لە بواری رۆشنبیری داو، کرانەوە لەسەر هەموو سەرچاوەکانی رۆشنبیری جیهانیدا.
-بەهێزکردنی رۆڵی رۆشنبیرو نوسەرو شاعیرو هونەرمەندو رۆژنامەنووسو، کارگەرانی بواری رۆشنبیریو داهێنان، لە مەسەلە گشتییەکانی کۆمەڵداو، بایەخدان بە دابینکردنی پێداویستی چالاکییەکانیانو، زامنکردنی پێویستیەکانی ژیانێکی شیاو بۆیان.
-دابینکردنی پێویستیەکانی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری دیموکراسی لە رێگەی بایەخدان بە کتێبخانەو، هونەری سینەماو شانۆو، کۆمەککردنی تیمە هونەریەکانو، بوارەکانی هونەری شێوەکاریو، دابینکردنی شانۆو هۆڵو نمایشی سینەمایی.
-پارێزگاریکردنی ئاسەوارە دێرینیەکانی کوردستانو ژیاندنەوەی کەلەپوری شارستانی، لە رێگەی بایەخدان بە مۆزەخانەکان.
-بەردەوامبوونی پەیوەندی لەگەڵ سەرچاوە هەمەجۆرەکانی رۆشنبیری جیهان لە رێگەی بەشداریکردن لە چالاکیە رۆشنبیریە جیهانییەکانو، هەوڵدان بۆ ناساندنی کەلتورو کەلەپوری کوردستان لەم چالاکیانە دا.
-بایەخدان بە ئەکادیمیای کوردیو پەرەپێدانی پێکهاتەکەی.
-بایەخدان بە بەرهەمی داهێنەرانەی لاوانو پشتگیریکردنیان بە شێوازی مادیو مەعنەویو یارمەتیدانیان بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان.

### 11-چالاکی وەرزشی:

حزبی شیوعی کوردستان لە روانگەی گرنگی وەرزش لە پێکهاتەی هۆشو لەشی تاکەکانو پاراستنی تەندروستی گشتی، کار بۆ ئەم خاڵانە دەکات:
-هاندان و یارمەتیدانی تیپو یانە وەرزشییەکانو چالاکییە جۆراجۆرەکانیان، بە پێی ئاستی چالاکییەکانیان.
-بایەخدان بەبەشداری یانەو تیپە وەرزشکارییەکان لەو چالاکییانەی لە ئاستی سەرانسەری عێراقو ئاستی هەرێمایەتیو نێودەوڵەتیدا ئەنجامدەدرێن.
-بایەخدان بە وەرزش لە قوتابخانەکانداو، گرنگیدان بە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیو، خوێندنی باڵا بە مەبەستی ئامادەکردنی کادیر لەم بوارەو، پشتگیریکردنی رۆژنامەگەری وەرزشی.
-بایەخدان بە وەرزشی ژنانو دابینکردنی پێداویستیەکانی، لەوانە هۆڵی وەرزش و مەلەوانگە.

**ژینگە:**

حزب لە بواری ژینگەدا كار دەكات بۆ:

دارشتنی یاسایەكی تایبەت بۆ پاراستنی ژینگەو، بەگەرخستنی رۆڵی دەزگا پەیوەندیدارەكان بە ژینگەوە لە پاراستنی سامانی ئاژەڵیو سروشتیو ئاوییو، فراوانكردنی كاری نەمام چاندنو، دروستكردنی باخو باخچەی گەشتوگوزارو، رێكخستنی راوكردن.

پاراستنی ئاوو هەواو سروشتی كوردستان بە گشتی لە پیسبوون بە پاشماوەو ئاوەرۆكان.

-گواستنەوەی ناوچەی پیشەسازیو جێگەی پرۆژەكان بۆ دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی هاولاتیان.

-هەڵگرتنەوەی مینو، بە دواداچوونی ئاسەواری بەكارهێنانی چەكی كیمیایی كە لەلایەن رژێمی دیكتاتۆری لەناوچوو بەكار هێنرابووو، گرنگیدان بەو ناوچانەی كە دانیشتوانیان بەر بۆردمانی كیمیایی كەوتووونو، رێكخستنی بەكارهێنانی دەرمانی كشتوكاڵی بەپێی دیسپلینی پاراستنی ژینگە.

-بلاوكردنەوەی رۆشنبیری پاراستنی ژینگەو، هاندانی دامەزراندنی رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی تایبەتمەند بە بواری پاراستنی ژینگە.

**پەیوەندییە هەرێمایەتیو نێودەوڵەتیەكان:**

لە بواری پەیوەندییە هەرێمایەتیو نێودەوڵەتییەكاندا حزب كار دەكات بۆ:

-پەرەپێدانی پەیوەندی هەرێمی كوردستانو دەزگاكانی بە دەوروبەری ئیقلیمیو نێودەوڵەتی.

-بونیاتنانی سیاسەتی دەرەوەی عێراق لەسەر بنەمای چەسپاندنو رێزگرتنی سەروەری نیشتمانی عێراقو، دەست تێوەرنەدان لە كارو باری ناوخۆییو، لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە هاوبەشەكان.

-پشتگیری تێكۆشانی بزاڤی گەلە خەباتگێرەكان لە پێناو سەربەخۆییو بریاردانی چارەنوسی خۆیان.

-تێكۆشان دژ بە شەرو دەستێوەردانی سەربازیو، كاركردن لە پێناو پاراستنی ئاشتی لە جیهاندا.

بەهێزكردنی رۆڵی دەزگا نێودەوڵەتیەكان، لە سەرووی هەموویانەوە رۆڵی نەتەوە یەكگرتووەكان، بۆ پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی جیهانیو، هەوڵدان بۆ دامەزراندنی سیستەمێكی جیهانی رەواو هاوسەنگ، بۆ بەدیهێنانی ئاسودەیی، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیو، بەپێی پرەنسیپی فرەییو مافی مرۆڤوهاوكاری نێوان گەلاندا.

-بەهێزكردنی پەیوەندی بە تەواوی بزوتنەوەی رزگاریخوازی كوردستانی لە ناوچەكەدا.

# پێرەوی ناوخۆی
# حزبی شیوعی كوردستان ـ عێراق

**پێشەكی:**

حزبی شیوعی كوردستان ـ عێراق وەك پێداویستییەكی چینایەتیو نیشتمانی، لە ئاكامی پەرەسەندنی هۆشمەندی چینایەتیو سیاسی گەلی كوردستان بە گشتیو، رۆڵی كرێكارانو رەنجدەران لە تێكۆشانە نیشتمانیو چینایەتی یەكاندا، دامەزراوە.

ئەم رێكخراوە لە یەكەمین كۆنگرەی حزبی شیوعی عێراقدا لە ساڵی (1945) دا بە رەچاوكردنی تایبەتمەندێتی نەتەوەیی، بەناوی لقی كوردی حزبی شیوعی عێراق راگەیەنراوەو، مافی دانانی بەرنامەو پێرەوی ناوخۆی پێدراوە، پاشان بوو بە لقی كوردستان.

لە ئایاری (1966)دا لقی كوردستان یەكەمین كۆنفرانسی خۆی بەستو، دواتر لە سێیەمین كۆنفرانسی حزبدا لە كانوونی یەكەمی (1967) گۆرا بۆ (رێكخراوی هەرێمی كوردستانی حزبی شیوعی عێراق)و، لە ئایاری (1969)دا كۆنگرەی یەكەمی خۆی بەستو، بەرنامەیەكی نیشتمانیو دیموكراسی، دارشت.

لە دوای ئەو وەرچەرخانە مێژووییەی كە لە ئەنجامی راپەرینی ئاداری (1991) دا هاتەكایەوە، رێكخراوی هەرێمی كوردستان دووەمین كۆنگرەی خۆی لە (1993/6/30) دا بەستو (حزبی شیوعی كوردستان ـ عێراق)ی وەك درێژەپێدەری رێكخراوی هەرێمی كوردستان، راگەیاند.

حزبی شیوعی كوردستان، حزبی كرێكارانو جوتیارانو سەرجەم رەنجدەرانی بیروبازووەو، هەڵگری پەیامی نیشتمانیو دیموكراسیو یەكسانیو مافەكانی مرۆڤو دادپەروەری كۆمەڵایەتییە.

# پرەنسیپەكانی بیناكردنی حزب

**ماددەی یەكەم:**

**حزب**

حزبی شیوعی كوردستان ـ عێراق یەكێتییەكی ئارەزوومەندانەی ئەو تێكۆشەرانەیە، كە هزری ماركسیزم رێنیشاندەریانەو، سوود لە كەلەپووری پێشكەوتنخوازی گەلی كوردستانو، مرۆڤایەتی وەردەگرنو، هەموو تواناكانیان بۆ گەلو نیشتمانو، دۆزی چینی كرێكارو رەنجدەرانو، كۆمەڵگەی كوردستان، تەرخان دەكەنو، لە پێناو پێشكەوتنو دادپەروەری كۆمەڵایەتیو سۆسیالیزمدا تێدەكۆشن. رێكخستنو ژیانی نێوخۆییو، چالاكییەكانی حزب لەسەر بنەمای ناوەندێتی دیموكراسی، دادەڕێژرێت، كە لەم خاڵانەی خوارەوەدا، بەرجەستە دەبن:

1 - كۆمیتەی ناوەندیی حزب ناوەندی سەركردایەتی حزبەو، بە شێوەیەكی دیموكراسییانە لە كۆنگرەدا هەڵدەبژێردرێتو، باڵاترین دەستەی جێبەجێكردنە.

2 - یەكێتی فیكریو سیاسیو رێكخراوەیی خۆی لەسەر بنچینەیەكی دیموكراسی لە چوارچێوەی بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆدا، دادەڕێژێت، كە یەكێتی ئیرادەو كارو رێكخستنە.

3 - بڕیاری حزبی بە زۆرینەی دەنگ دەدرێتو، كەمایەتی بڕیارەكان جێبەجێ دەكاتو، ئازادە لەبەردەم سەرچاوە حزبیەكاندا رای خۆی دەربڕێتو، دەتوانێ بیروبۆچونی سیاسیو فكری خۆی لە رۆژنامەكاندا بڵاوبكاتەوەو، لە بواری رێكخستنیش بۆچونەكانی خۆی لە بڵاوكراوەی ناوخۆیی حزبدا، بڵاوبكاتەوە.

4 - دەستەكانی خوارەوە بڕیاری دەستە باڵاكان جێبەجێ دەكەنو، مافیانە داوای چاوگێڕانەوە بەو بڕیارانەدا بكەن.

5 - راپۆرت گۆڕینەوە لە نێوان دەستە حزبییەكانی سەرەوەو خوارەوەدا، پەیڕەو دەكرێت.

6 - بەشداریكردنی چالاكانەی ئەندامانی حزب لە داڕشتنی فیكرو سیاسەتی گشتی حزبو، لە بڕیاردانی ئەو مەسەلانەی كە پەیوەندییان بە ژیانو بینای حزبو پێكهاتنی دەستە سەركردایەتییەكانییەوە هەیەو، بەسەركردنەوەی چالاكییەكانی ئەو دەستانە.

7 - دەستە سەركردایەتییەكان لە كاتی لێكۆڵینەوەی ئەو بابەتە گرنگانەی كە پەیوەندییان بە چارەنووسو سیاسەتی حزبەوە هەیە، پێویستە رای گشتی حزب وەربگرن.

8 - ئازادی رادەربڕینو ئاڵوگۆڕكردنی بیروڕای جۆراوجۆر لەنێو رێكخراوو دەستە حزبییەكانداو، گوێگرتن لەو بیرو رایانەو سوود لێوەرگرتنیان.

9 - هەڵبژاردنی هەموو دەستە سەركردایەتییەكان لە خوارەوە بۆ سەرەوە لە رێگای دەنگدانی نهێنی دەبێت. دانان لە بارێكی نائاساییدا سنووردارەو، بە رەزامەندی دەستەی سەرووتر دەبێت.

10 - پێڕەوكردنی پرەنسیپی سەركردایەتی بەكۆمەڵ لەلایەن گشت رێكخراوەكانی حزبەوە، لەگەڵ دەستنیشانكردنی بەرپرسی تاكە كەسی.

11 - پێڕەوكردنی رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن.

**ماددەی دووەم**

**پێكهاتەی حزب**

1 - ئەندامێتی لە حزبدا

هەموو هاووڵاتییەكی كوردستانی بۆی هەیە ببێتە ئەندامی حزبو، پێویستە داوایەك بەو مەبەستە پێشكەش بكات، بەڵام تا رێكخراوی بنچینەیی بە تەواوی لەخۆیو تەزكییەكەی دڵنیاو رازی نەبێت، بە پاڵێوراو دانانرێت.

2 - پاڵاوتن

أ: ماوەی پاڵاوتن بۆ هەموو هاونیشتمانییەكان (6 )مانگە .

ب: رێكخراوی بنچیینەیی دەتوانێ تەنیا یەكجار بۆ ماوەی (3) مانگ ماوەی پاڵاوتن درێژ بكاتەوە.

ج: ئەگەر لەو ماوەیەی لە خاڵەكانی (أ،ب) ئاماژەی بۆ كراوە، پاڵێوراو نەیسەلماند شایەنی ئەندامێتی حزبە، رێكخراوی بنچینەیی بە ئاگاداری دەستەی سەروتری، بۆی هەیە پاڵاوتنەكەی هەڵوەشێنێتەوە .

د: پاش تەواو بوونی ماوەی پاڵاوتن، پاڵێوراو مافی داواكردنی شەرەفی ئەندامێتی هەیە.

هـ: پـالێوراو لـە مـاوەی پالاوتنیـدا هـەموو مافـەکانی ئەنـدامی حزبـی هەیـە، جگـە لـە مـافی دەنگـدانو، خۆکاندیـد کـردن بـۆ دەسـتە سەرکردایەتیەکان. دەبێ پالێوراو لەو ماوەیەدا ئەرکەکانی ئەندامی حزب راپەڕێنێ .

3 - کۆمیتەکانی خوارەوە لە ناردنی راپورت بۆ کۆمیتەی (پارێزگا - محلی) لە مەڕ تەواوکردنی ماوەی پـالاوتنو پێـشنیازەکانی بـۆ بەخـشینی ئەندامێتی، بەرپرسن.

4ـ مەرجەکانی بوون بە ئەندام:

هەموو هاوولاتییەك کە تەمەنی گەیشتبێتە (18) ساڵ بۆی هەیە ببێتە ئەندامی حزب بە مەرجێك کە:

أ ـ بەرنامەی حزب پەسەند بکاتو بە پێڕەوی ناوخۆوە پابەند بێت.

ب ـ لە رێکخراوێکی حزبدا کار بکات.

ت ـ ئابوونەی بڕیاردراوی مانگانە بدات.

**ماددەی سێیەم**

**(ئەرکەکانو مافەکانی ئەندامی حزب)**

**أ ـ ئەرکەکانی ئەندامی حزب:**

1ـ سیاسەتو بڕیارەکانی حزب جێبەجێ بکاتو، پرەنسیپەکانی رێکخستن پێڕەو بکاتو، یەکێتی حزب بپارێزێت.

2ـ هەوڵی تێگەیشتنی رێبازی حزب بداتو، داکۆکی لێبکاتو، بەتەنگ بەرەوپێشەوە بردنی ئاستی فیکریو رۆشنبیری گشتی خۆیـەوە بێـت، هەروەها شارەزایی خۆی لە مێژووی حزبو، چینی کرێکاری کوردستانو عێراقو، بزووتنەوە نێشتمانیو پێـشکەوتنخوازەکانی جیهـانی فـراوان بکات.

3ـ پێویستە قسەو کرداری یەك بێتو، لە تێکۆشاندا نمونەیی بێتو، لە ژیانی حزبیو کۆمەلایەتیدا دیموکراسییانە رەفتـار بکـاتو، بـۆ کـاری خۆبەخش ئامادە بێت.

4ـ ئەمنییەتو نهێنی حزب بپارێزێ. راستییەکان نەشێوێنێو لە حزب نەیانشارێتەوە.

5ـ رەخنەو رەخنە لە خۆگرتن بە گیانێکی بابەتییانە پێڕەو بکات.

6ـ پەیوەندی خۆی لەگەڵ جەماوەردا پتەو بکاتو گوێیان لێبگرێو، سیاسەتو ئامانجەکانی حزبیان بۆ روون بکاتەوەو، هـەوڵی بلاوکردنـەوەی بیروڕای دیموکراسیو سوسیالیزم بدات.

7 ـلە کاتی بەجێهێشتنی شوێنی کارو نیشتەجێبوونی خۆی، رێکخراوەکەی ئاگادار بکاتەوە.

*ب ـ مافەکانی ئەندامی حزب:*

1ـ هەموو ئەندامان لە حزبدا یەکسانن. شوێنی حزبییان بە گوێرەی ئەرکەکانیان دیاری دەکرێت.

2ـ لە داڕشتنی سیاسەتی حزبو، چاودێری جێبەجێ کردنیدا، بەشداری دەکات.

3ـ بۆی هەیە رەخنە لە هەر دەستەو ئەندامێکی حزب بگرێت و، پێشنیازو راو تێبینییەکانی خۆی پێشکەش بـە دەسـتەکەی خـۆی، یـان هـەر دەستەیەکی حزبی سەرووتر بکات.

4ـ بۆی هەیە خۆی یان ئەندامی دیکە بۆ دەستە حزبیەکان بپالێویو هەڵبژێرێ.

5ـ لە هەموو لێپرسینەوەیەکی حزبی دا ئامادە دەبێت، مەگـەر بەهۆیـەکی تایبەتییـەوە بـۆی نـەگونجێ ئامـادە ببـێو، مـافی ئەوەشـی هەیـە بەرامبەر هەر بڕیارێك، کە دەرهەقی وەرگیراوە لای دەستە بالاکان نارەزایی خۆی دەربڕێت.

6 - ئەندامێتی ئەو هاوڕێیانەی کە لە رووی تەمەنو تەندروستییەوە توانای راپەڕاندنی کارە حزبییەکانیان نییە، پارێزراوە.

7 - مافی وەرگرتنی زانیاری لە کاروچالاکییەکانی حزب هەیە.

**ماددەی چوارەم**

**وازهێنان لە حزب**

1ـ ئەندامی حزب بۆی هەیە واز لە حزب بهێنێو رێکخراوەکەشی دەبێ بە دەستەی سەرووی خۆی رابگەیەنێت.

2ـ هەرئەندامێکی حزب، لە هەر ئاستێکدا بێت، بەبێ هۆیەکی رەوا چوار مانگ پێوەنـدی لەگـەڵ رێکخراوەکـەی نـەمێنێ، پێویـستە ئاگـادار بکرێتەوە. لە حالەتی بەردەوامبوونی پچڕانی پێوەندی، بە دەستکێشاوە لـە قەڵـەم دەدرێـتو، پێویـستە رێکخراوەکـەی بـە فـەرمی ئاگـاداری بکاتەوە.

3ـ ڕێکخراوە بنچینەییەکانو ئەندامانی حزب، بۆیان هەیە پێشنیاز بۆ گەڕانەوەی ئەندامی واز هێناو بۆ ریزەکانی حزب بکەن. ڕەزامەندیو، گەڕانەوە لەلایەن (کۆمیتەی پارێزگا ـ محلی) بڕیار دەدرێت.

**ماددەی پێنجەم**

**بڕیارەکانی پاراستنی دیسپلینی حزبی**

ـ لە کاتی پێشێلکردنی پێڕەوی ناوخۆدا، ئەندام لە ڕێکخراوەکەی خۆیدا دووچاری لێپرسینەوە دەبێتو، ڕێکخراوەکەشی بڕیاری دیسپلینی حزبی پێویست وەردەگرێت، کە بریتین لە:-

(ورياکردنەوە، بەلاوەنان لە لیژنە حزبییەکان، ئینزار، وەرگرتنەوەی ئەندامێتی ).

2ـ وەرگرتنەوەی ئەندامێتی حزب توندترین بڕیاری دیسپلینی حزبییەو لەو کاتەوە جێبەجێ دەکرێت، کە (دوو لەسەر سێی) ژمارەی ئەندامانی ئەو دەستەیەی بڕیار لەسەرداو کاری تێدا دەکات، بڕیاری لەسەر بدەنو، لەلایەن دەستەی باڵا ترەوە ئەو بڕیارە پەسەند بکرێت.

3ـ بڕیاری وەلانانو وەرگرتنەوەی ئەندامێتی لە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەخرێتە بەردەم کۆنگرەی حزب.

4ـ لە کار ڕاگرتنی ئەندام، یان یەکێك لە دەستەکانی حزب، کردارێکی کاتییەو، لەلایەن دەستەیەکی حزبییەوە بۆ پاراستنو لێپرسینەوە، یان هەر حالەتێکی دیکەی لەو جۆرە، بە ناچاری پیادە دەکرێو، پاش کۆتایی هاتنی هۆیەکانی، کۆتایی پێدێت.

5ـ دەستە حزبییەکان بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانیان بۆیان هەیە، هەر ئەندامێکی دەستەکەی کە ئەرکەکانی بە چاکی رانەپەڕێنێ، لە ئەندامێتی دەستەکە بخات. ئەمەش پاش ڕەزامەندیی دەستەی سەرووتر.

## ڕێکخراوەکانی حزبو دەستە سەرکردایەتییەکانیان

**ماددەی شەشەم:**

**ڕێکخراوە بنچینەییەکانی حزب:**

ـ ڕێکخراوە بنچینەییەکان، لە سەر بنەمای یەکە ئیدارییەکانو پرۆژەکانی کارکردنو دامەزراوەکانی خوێندنو شوێنی نیشتەجێ بوون، تایبەتمەندیو لێزانی لەناو جەماوەردا، پێکدەهێنرێن.

ـ هەر ڕێکخراوێکی بنچینەیی لە (3) هاوڕێو زیاتر پێکدێت. لە ڕێکخراوە فراوانەکان لە پاڵ سکرتێردا، مەکتەبێك بۆ ڕاپەڕاندنو بەدواداچوونی کارەکان هەڵدەبژێردرێن.

مافو ئەرکەکانی ڕێکخراوەی بنچینەیی:

ـ لێتێگەیشتنو بەشداری کردنی چالاکانە لە نەخشەکێشانی سیاسەتی حزبو، بڵاوکردنەوەی لەناو جەماوەرداو، گوێگرتن لە بیروڕاو پێشنیازیانو، بەرزکردنەوەیان بۆ دەستەکانی سەرەوە.

ـ ڕێکخستنی بەرنامەی ڕۆشنبیری بۆ فێربوونی هزری مارکسیزمو پێشکەوتنخوازو ئەزموونی حزبمانو، بزووتنەوەی کرێکاریو نیشتمانی بە گشتیو، ئەو چەمکە نوێیانەی لە ئارادان.

ـ ڕێکخستنو سازدانی جەماوەر بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانیان.

ـ گەیاندنی بڵاوکراوەکانی حزب بە زۆرترین جەماوەر لە سنووری چالاکییەکانی خۆیداو، هاوبەشی کردنو، دەوڵەمەند کردنی بەبابەتو نوسینی بەپێز بۆیان.

ـ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ئەندامانی ڕێکخراوەکەو، بەهێز کردنی یەکێتییەکەی لەسەر بنەمای دیموکراسیو دابەشکردنی ئیشوکارو، بەرزکردنەوەی هۆشمەندیو، پێڕەوکردنی ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتنو، هاندانی گیانی دەستپێشخەری لە نێو ئەندامەکانیدا.

ـ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی بەرنامەییو، بەرزکردنەوەی کۆنووسو ڕاپۆرتەکان سەبارەت بە چالاکیو بەرنامەی تایبەتو دارایی بۆ دەستەی سەروو تر.

ـ وەرگرتنی داوای پاڵاوتنو، پێشنیارکردنی ئەندامێتیو بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتو زانیاری پێویست لەمەڕ ئەو داوایانە بۆ دەستەی سەرووتر.

**ماددەی حەوتەم**

**کۆمیتەی رێکخستن**

1ـ بە مەبەستی سەرکردایەتیکردنو سەرپەرشتی کردنی کاری حزب لە سنووری هەر قەزایەکدا، لە کۆنفرانسی کۆمیتەی ریکخستنی ئەو سنوورە ، دەستەیەك بە ناوی کۆمیتەی ریکخستن، هەڵدەبژێرێت.

2ـ کۆنفرانسی کۆمیتەی ریکخستن:

أ: کۆنفرانسی ریکخستنەکان لە تێکڕای ئەندامانی سنووری هەر قەزایەك، یان لە نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیان، پێکدێتو، هەر دوو ساڵ جارێك ئەنجام دەدرێت..

ب: لە کۆنفرانسدا راپورتی گشتی کاروچالاکی کۆمیتەی ریکخستن تاو توێ دەکرێتو، نوێنەران بۆ کۆنفرانسی (پارێزگاـ محلی)و ئەندامانی کۆمیتەی ریکخستن هەڵدەبژێردرێت.

3ـ ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ریکخستن بە پێی هێزی رێکخراوەیی دەبێت .

4ـ کۆمیتەی رێکخستن لە نێو ئەندامانیدا سکرتێرو مەکتەبێك هەڵدەبژێرێتو، کاروباری رێکخراوەکە لەنێوان کۆبوونەوەکانیدا بەرێوەدەباتو، لەبەردەم کۆمیتەی (پارێزگا ـ محلی)دا بەرپرسیارەو، راپۆرتی بۆ بەرز دەکاتەوە.

**ماددەی هەشتەم**

**کۆمیتەی (پارێزگا ـ محلی )**

1ـ کۆمیتەی ( پاریزگا ـ محلی )، هەموو هاورێیانو رێکخراوەکانی حزب لە سنوری کارو چالاکییەکانیدا دەگرێتەوە.

2ـ ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەکە بە پێی هێزی رێکخراوەییو ئەرکەکانیان، لە کۆنفرانسدا هەڵدەبژێردرێت.

3ـ کۆنفرانسی کۆمیتەی ( پارێزگا ـ محلی):

أ: کۆنفرانسی کۆمیتەی ( پاریزگا ـ محلی ) لە ئەندامانی کۆمیتەی (پاریزگاـ محلی)و نوێنەرە هەلبژێردراوەکانی کۆمیتەی ریکخستنەکان، پێکدێتو، هەر دوو ساڵ جارێك ئەنجام دەدرێت.

ب: لە کۆنفرانسدا راپورتی گشتی کارو چالاکی کۆمیتەی ( پارێزگا ـ محلی) تاوتوێ دەکرێتو، نوێنەرانی کۆنگرەی حزبو، ئەندامانی کۆمیتەی ( پاریزگا ـ محلی ) هەلدەبژێردرێت .

ج: کۆنفرانسی کۆمیتەی ( پارێزگا ـ محلی ) بە سەرپەرشتی کۆمیتەی ناوەندیو، ئامادەبوونی نوێنەری کۆمیتەی چاودیری ناوەندی دەبێت.

4ـ هەموو ئەندامانی حزب لە دەرەوە لەلایەن کۆمیتەی دەرەوەی حزب رێکدەخرێن.

5ـ لەبەر تایبەتمەندێتی هەریەك لە نەتەوەکانی (کلدانی ئاشوری سریانی)و (تورکمان) و(عەرەب) مافی دامەزراندنی رێکخراوی تایبەت تا کۆمیتەی محلی یان هەیە.

6ـ کۆمیتەی ( پارێزگا ـ محلی) دەستەی باڵاو راپەڕێنەری کاروباری رێکخراوەکەیە لە نێوان دوو کۆنفرانسداو، نوێنەری حزبە لە سنوری دەسەڵاتیداو، بەرامبەر کۆنفرانسی ( پارێزگا ـ محلی)و کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسەو، بڕیارەکانی کۆنفرانسی (پارێزگا ـ محلی)و دەستە باڵاکانی حزب جێبەجێ دەکاتو، راپۆرتی پێویست سەبارەت بە چالاکی خۆیو چالاکی ئەندامانی کۆمیتەی (پاریزگا ـ محلی)و کۆمیتەی ریکخستنەکانو پێشخستنیان لە بوارە جۆراوجۆرەکانو، سەبارەت بە کاروباری دارایی خۆی، پێشکەش بە هەردوو لایەن دەکات.

7ـ لەناو ئەندامەکانیداو، لە کۆبوونەوەی تەواوی خۆیدا سکرتێرو مەکتەبێك هەڵدەبژێرێت.

8ـ مەکتەبی کۆمیتەی (پارێزگا ـ محلی) لەبەردەم کۆمیتەی (پاریزگا ـ محلی) دا بەرپرسەو، راپۆرتی گشتیو چالاکیەکان لەنێوان دوو کۆبوونەوەدا ئامادە دەکات.

9ـ پلانی خۆ رۆشنبیرکردن بە مارکسیزمو ، بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی حزب رێکدەخاتو کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئەندامانی حزب دەکات. هەروەها بە پێی پێویستییەکانی کاری حزب بایەخ بە ئامادەکردنو پەروەردەکردنی کادیری حزب دەدات.

10ـ لە پێناو چەسپاندنی رێکخستنی حزبدا تیدەکۆشیێو، چالاکی رێکخراوەکانی حزب لە سنوری کاریدا رێکدەخاتو، سەرپەرشتی فراوانبوونیان دەکات.

11ـ هەولّی بەهێزکردنی پەیوەندی حزب لەگەڵ جەماوەرو، کاریگەری لە رێکخراوە سەندیکاییو پیشەییو هونەریو.. هتد، دەداتو، لەسەر سەربەخۆییو مۆرکی جەماوەریو دیموکراسییانەیان شێلگیرەو، سەرپەرشتی چالاکی ئەندامانی حزب لەو رێکخراوانەدا دەکاتو، پەیوەندییەکانی لەگەڵ حزبو لایەنە دۆستەکاندا پتەو دەکات.

12ـ مافی بەخشینی ئەندامێتی هەیە بەو هاوڕێیانەی داوا پێشكەش دەكەن. ئەمەش بە كۆی دوو لەسەر سێی ئەندامانی كۆمیتەی (پارێزگا ـ محلي ) .

## دەستە باڵاكانی حزب

### ماددەی نۆیەم

#### كۆنگرە

1ـ كۆنگرە باڵاترین دەسەڵاتەو، (4) ساڵ جارێك دەبەسترێت.

2ـ كۆنگرە لە ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندیو، كۆمیتەی چاودێری ناوەندیو، نوێنەرە هەڵبـژێردراوەكانی كۆمیتە (پاریزگا ـ محلي) یەكانو، نوێنەرانی دەستە پسپۆڕییە ناوەندییەكان، پێك دێت.

كۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە هەندێ پسپۆرو كەسایەتی حزبی ناودار بۆ كۆنگرە بانگ بكات، بە مەرجێ رێژەكەیان لە (10٪)ی ئەندامانی كۆنگرە زیاتر نەبێ.

3ـ ئەركەكانی كۆنگرە:

- هەمواركردنو بڕیاردانی بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی حزب.
- گفتوگۆكردن لە سەر پرۆژەی بەڵگەنامەكانو، داڕشتنی سیاسەتی گشتیو سیاسەتی رێكخراوەییو دارایی حزب.
- هەڵبژاردنی كۆمیتەی ناوەندیو كۆمیتەی چاودێریی ناوەندی، لە یەك كاتدا.

### ماددەی دەیەم:

#### كۆنفرانسی گشتی حزب

1ـ لە نێوان دوو كۆنگرەدا كۆمیتەی ناوەندی كۆنفرانسێكی گشتی رێكدەخات.

2ـ ئەركی كۆنفرانس بەسەركردنەوەو هەڵسەنگاندنی كاروباری حزبو دراسەتكردنی پەرەسەندنو گۆرانكارییەكانی بارودۆخی سیاسییە.

3ـ كۆنفرانسی گشتی لە ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندیو، كۆمیتەی چاودێریی ناوەندیو، نوێنەرانی كۆمیتەی (پاریزگا ـ محلي) یەكانو، نوینەرانی لیژنەكانی تایبەتمەندی ناوەندی پێك دێت.

4ـ بڕیارەكانی كۆنفرانس لەلایەن دەستە حزبییەكانەوە، جێبەجێ دەكرێن.

### ماددەی یازدەیەم

#### كۆمیتەی ناوەندی

1ـ كۆمیتەی ناوەندی بەرزترین دەستەی سەركردایەتییەو، راپەڕێنەری كاروبارەكانی حزبە لەماوەی نێوان دوو كۆنگرەداو، لە كارو چالاكیەكانی بەرامبەر كۆنگرە، بەرپرسە.

2ـ كۆمیتەی ناوەندی لەیەكەم كۆبوونەوەیدا سكرتێرو مەكتەبی سیاسی هەڵدەبژێرێت.

3ـ مەكتەبی سیاسی ئەركی جێبەجێ كردنی بڕیارەكانی كۆمیتەی ناوەندی لە ئەستۆدایەو، راپۆرتی رێكوپێك دەربارەی كاروچالاكییەكانی پێشكەش بە كۆبوونەوەكانی كۆمیتەی ناوەندی دەكات.

4 ـ سكرتێر سەركردایەتی كۆبوونەوەكانی كۆمیتەی ناوەندیو، مەكتەبی سیاسیو، سەرپەرشتی ئامادەكردنی راپۆرتەكان، بۆ كۆبوونەوەكانی كۆمیتەی ناوەندی، دەكاتو، لێپرسراوی یەكەمە لە رێكخستنو بەڕێوەبردنی كاروبارەكانیداو، لەبەردەم كۆمیتەی ناوەندیدا بەرپرسەو، لە بەردەم رای گشتیدا نوێنەرایەتی حزب دەكات.

5ـ كۆمیتەی ناوەندی بڕیارەكانی كۆنگرەو كۆنفرانس جێبەجێ دەكات. بۆ ئەو مەبەستەش نەخشەی گونجاو دادەنێتو، راپۆرت دەربارەی ئاكامو رەوتی جێبەجێ كردنی ئەو چالاكییانە پێشكەش بە كۆنگرەو رێكخراوەكانی حزب دەكات.

6ـ بە پێی بڕیارەكانی كۆنگرە رێبازی گشتی سیاسەتو هەڵوێستەكانی حزب دەستنیشان دەكاتو، كار بۆ ئامادەكردنو رێكخستنی هێزی حزبو جەماوەر دەكات.

7ـ بۆ بڵاوکردنەوەو دەوڵەمەندکردنو جێبەجێ کردنی داهێنەرانەی مارکسیزم کار دەکاتو، هەر لەسەر ئەم بنچینەیەش سیاسەتی گشتی حزب جێبەجێ دەکاتو، ئەندامانی حزبو جەماوەر بە گیانی نیشتمانیو نێونەتەوەییو دیموکراسیو برایەتی نێوان گەلان، پەروەردە دەکات.
8ـ هەوڵ بۆ پتەوکردنی یەکێتی فیکریو سیاسیو رێکخراوەیی حزب دەداتو، بنەمای دیموکراسییانەو، ئەو ئەرکانەی بۆ پاراستنیو، تونـدو تۆڵی حزب پێویستن، مسۆگەر دەکاتو، هەوڵی بەهێز کردنو فراونکردنی رێکخراوەکانی دەدات.
9ـ لێژنەو مەکتەبەکانی ناوەندی پسپۆڕی پێکدەهێنێت.
10ـ ئامادەکاری پێویست بۆ بەستنی کۆنگرەو کۆنفرانسەکان، لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، دەکات.
11ـ کۆمیتەی ناوەندی (3) مانگ جارێك کۆدەبێتەوەو، لە کاتی پێویستیشدا بۆی هەیە کۆبوونەوەی فراوان ئەنجام بدات.

**ماددەی دوازدەیەم**

**کۆمیتەی چاودیریی ناوەندی**

ا: کۆمیتەی چاودیریی ناوەندی لە بە دووادا چوونی چۆنیەتی پیادەکردنی سیاسەتی حزبو بەرنامەو پیڕەوی ناوخۆ بەرپرسەو، چاودێری چالاکییە داراییو ریکخراوەییەکان دەکات.
ب: لە سکاڵاو نارەزاییو کیشە حزبیەکان دەکۆڵێتەوەو ، لە بارەیانەوە راپورت دەداتە کۆمیتەی ناوەندی.
ج: سەبارەت بە چۆنیەتی بەرێوە چوونی کاروبارو، پێشنیازەکانی، بە راپورتی دەوری کۆمیتەی ناوەندی ئاگادار دەکاتەوەو، لە بەردەم کۆنگرەشدا بەرپرسەو، راپورت پێشکەش دەکات .
د: لە نێو ئەندامەکانی خۆیدا سکرتێرێك هەڵدەبژیرێت.
ه: سکرتێرێ کۆمیتەی چاودێری ناوەندی، لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا ئامادە دەبێت.

**ماددەی سێزدەیەم**

**کاروباری دارایی حزب**

دارایی حزب لە ئابوونەو پیتاکی ئەندامانی حزبو، دۆستو لایەنگرانیو، لە دەستکەوتی رۆژنامەو گۆڤارو چاپکراوەکانی حزبو، لە داهاتی چالاکییە جۆراوجۆرەکانو، بودجەی دیاری کراوی حکومەت، پێك دێت .

**ماددەی چواردەیەم**

**پەیوەندی نێوان**

**حزبی شیوعی کوردستان ـ عێراقو، حزبی شیوعی عێراق**

1-پەیوەست بە پێکهاتەی نوێی دەوڵەتی عێراق، کە لەسەر بنەمای فدرالییە، پەیوەندی نیوان حزبی شیوعی کوردستانو، حزبی شیوعی عێراق لە سەر بنەمای بەرژەوەندی چینایەتیو نیشتمانیو ناسنامەی فیکری هاوبەشو گیانی نیونەتەوەییو، تێکۆشانی هاوبەش لە چوارچێوەی وڵاتێکی فرە نەتەوەدا، بنیات نراوە.
2-حزبی شیوعی کوردستان لە نەخشاندنی سیاسەتو پلانەکانیو پراکتیزە کردنیاندا لەگشت بواری کارکردنیدا، سەربەخۆیە. بەرنامەو پیڕەوی ناوخۆیی خۆی لەسەر بنەمای شیکردنەوەی زانستیانەی واقیعی کومەڵگەی کوردستانو، پێداویستیەکانی دادەرێژێت.
3-حزبی شیوعی کوردستان هەموو ئەندامانو رێکخراوەکانی لە هەرێمی کوردستانو دەرەوەدا، دەگرێتە خۆی.
4-میکانیزمی نوێنەرایەتی کردنی حزبی شیوعی کوردستان لە کۆنگرەو سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراقدا، بە رێککەوتنی نێوان هەردوو کۆمیتەی ناوەندی، دەبێت

# بڕیارو راسپاردەکان

**بڕیار لە بارەی دروشمی حزب**

کۆنگرە جەخت لەو بڕیارە دەکاتەوە، کە کۆنگرەی سێیەمی حزبی شیوعی کوردستان بڕیاری لەسەردابوو، لەبارەی دەستنیشانکردنی دروشمێکی تایبەت بە حزب، لە شێوەی کارێکی هونەری، کە گوزارە لە سروشتی حزب بکات، بەوەی حزبێکی نیشتمانی دیموکراسی، مارکسی نوێگەرەو، دەربڕی بەرژەوەندی کرێکاران و جووتیاران و توێژە زەحمەتکێشەکان و کارگەری بیرو بازووە، لە پێناو دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەو سیستەمی سیاسی و، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سۆسیالیزم تێدەکۆشێت.

**بڕیار سەبارەت بە داکۆکیکردن لە ماددەی 140 ی دەستووری کۆماری فدراڵی عێراق و جێبەجێکردنی**

حزبمان بە پێویستی دەزانێ کە ئاسەوارەکانی دیکتاتۆریەت پاکتاوبکرێن و، پەیوەندی تێکۆشانی برایانەی نێوان سەرجەم پێکهاتە نەتەوەییەکان لە سەر بنەمای پێکەوەژیانی هاوبەش بنیاتبنرێ. هەڵوێستیشی لەمەڕ ئەو ناوچانەی لە رووی ئیدارییەوە مایەی ململانێی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فدراڵن، لەسەر بنەمای راستییە مێژوویی و جوگرافییەکان، بنیات دەنێت، جا چ لە کەرکوك بێ، یا لە دەشتی موسڵ و شەنگاڵ و خانەقی و ناوچەکانی دیکە. لەم روانگەیەشەوە، داوادەکات هەوڵ بەردەوامبێ بۆ جێبەجێکردنی ئیستحقاقە دەستوورییەکان و پابەندبوون بە جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراقی فدراڵ، هاوکات جەخت لە گرتنەبەری دیالۆگ و لێکگەیشتن و رەچاوکردنی بارودۆخی کوردستان بەگشتی و، جێبەجێکردنی ماددەی 140 بەتایبەتی دەکاتەوە، کە ناکرێ لەو ململانێیانەی لە سەرتاپای عێراقدا هەن دابڕێندرێ، سەرباری هەڵوێستی وڵاتانی هاوسێ و بەرژەوەندە نێودەوڵەتییەکان.

حزبمان داواکارە وەك شەرعیەتێکی نێودەوڵەتی سوود لە نەتەوە یەکگرتووەکان، وەربگیرێت، بۆ تەکاندان و پەلەکردن لە جێبەجێکردنی ماددەی 140. هەر نەتەوە یەکگرتووەکانیش بوو کە کاتێکی سەرباری پێشنیازکرد بۆ کاملکردنی پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی ماددەکەو ئامادەکردنی کەشێکی لەبار، کە لە پێشدا پێویستی بە یەکخستنی هەوڵی هێزەکوردستانیەکان هەیە لە کەرکوك، هاوکاتی دوورکەوتنەوە لە هەر شتێك کە هەوای کاری هاوبەش ئاڵودە دەکات، نەك هەر لە ئاستی سەرکردایەتی هێزە کوردستانییەکان لە کەرکوکدا، بەڵکو لە ناو بنکەکانی ئەو هێزانەشدا، هەروەها پێویستە کادیران و رێکخراوە حزبییەکانی ئەو هێزانەش بەرەو کاری جەماوەری هاوبەش ئاراستەبکرێن، بەو شێوەیەی کە خزمەت بە شارەکەو جەماوەرەکەی بگەیەنێت. پێویستە پەیوەندی لەگەڵ دانیشتوانی رەسەنی شارەکە لە تورکمان و عەرەب و (کلدان ـ ئاشووری ـ سریان) و، هێزە سیاسییە راستەقینەکانیان پتەوبکرێت و، بەشەفافیەت مامەڵە لەگەڵ هاوردەکان بکرێت.

کۆنگرەی چوارەمی حزبمان، حزبی شیوعی کوردستان، بە پێویستی دەزانێ کە هەڵوێستی یەکگرتووی کوردستانی بپارێزرێ و، هەموو هەوڵێکیش لەو پێناوە بێ، کە حکومەتی فدراڵ لە رێگەی دابینکردنی پێداویستییەکان، پابەندکارییەکانی خۆی بگەیەنێتە سەر، لە پێناو جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوور، تاوەکو ئەو لیژنەیەی جێبەجێکردنی ماددەکەی پێسپێردراوە، بتوانێ ئەرکەکانی بەجێبگەیەنێت و، هیچ دەرفەتێکیش بەو هەولانە نەدرێت، کە نیازیانە میکانیزمێکی دوور لە کرۆکی ماددەی 140 بدۆزرێتەوە، یان وەك بەدەنگەوەهاتنێك بۆ داواکارییە هەرێمایەتیەکان، یاخود نێودەوڵەتییەکان، ماددەکە لە ناوەڕۆکە راستەقینەکەی دابماڵرێت.

**بڕیار لەبارەی کارکردن لە پێناو هاتنەکایەی رەوتی دیموکراسی لە کوردستان و سەرجەم عێراق و پاڵپشتیکردنی هەڵمەتی بنایاتنانی دەوڵەتی دیموکراسی مەدەنی لە عێراق دا**

عێراق ململانێیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەبارەی فۆرم و ناوەرۆکی دەوڵەتەوە بەخۆیەوە دەبینێ. ئەم ململانێیە لە سایەی میراتی قورسی رژێمی دیکتاتۆری و ئەو ناکۆکییانەدا بەڕێوەدەچێت، کە دەرەنجامی گرتنەبەری جەنگن وەك ئامرازێك بۆ هێنانەدی گۆڕان لە وڵاتدا. ئەو بارە هەڵاوێژییانەی(الاوضاع الاستثنائیە) لە عێراقدا هەن پێویستیان بە چارەسەرکردنی ناتەباییەکان و ناکۆکییەکان هەیە، بەپێی پێڕەوکردنی میکانیزمێکی دیموکراسی ئاشتیخوازانەو گرتنەبەری دیالۆگی نیشتمانی هەمەکی، کە بەبێ هەڵاوێژی، سەرجەم هێزو رەوتە سیاسییەکان بەشداری تێدابکەن بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ئەرکانەی پێویستە جێبەجێبکرێن، بۆ هێنانەدی ئاشتەوایی نیشتمانی، لە رێگەی سەقامگیرکردنی بنەماکانی کاری هاوبەش لە چوارچێوەی هاوپەیمانەتییەکی نیشتمانی بەرفرەدا، کە بەرهەمی دیالۆگی هەمەکییەو، ئەو

لایەنانە تێیدا بەشداردەبن کە ئامادەن بۆ ئەمە، بەرێزگرتن لە تایبەتمەندییەکانی هەر لایەنێك لەو لایەنانە. کۆنگرەی چوارەمی حزبمان وایدەبینێ کە بەدیهێنانی ئەم ئەرکە پێویستی بە گەلاڵەکردنی رەوتی دیموکراسی لە کوردستانو سەرجەم عێراق هەیەو، یەکێ لە ئەرکەکانیشی رەتکردنەوەی بەکارهێنانی توندوتیژییە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ململانێیانەی لە نێوان لایەنەکانی بزاڤی سیاسی عێراقیدا روودەدەن، لەگەڵ دروستکردنی پەیوەندی بەجەماوەر کە خاوەنی راستەقینەی بەرژەوەندییەکانە بە بەشدارکردنی لە گرتنەئەستۆی بەرپرسیارەتییە نیشتمانییەکانو رێکخستی لە چوارچێوەی نەرمدا، کە رێگەدەدات لە دەستنیشانکردنی بەراییەکان، گوێی لێبگیرێ. ئەم ئاراستەیە بۆی هەیە ئەزموونی کوردستان بپارێزێو، هەوڵەکانی داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییەکانی جەماوەرو ئازادییە دیموکراسییەکانو ریشەکێشکردنی گەندەڵیش، یەکبخات. هەروەها لەتوانایدایە چاکسازیو گەشە لە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بکاتو، دەستووریش هەموار بکات بەوەی مۆرکی مەدەنی ودیموکراسی پێببەخشێو، سیاسەتی ئاشتەوایی نیشتمانی بچەسپێنێو، دەوڵەتی یاساو، دامەزراوەکان بنیاتبنێ، دەوڵەتێکی مەدەنیو مۆدرین کە متمانە بکاتە سەر وەلانانی توندوتیژیو دەمارگرژیو بەشبەشێنەی تایفەییو، نەهێشتنی میلیشیاکان، هاوکاتی متمانەکردنە سەر بنەمای مافی هاووڵاتیبوونو دادپەروەری کۆمەلایەتیو رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤو، دەستەبەرکردنی مافی یەکسانیو سەربەستی راستەقینە بۆ ئافرەت، کە لە عێراقێکی دیموکراسی فدراڵی، عێراقێکی ئارامو ئاسایشدارو خاوەنی تەواوی سەروەری خۆی، بەرجەستەدەبێ.

## بڕیار لە بارەی پێکهێنانی هاوپەیمانی بەرفراوان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراق

حزبمان جەخت لە گرنگی پتەوکردنی گیانی هاوکاریو هاوخەباتی لەگەڵ حزبە کوردستانییەکان دەکاتەوە، لە روانگەی پێکەوەگرێدانی داکۆکی لە پێویستییەکانی جەماوەرو داکۆکی لە پرسی نیشتمانی کوردستانو بەدیهێنانی ئامانجەکانی لەم قۆناغەداو، بەرەسنکردنی بەهاکانی پێشکەوتنو گەشەکردنی کۆمەلایەتی لە هەموو ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە کاروباری گشتییەوە هەیە. ئەم تێڕوانینە پێویستی بە کاری هاوبەشو یەکبوونی بڕیاری کوردستانیو بەشداری بەکردەی سەرجەم لایەنە نیشتمانیو دیموکراسییەکان لە بڕیارداندا، هەیە. بەشداری بەکردەی هەموان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانو ئەنجومەنی پارێزگاکان لە چوارچێوەی لیستێکی نیشتمانی دیموکراسی کوردستانی یەکگرتوودا، بۆی هەیە ئەم ئامانجەی سەرەوە بهێنێتەدیو یەکێتی ماڵی کوردستانیو ئەودەستکەوتانەی لە بەرژەوەندی گەلەکەمان هاتوونەتەدی بپارێزێ. هاوبەند لەگەڵ هەوڵەکانی حزبی شیوعی کوردستانو باوەڕی بە زەرورەتی کارکردنی لە کوردستانو سەرجەم عێراقدا لە پێناو بنیاتنانی دەوڵەتێکی دیموکراسی مەدەنی فدراڵو بەدیهێنانی پڕۆژەی نیشتمانی دیموکراسیخوازانەو زامنکردنی مافەکانی گەلی کوردستان، کە میکانیزمی کاری هاوبەشو سازانو یەکخستنی هەوڵەکانو کارکردن لە چوارچێوەی پێکهاتە سیاسییە بەرفراوانو کاریگەرەکانی، گەرەکە، کۆنگرە بەگرنگی دەزانێ هاوپەیمانەتی بەرفراوان لە گەڵ هێزە نیشتمانیو دیموکراسییەکانی سەرجەم عێراق لە هەڵبژاردنەکاندا، پێکبهێنێ، لەپێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجەی سەرەوە.

## بڕیار لەبارەی بوونی سەربازانی بیانی لە عێراقو رەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان لەو رێککەوتنانەی کە لە گەڵ ئەمریکادا مۆردەکرێن

حزبی شیوعی کوردستان دژی ئەوەبووە جەنگ وەك ئامرازێك بۆ گۆڕینی رژێم، بەکاربێت، کە ئاکامەکەی پەلاماردانو داگیرکاریی لێکەوتەوە، هەربۆیەش دروشمی نا بۆجەنگ نا بۆ دیکتاتۆریەتی بەرزکردەوەو، داواکاربوو لە جیاتی هانابردنە بەرجەنگ، هەوڵی سەرجەم هێزە نیشتمانییە کوردستانیو عێراقییەکان، لە پێناو بەدیهێنانی ئەڵتەرناتیڤێکی نیشتمانی دیموکراسی، یەکبخرێ.

رووخانی رژێم بەو شێوەیەی کە لە رێگەی جەنگەوە روویداو، دواتریش داگیرکاریو بەشەرعیکردنی لە رێگەی بڕیاری 1483 ی ئەنجومەنی ئاسایش بووە هۆی هاتنەکایەی واقعێکی نوێ.

حزبمان لە پێناوی دابینکردنی ئەو کەشو پێداویستییە ماددیو سیاسییانە تێدەکۆشێ تا گوشار بکا لە پێناو پاشەکشەی هێزە بیانییەکانو دانانی خشتەیەك بۆ دەرچوونیان لە عێراقو، داڕشتنی رێککەوتنێك کە لە رێگەیەوە سەروەریو سەربەخۆی تەواو بۆ عێراق دەستەبەربکرێ، هەروەها جەختی لێدەکاتەوە، کە پێویستە پەیوەندییە دەرەکییەکانی عێراق لە سەر بنەمای دەستوەرنەدان لە کاوباری ناوخۆو مافی گەل لە بڕیاردانی چارەنووسو رێزگرتنی سەروەریو سەربەخۆییەکەی بنیاتبنرێ. هەڵبەتە یەکێك لە مەرجەکانی کاملکردنی سەروەری نیشتمانی چارەسەرکردنی دۆسێی ئەمنیو هەڵسوڕاندنی بێت بە پێی بەراییەکانی بەرژەوەندی نیشتمانیو هێنانەدی ئاشتەوایی نیشتمانیو سەرخستنی پڕۆسەی سیاسی.

کۆنگرەی چوارەمی حزبمان داواکارە ئەو هێزە سەربازییەی تورکیا کە لە نێو هەرێمی کوردستاندا هەیە دەرچێ‌و، جەختیشی لێدەکاتـەوە کـە لەو رێککەوتنانەی حکومەتی عێراق بەنیازە لە گەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجامیان بەدات‌و، پەیوەستن بە ئایندەی مانەوەی ئـەو هێزانە، پێویستە بەرژەوەندی گەلەکەمان رەچاوبکرێ‌و، دەست لە سەروەری نیشتمانیمان وەرنـەدرێ، هـەروەها داواکـارە رێگانـەدرێت بنکـەی سەربازی هەمیشەیی لەسەر خاکی کوردستان‌و سەرجەم عێراقدا هەبێت.

**بڕیار بە پاڵپشتیکردنی ئامانج‌و مسۆگەرکردنی مافەکانی تورکمان‌و، (کلدان‌و ئاشوری‌و سریان)و، سابیئە مەندائییەکان‌و، شەبەك**

کۆنگرە جەختدەکاتەوە لە پاڵپشتیکردنی تەواوی ئەو هەوڵ‌و کۆششانەی گەرەکیانە مافەکانی تورکمان‌و، (کلـدان و ئاشـووری و سـریان) لـە سـەربنەمای یەکـسانی نەتـەوەیی‌و، بـەپێی پێودانگـە نیـشتمانییەکان دەسـتەبەربکرێ، هـەروەها جەختدەکاتـەوە لـە گرنگـی دابینکردنـی پێداویستییە گرنگەکانی پیادەکردنی تایبەتمەندییە نەتەوەیی‌و رۆشنبیری‌و کارگێڕییەکانیان، تا گەیشتنە شێوازێك لە ئۆتۆنۆمی لەو ناوچانەی کە تێیدا زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن. حزبمان داواکارە رێـز لـە تایبەتمەندییـە رۆشـنبیری‌و ئایینییـەکانی شـەبەك‌و سـابیئە مەندائییـەکان بگیرێت‌و، ئازادی مومارەسەکردنی رێورەسمە تایبەتییەکانیان زامنبکرێ‌و، کەلتوریان بپارێزرێت.

**بڕیار بە پاڵپشتیکردنی ئامانجەکانی ئێزیدییەکان‌و**

**دەستەبەرکردنی مومارەسەکردنی تایبەتمەندیە رۆشنبیری‌و ئایینییەکانیان**

چوارەمین کۆنگرەی حزبمان داوا لە هەردوو حکومەتی فدراڵ‌و حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان دەکـات کـە کاربکـەن بـۆ بایەخدانـە ناوچـەکانی ئێزیدییەکان کە بەدرێژایی ساڵانی حوکمی دیکتاتۆری پشتگوێخرابوون. حزبمان تێدەکۆشێ بۆ نەهێشتنی ناعەدالەتی بەرامبـەر ئێزیدییـەکان‌و مسۆگەرکردنی ئەنجامدانی تایبەتمەندییەکانیان‌و رێوڕەسمە ئایینییەکانیان، هەروەها داوا لـە هـەردوو حکومـەتی فـدراڵ‌و حکومـەتی هـەرێمی کوردستان دەکات قوربانیانی ئەنفالی ئێزیدییەکانیش لە رێگەی دروستکردنی مۆنیمێنتێك لە دۆغات، بە دۆکیومەنت بکرێ.

**بڕیار بە پاڵپشتیکردنی داواکارییەکانی کوردە فەیلییەکان**

چوارەمین کۆنگرەی حزبمان داوا لە حکومەتی فدراڵ دەکات کە بایەخێکی تایبەت بە داواکارییەکانی کـوردە فەیلییـەکان بـدات، چـونکە ئـەو توێژەی گەلی کوردستان بەدرێژایی ساڵانی حوکمی دیکتاتۆری زوڵـم‌و ناهەقیـەکی زۆریـان بەرامبـەرکراوە کاتێـك دووچـاری راگواسـتن‌و کـۆچ‌و لێـسەندنەوەی رەگەزنامـەی عێراقـی بـوون. هـەروەها موڵـك‌و ماڵیـان دەسـتی بەسـەرداگیرا‌و ژمارەیـەکی زۆری لاوەکانیـان لـە زینـدان‌و گرتووخانەکانی دیکتاتۆریدا بێسەروشوێنکران.

ئێمە داوا لە حکومەتی فدراڵ دەکەین ناعەدالەتی دەرهەق بـە کـوردە فەیلییـەکان نـەمێنێ‌و مـافی زیانلێکـەوتووانیان مـسۆگەر بکـرێ‌و، بـە شـێوەیەکی عـادیلانـە قـەرەبووبکرێن‌و، بایـەخ بـە کلتـور‌و رۆشـنبیریان بـدرێت کـە بـە بەشـێکی بنـەڕەتی‌و رەسـەنی کلتـوری گـەلی کـورد ئەژمار دەکرێ.

**بڕیاری حزب بە ئاراستەکردنی رێکخراوەکانی بەرەو کارکردن لە بواری کێشەی ئافرەت‌و بایەخدان بە کێشەکانی لاوان‌و داخوازییەکانیان**

چوارەمین کۆنگرەی حزبی شیوعی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەت بایەخدەداتـە کێـشەی ئـافرەت لـە کۆمـەڵگەکـەمان بـەهۆی دیاردەکـانی جیاکـاری‌و زیـادکردنی حاڵەتـەکانی توندوتیـژی لـە دژی ئافرەتـان‌و، لاوازی بەشـداریان لـە ناوەنـدەکانی بڕیـار‌و هـەبوونی یاسـای نابەرابـەر دەرهەقیان. کۆنگرەی حزبمان داوادەکات ماددەی 41 ی دەستووری عێراقی فدراڵ هەمواربکرێ. هەروەها پشتیوانی لـە سـەرجەم ئـەو هەوڵانـە دەکات کە ئامانجیانە یاسای باری کەسێتی بە شـێوەیەکی دیموکراسـی پێـشکەوتنخوازانە هـەمواربکرێ‌و، هاوکـاتی ئـەو هەوڵانـەی داواکـارن یاسایەك بۆ رووبەرووبونەوی توندوتیژی دژ بە ژنان، دابڕێژرێ. کۆنگرە جەختی لێدەکاتەوە کە کێشەی ژنـان یەکێکـە لـە کێـشە بنەڕەتییـەکانی تێکۆشانی شیوعییەکان‌و کێشەیەکی پلە یەکی کاری حزبەو، پێویستە سەرجەم رێکخراوەکانی حزب داکۆکی لەو کێشە رەوایە بکـەن‌و، بایـەخ بە کاری حزبی‌و دیموکراسی لە نێو ئافرەتاندا بدەن. لـەم روانگەیەشـەوە حزبمـان پاڵپـشتی لـە هەوڵـە بێوچـانەکانی ئـەو رێکخـراوە دیموکراسـی‌و پێشکەوتنخوازانەی ئافرەتان دەکات کە لە کاری رۆژانەیان هەوڵ لە پێناو چارەسەرکردنی کێشە رەواکانیان، دەدەن. هەروەها حزبمان پشتیوانی

لە تێکۆشانی لاوانی کوردستانو عێراق دەکات لە پێناوی باشترکردنی بارودۆخیان لە بوارە جیاجیاکاندا و، بە پێویستیشی دەزانێ کە میکانیزمی گونجاو لە لایەن حکومەتەوە دابینبکرێ بەمەبەستی کاراکردنی بەشداری لاوان لە ژیانی گشتیو پرۆسەی بنیاتنانو پێشکەوتندا.

**بڕیاری هاوکاری لەگەڵ تێکۆشانی گەلی کوردستان لەو هەرێمانەی کە تێدا دەژین لە وڵاتانی هاوسێ**

کۆنگرەی چوارەمی حزبمان لە گەڵ تێکۆشانی بێووچانی گەلی کوردستانمان لە هەرێمە جیاجیاکانی کوردستاندا لە پێناو وەدەستهێنانی مافە رەواکانی، هاوکارە. کۆنگرە وایدەبینێ کە مۆرکی گشتی ئەم تێکۆشانە مۆرکێکی دیموکراسی رزگاریخوازانەیەو، پێویستی بە پشتیوانی سەرجەم هێزە خێرخوازەکانو تەواوی ئەو هێزانە هەیە، کە داکۆکی لە دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ دەکەن، بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەی دیموکراسی ئاشتیخوازانەی عادیل کە بەشداردەبێ لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەو، کار بۆ دابینکردنی ئاشتیو ئاسایشی هەمیشەیی لە ناوچەکەدا، دەکات. حزبمان لەم بوارەدا تایبەتمەندییەکانی هەر هەرێمێك لە هەرێمەکانی کوردستان رەچاودەکات کە کاریگەری هەیە بەسەر شێوەکانی تێکۆشانو هەڵبژاردنی دروشمەکانو، چارەسەرە بەردەستەکان.

حزبمان لەوکاتەدا کە جەخت لە زەروورەتی پاراستنی سەروەری عێراقو رێزگرتنی رێبژاری (خیار)گەلی کوردستان لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەکاتەوەو، پشتیوانی لە هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکا لە بوونی پەیوەندی باش لەگەڵ دراوسێکاندا و، دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی ئەوانیتر، لە هەمان کاتیشدا داوا لە سەرجەم ئەو وڵاتانانە دەکات کە گەلی کوردستان تێیاندا پێکهاتەیەکی بنەڕەتییە، سەرجەم کێشەکان لە رێگەی دیالۆگو رێگاچارەی ئاشتیانەی دیموکراسی چارەسەربکرێنو دان بە مافە رەواکانی گەلی کوردستان بنێن.

**بڕیاری هاوکاری لە گەڵ تێکۆشانی گەلانی ناوچەکەو سەرجەم جیهانو هێزە دیموکراسیو چەپەکان**

کۆنگرەی چوارەمی حزبمان هاوکارە لەگەڵ تێکۆشانی گەلانی ناوچەکەو سەرجەم جیهانو، تێکۆشانی ئەو هێزە چەپو دیموکراسییە پێشکەوتنخوازانەی لە پێناو دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ و سەقامگیرکردنی بەهاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، تێدەکۆشن. هەروەها هاودەنگە لە گەڵ تێکۆشانی گەلی عەرەبی فەلەستین لە پێناو وەدەستهێنانی مافەکانیو بنیاتنانی دەوڵەتی نیشتمانی سەربەخۆی خۆی. لەو کاتەیدا کە حزبمان هەمەرەنگی شێوازەکانی تێکۆشانی نیشتمانی رزگاریخوازانە لە بەرچاودەگرێت بە زەروورەتی دەزانێ کە کاربکرێ بۆ دەستەبەرکردنی رای گشتی نێودەوڵەتیو بایەخدان بە تێکۆشانی جەماوەری لە پێناو بەدیهێنانی ئەم ئاراستەیە کە دەبێتە هۆکارێکی گوشار بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەی ئاشتیخوازانەی عادیل.

**سڵاو بۆ سەرجەم هێزە چەپە دیموکراتییەکانو شیوعییەکان**

کۆنگرەی چوارەمی حزبمان سڵاوی تێکۆشان ئاراستەی سەرجەم هێزە چەپە دیموکراتییەکانو شیوعییەکان دەکاو، پیرۆزباییش لە سەرجەم سەرکەوتنە وەدیهاتووەکانی ئەم بوارە دەکات، لەوانەش دەستەبەرکردنی پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری قوبرس لە لایەن هاوڕێیەکەوە لە حزبی ئەکیل. هەروەها کۆنگرە سڵاو ئاراستەی ئەو سەرکەوتنانە دەکات کە هێزەکانی چەپ لە ئەمریکای لاتیندا وەدەستیانهێنان. حزبمان جەخت لە زەروورەتی ئاڵوگۆڕکردنی شارەزاییو بایەخدان بە هەڵمەتەکانی هاوکای دەکاتەوەو، داواکارە لە روانگەی چوونیەك نەبوونەوە، کاری هاوبەش ئەنجامبدرێو تایبەتمەندییەکان رەچاوبکرێن. هەروەها کۆنگرە داوا لەو هێزانە دەکات کە لە گەڵ تێکۆشانی گەلی عێراق لە پێناوی گەڕانەوەی سەروەری تەواوی نیشتمانیو وەدەرنانی تیرۆر و بنیاتنانی دەوڵەتێکی دیموکراسی، هاوکاربن.

**سڵاو بۆ خانەوادەی شەهیدانو ئەنفالکراوەکان**

کۆنگرەی چوارەمی حزبی شیوعی کوردستان سڵاو ئاراستەی خانەوادەی شەهیدانی حزبو بزاڤی رزگاریخوازانەی کوردستانو شەهیدانی بزاڤی نیشتمانیو دیموکراسی عێراقو، خانەوادەی سەرجەم ئەو شەهیدانەی لە کاتی تێکۆشانیان لە دژی دیکتاتۆریەتو سەرکوتکردنو ستەمو تیرۆردا گیانیان بەختکرد، دەکات. ئەو دەستکەوتانەی لەسەر رێگای دیموکراسیو فدراڵیو پێشکەوتندا هاتوونەتەدی بەری رەنجی تێکۆشانو قوربانیدانی شەهیدانو بەخشندەیی خانەوادەکانیانن .کۆنگرە وایدەبینێ کە وەفاداری بۆ خانەوادەی شەهیدانو دابینکردنی پێداویستییەکانیان بەو شێوەیەی کە ژیانێکی بەختەوەرانەیان بۆ دابینبکرێت پێویستی بە هەڵوەستەی جیدی هەموو هێزە سیاسییەکان هەیە، بەمەبەستی یەکخستنی هەوڵەکان لە پێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بەرزانەی کە شەهیدان لە پێناویدا خۆیان بەختکرد. لە هەمان کاتدا کۆنگرە سڵاو ئاراستەی خانەوادەی ئەنفالکراوەکان دەکات کە قوربانیانی دیکتاتۆریەتو سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادیو کۆکوژی بوونو، داوا لە حکومەتی فدراڵ دەکات کە بگەڕێن بەدوای دۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانو تەرمی قوربانییە ستەملێکراوەکانیش بگوازرێتەوە ناوچە

ڕەسەنەکانی خۆیان. هەروەها جەختی لێدەکاتەوە کە بایەخی پێویست بدرێ بە خانەوادەی قوربانیانو پێداویستییەکانی ژیانێکی بەختەوەرانەیان بۆ دابینبکرێ، کە شایستە بەوان بێو، بە شێوەیەکی عادیلانەش قەرەبووبکرێن.

## سڵاو بۆ پارێزەرانی کۆنگرەو پێشمەرگەی دێرین و زیندانە سیاسییەکان

کۆنگرەی چوارەمی حزبمان سڵاو ئاراستەی ئەو پێشمەرگە دێرینانە دەکا کەلە پێشمەرگایەتیدا داستانی قارەمانانەیان تۆمارکرد، بە تایبەتیش ئەو پێشمەرگە شیوعییانەی نموونەی قارەمانێتیو قوربانیدانو خۆنەویستی بوون. هەروەها سڵاو ئاراستەی هەموو زیندانە سیاسییەکان دەکا وێڕای هەمەڕەنگیو جیاوازی پێشینەی سیاسیو فیکریان، لەوانەی خۆراگربوون لە زیندانەکانی دیکتاتۆریەت بە تایبەتیش تێکۆشەرە شیوعییەکان کە پەنجەرە داخراوەکانی زیندان، ژوورەکانی لێکۆڵینەوەی نهێنیو، ژێرزەمینە تاریکەکان، نەیانتوانی ڕێگەی خەون بە ئازادیو سەرکەوتن بە سەر دیکتاتۆریەتیان، لێبگرن.

هەروەها کۆنگرە سڵاو ئاراستەی هاوڕێیانی کارگێڕو پارێزەرانی کۆنگرەو، هێزەکانی ئاسایشی حکومەت دەکات کە بە درێژایی ڕۆژەکانی کۆنگرە هەوڵی سەختیان گرتە ئەستۆ.

## سڵاوی سوپاس و ڕێز بۆ حزبە سیاسییەکان و کەسایەتییە زانستییو ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان

کۆنگرەی چوارەمی حزبمان سڵاوی سوپاسو ڕێز ئاراستەی سەرجەم حزبە سیاسییەکانی کوردستانو عێراق دەکات کە بەر لە بەستنی کۆنگرەکە تێبینیو سەرنجەکانی خۆیان لە بارەی بەڵگەنامەکانی کۆنگرە بۆ ناردینو، لەکاتی کۆنگرەکەشدا سڵاونامەی هاوکاریو پتەوکردنی پەیوەندییەکانی تێکۆشانی مێژووییان بۆ ڕەوانەکردین، ئەو پەیوەندییانەی کە لە میانی تێکۆشاندا بەدیهاتووەو بە خوێنی شەهیدان نەخشاوە.

کۆنگرە بەهەمان شێوە سڵاو ئاراستەی کەسایەتییە زانستیو ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتییەکان دەکا، لەوانەی بەشداربوون لە کارەکانی کۆنگرەو تێبینی پڕبایەخیان داینێ کە بوونە مایەی دەوڵەمەندکردنی گفتوگۆکانو بەڵگەنامەکان.